WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8 18ی گەلاوێژی 2714 (750) دینار


بەدوای قەرزە کۆنەکانیەوەیە

## کۆمپانیا و بانکەکان چوار ملیار دۆلاری حکومەتیان لەلایە



**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 4 تریلیۆن و 955 ملیار دیناری وەک قەرز داوەتە بانکەکان و وەزیری داراییش لیژنەیەک بۆ وەرگرتنەوەو بەدواداچوونی ئەو قەرزانە پێکدێنێت.

ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە لیژنەیەکی حەوت کەسی وەزارەتەکەی دەکات تاوەکو 2014/9/30 بە ڕاپۆرتێک وردەکاری قەرزەکانی حکومەتی لەسەر بانک و کۆمپانیاکان پێبدەن.

بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان یەک تریلیۆن و 405 ملیار دیناری داوەتە بانکە بازرگانییەکان. هەروەها 3 تریلیۆن و 500 ملیار دیناریشی بە بانکە پسپۆڕییەکان داوەو بانکەکانیش ئەو پارەیان داوەتە کۆمپانیاکانی کوردستان، ئەو قەرزە زیاترە لە 4 ملیار و 100 ملیۆن دۆلار، ئەوە لەکاتێکدایە حکومەت بە دۆخێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت.

« 5



### دەستگیرکراوە هەرزەکارەکەی داعش بۆ (ڕووداو) دەدوێ

2

نەرمین عوسمان:

### شنگال پێویستی بە ئازادکردن هەیە نەک دروستکردنی کانتۆن

7

### شۆخێکی کورد دەیەوێ شاجوانی 32 وڵات بێت

11



زۆربەی فەرماندەکانی هەولێر و دهۆک دەگرێتەوە

# بارزانی فەرماندە باڵاکان لادەدات

« 3



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)




رووداو

ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8




## گەشتی حاجییانی کوردستان دواخرا

**رووداو-هەولێر**

سەفەری حاجییانی باشووری کوردستان، کە بڕیار بوو ئەمڕۆ دووشەممە 8ی ئەیلوول ئەنجام بدرێت، بۆ چەند رۆژێکی دیکە دواخرا. مەریوان نەقشبەندی، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "دەستەی حەجی عێراق پێیان راگەیاندووین رێوشوێنی حاجییان و گرێبەستی بە کرێگرتنی شوێنی مانەوەیان لەشاری مەدینە لە سعودییە تەواونەبووە، لەبەر ئەوە سەفەرەکەیان بۆ چەند رۆژێک دوادەکەوێ، پێشبینیکرد لە 11ی ئەم مانگە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بەرەو مەدینەی عەرەبستانی سعودییە بەرێ بکرێن".



### دەستگیرکراوە هەرزەکارەکەی داعش بۆ (رووداو) دەدوێ:

# ئەمیرەکەم گوتی بەهەشت بەنسیبی تۆ بوو

**هیوا حوسامەددین**
**رووداو- خورماتوو**

تەمەنی تەنیا 17 ساڵە و رەنگە منداڵترین چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، ناسراو بە (داعش) بێت. کاری ئەم مێرمنداڵە دروستکردن و چاندنی بۆمب بووە، دواتریش بووەتە شەڕڤان و بەشداری چەند شەڕێکی لە دژی پێشمەرگە و سوپای عێراق کردووە بەرلەوەی بە کامیۆنێکی بۆمڕێژکراوەوە لەناو قەزای خورماتوو دەستگیر بکرێ.

موعتەز زەمیل لە دایکبووی ساڵی 1997ی گوندی (حەفریە)ی نزیک شارۆچکەی خورماتووە. پێنج برا و خوشکێکی هەیە و لە شارەدێی سلێمان بەگ بۆ ماوەی دوو هەفتە لەدژی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕدەکات. پاشان بە کامیۆنێکی بۆمبڕێژکراوەوە رەوانەی ناو شارۆچکەی خورماتوو دەکرێ بۆئەوەی بۆ رۆژی دواتر لەوێ بیتەقێنێتەوە، بەڵام شەوی پێش وادەی تەقینەوەکە، پیلانەکەی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە کەشف دەکرێ.

موعتەز لەناو گرتووخانەوە تەواوی چیرۆکی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە.

موعتەز دەڵێت "ئەمیرێکی دەوڵەتی ئیسلامی هاتە گوندەکەی ئێمە و بانگەوازی کرد بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ببنە شۆڕشگێڕ بۆ پاراستنی دەوڵەتی ئیسلامی و منیش چوومە ئەو مزگەوتەی ئەمیرەکەی لێبوو، لەوێ زانیم کە ناوی (ئەبو تیبە)یە، من و خەڵکی گوندەکە گوێمان بۆ گرت، باسی بەهەشتی بۆ کردین کە ژیانێکی جیاوازە لەم ژیانە و حۆرییەکان لێت دەئاڵێن و دونیایەکت نیشان دەدەن کە وەسفکردنی مەحاڵە و تاکە رێگاش بۆ ئەو بەهەشتە جیهادکردنە لە دژی سوپای سەفەوی (سوپای عێراق) و هەڵگەڕاوەکان (پێشمەرگە)، منیش پەیوەندیم پێوە کردن و چووینە ئەو دەشتە، ماوەی دوو هەفتە بە کلاشینکۆف و دواتریش بە قەناس و دۆشکە تەقەمان کرد".

موعتەز دەڵێت هیچ زانیارییەکی لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە "لەگەڵ هاوڕێکانم ماوەی کەمتر لە مانگێک تەواوی وانەکانمان وەرگرت کە بریتی بوون لە شاردنەوەی نهێنی و جیهادکردن و قوربانیدان لە پێناوی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی و لەناوبردنی ئەوانەی بڕوایان بە دەوڵەتی ئیسلامی نییە و رەحمنەکردن بەوانەی کە ئەشکەنجەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییان داوە".

موعتەز لەگەڵ زیاتر لە 20 گەنجی دیکەی هاوتەمەنی و 60 پیاوی گوندەکەیان هێزێک لەناوچەی سلێمان بەگ دروست دەکەن، بەڵام دەڵێت "لەنێو هەموویاندا ئەمیرەکەمان وەعدی بەمن دا کە بچمە بەهەشت".

لەنێو خانەوادەکەی خۆیدا تەنیا ئەم پەیوەندی بە داعشەوە دەکات، ئەم پێش ئەوەش هەر نوێژی کردووە و سەردانی مزگەوتی کردووە. دەڵێت کاتێک ویستوویەتی قەناعەت بە ئەندامانی خێزانەکەی بهێنێ بۆ جیهادکردن، دوو رۆژ لە ژوورێکدا بەندیان کردووە و دەرگایان لەسەر داخستووە، بەڵام دواتر هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە لای ئەبو تیبە.

داعش سوودی زۆری لە موعتەز وەرگرتووە. لەبەرئەوەی قوتابی پۆلی نۆی زانستی بووە، خراوەتە ناو خولێکی دروستکردنی بۆمب. خولەکە لە ماڵێکی نێو شارەدێی سلێمان بەگ-دا بووە کە لەژێر کۆنترۆڵی داعش بوو. لەوێ لەگەڵ سێ کەسی دیکە دایدەنێن بۆئەوەی بۆمبی چێنراویان بۆ دروست بکەن. موعتەز دەڵێت لە ماوەی 14 رۆژدا 84 بۆمبی چێنراوی دروستکردووە.

ئەو گەنجە لەبارەی چۆنێتی دروستکردنی ئەو بۆمبانە دەڵێت "پاسەوانی ئەمیرەکەمان ماددەی (c4) ی دەهێنا و ئێمەش لە ئاسن بۆڕییەکمان لە شێوەی گوللە تۆپ دروستدەکرد و ئەو ماددەیەمان تێدەکرد، کاری من پەستانەوە و دەرکردنی وایەرەکانی بوو، دواتر من و هاوڕێکانم لە رێگای سەرەکی بەغدا- خورماتوو داماندەنا و چەند جارێکیش بە هێزە ئەمنیەکانمدا تەقاندووەتەوە، لەبەرئەوەی کۆنترۆڵەکەی لەدەستی من بوو کە بە مۆبایلەوە بەستبوومان. لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژەکان ئەرک و کاری موعتەز دەگۆڕا لەبەرئەوەی زیاتر شارەزایی پەیدا دەکرد. موعتەز دەڵێت "لەم دواییەدا کە بۆردومانی سەر سلێمان بەگ دەستیپێکرد، منیش دەستم دایە چەک و تەقەیەکی زۆرم کرد، بەڵام هەر بۆ بەرگریکردن بوو لە خۆمان".



رۆژێک ئەمیرەکەی دێت و دەڵێت "موعتەز ئەرکێکت پێ سپێردراوە کە من بە ئاواتی ئەوە بووم ئەو ئەرکە بە من بسپێرن، بەڵام وا دیارە بەهەشت بە نسیبی تۆ بووە".


موعتەز دەڵێت "گوتم ئەرکەکە چییە؟ گوتی کامیۆنێکمان بۆ رەوانە کردووی بۆ ناو شارۆچکەی خورماتوو، تۆ بڕۆ و لەوێوە بیبە بۆ بەردەم مزگەوتی (شەهید تاهیر)". موعتەز خواحافیزی لە گرووپەکەی دەکات و دێتە ناو خورماتوو. دەڵێت "بە ئاراستەی شوێنی دیاریکراو رۆیشتم، لە هەندێک گەنجم پرسی ئەم گەڕەکە ناوی چییە، گوتیان گەڕەکی جەمیلە، منیش پەیوەندیم بە ئەمیرەکەوە کرد و ناوی گەڕەکەکەم پێگوت، گوتی هێشتا بڕۆ، تا ئەوکات هیچ شتێکم نەخواردبوو تەنیا بوتڵێک ئاو نەبێت کە ئەمیرەکەم پێیدام، رۆیشتم تا گەیشتمە ئەو ماڵەی کە کامیۆنەکەیان بۆ بردبوو".

بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەمیرەکەی 250 دۆلاری دەداتێ، دڵنیاشی دەکاتەوە کە دەستبەجێ دەگاتە بەهەشت. ئەو دەڵێت دوای ئەوەی دەستگیرکراوە، ئینجا زانیویەتی کە کامیۆنەکە 300 کیلۆگرام TNT تێدابووە. هەمان ئەو شەوەی کە ئەم لەو ماڵە دەبێت، ئاسایش گومان لە کامیۆنەکە دەکەن کە لە کۆڵانێک راگیراوە، دوای پشکنین بۆیان دەردەکەوێ کە بۆمبڕێژە، دەستبەجێ دەست بە پووچەڵکردنەوەی دەکەن و تا بەیانی چاودێریی دەخەنە سەر. بۆ بەیانی کە موعتەز کامیۆنەکە بەرەو شوێنی دیاریکراو لێدەخوڕێ، ئاسایش دێنە سەر رێی، هەوڵدەدات کامیۆنەکە بتەقێنێتەوە، بەڵام ناتەقێتەوە. ئاسایش بە کامیۆنەکەوە ئاراستەی دەکەن بەرەو دەرەوەی شار، لەوێ کامیۆنەکە فڕێدەدەنە شیوێکەوە، بەڵام هەر ناتەقێتەوە.

موعتەز ئێستا لە گرتووخانەوە دەڵێت "زۆر پەشیمانم لەو کارانەی کردوومن، ئەگەر ئازاد بکرێم دەگەڕێمەوە قوتابخانە". تائێستاش هیچ یەکێک لە کەسوکاری ئەو گەنجە هەواڵیان نەپرسیوە.

---

# دەستگیرکراوێکی جیهادی باسی بیانییەکانی ناو داعش دەکات



هۆڕ جافر

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ پیرۆنتی**
**رووداو- بەرشلۆنە**

ئەندامێکی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" کە بە زیندوویی دەستگیرکراوە لەکاتی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی پێشمەرگە لە جەلەولا، باسی ژمارەی چەکدارە بیانییەکانی ناو داعش دەکات و دەڵێت ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمریکا و سەرتاسەری جیهان لە سووریا جیهاد دەکەن.

هۆڕ جافری، تەمەن 23 ساڵ کە چیچانییە، لە نەخۆشخانەیەکی سلێمانییەوە لەژێر چاودێریی توندی ئاسایشدا قسەی بۆ ئاژانسی هەواڵی سکای نیوزی بەریتانی کرد و رایگەیاند کە سوپاکەی داعش لە خەڵکی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی سەرتاسەری جیهان پێکهاتووە "لەنێویاندا بەریتانی هەیە.. لە وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمریکاوە هاتوون.. لە هەموو شوێنێکەوە".

تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکەی جافری بووە هۆی کوژرانی چوار کەس و برینداربوونی چەند کەسێکی دیکە.

دەربارەی هێرشە خۆکوژییەکە، ئەو چەکدارەی داعش بە ئاژانسی سکای نیوزی گوت "پێیان نەگوتم کە چی دەکەم.. تەنیا پەنجە بنێم بە دوگمەکەدا".

سکای نیوز دەڵێت ئەو گەنجە دانی بەوەدا ناوە کە پاش ئەوەی باوک و دایک و شەش لە ئەندامانی خێزانەکەی لەوێ کوژراون، پەیوەندی بە "داعش"ەوە کردووە لە سووریا. خێزانەکەی جافری لە چیچانەوە چوونەتە پاکستان و لەوێشەوە بۆ سووریا.

بەرپرسە کوردەکان لەوباوەڕەدان ئەو گەنجە لە خێزانێکی جیهادییەوە هاتووە کە چوونەتە چەندین شوێنی جیهان بۆ جیهادکردن.

دەستگیرکراوەکەی داعش کە بە رووسی قسەدەکات، لە نەخۆشخانەکەوە گوتی کە ویستوویەتی شەهید بێت پاش ئەوەی تەواوی خێزانەکەی کوژراون. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە زانیاریی زۆر کەمی هەبووە لەبارەی ئەوەی داعش لە سووریا چی دەکات. بۆ نموونە ئەو نەیزانیوە کە داعش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە لەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوون لە سووریا و عێراق.

پاش زیاتر لە دوو ساڵ شەڕکردن لە سووریا، مانگی حوزەیرانی رابردوو داعش شەڕەکەی هێنایە عێراق و چەکدارەکانی لە سنوورەکانی سووریاوە ئاودیوی عێراق بوون.

باڤێل تاڵەبانی، کە لەدایکبووی بەریتانیایە و دامەزرێنەری هێزی دژەتیرۆرە لە کوردستان، بە سکای نیوزی گوت کە ئەوەی لە عێراق و سووریا روودەدات "سوپەر تیرۆرە" و ناوچەکە بووەتە "بەرەکانی پێشەوە"ی شەڕ لەدژی تیرۆر.

گوتیشی: "ئەگەر لێرە نەیانوەستێنین دێنە رۆژئاوا بۆ بەریتانیا و ئەورووپا و ئەمریکاش. پێویستە بەریان لێبگیرێ".

ئەو گوتی کە "هێزە تایبەتەکان چەک و پێداویستی باشیان هەیە، بەڵام چەکی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران عێراق لەکاتێکدا ئەوان شەڕی گرووپێکی پڕ چەکی پێشکەوتوو دەکەن و سەرچاوەی داراییان زۆر باشە".

داعش ئەو چەکانە بەکاردەهێنێ کە لە سوپای عێراقی گرتوون لەکاتی کۆنترۆڵکردنی پارێزگای موسڵ لە مانگی حوزەیرانی رابردوو. پێشمەرگە تەنیا هێزی ناوچەکەیە کە توانای رووبەڕووبوونەوەی داعشی هەبێت.

لە مانگی حوزەیرانەوە، داعش توانیویەتی سێیەکی ناوچەکانی باکووری عێراق لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان داگیربکات.

بەم دواییە کورد چەک و پێداویستی سەربازییان لە رۆژئاواوە پێگەیشت، بەڵام هێشتا دیار نییە ئاخۆ چەکی زیاتر راستەوخۆ یان لە رێگەی حکومەتی ناوەندییەوە دەگاتە دەست پێشمەرگە.

بەرپرسانی کورد دەڵێن ئەو چەکانەی بۆ پێشمەرگە دەنێردرێن ئەگەر لەڕێگەی حکومەتی ناوەندییەوە بێت ناگاتە دەستیان.

مانگی رابردوو ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەستی بە هێرشی ئاسمانی کرد بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش، وەک هەوڵێک بۆ پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق.

حکومەتی ئیسپانیا لەلای خۆیەوە داوای هاوکاری لە ئیمامی مزگەوتەکانی وڵاتەکەی کردووە بۆئەوەی گەنجان لە توندڕەوی دووربخەنەوە. ئیسپانیا دەڵێ تائێستا 51 کەس لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی چوونەتە سووریا و عێراق بۆ شەڕکردن.

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8



## هەڵەبجەییەکان گلەییان هەیە

**رووداو- هەڵەبجە**

هەڵەبجەییەکان گلەییان هەیە کە وەفدی دانوستاندنکاری کورد لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا باس لە پەسەندکردنی بڕیاری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە ناکرێت و ئەم کاتانە بە دەرفەتێکی باش دەزانن بۆ پەسەندکردنی بڕیارەکانی کورد، لوقمان عەبدولقادر، گوتەبێژی ئەنجوومەنی کاراکردنی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە بۆ (رووداو) گوتی "دەکرا یەکێک لە مەرجەکانی شاندی دانوستاندنکاری کورد ئەوە بێت ئەو بڕیارە لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە دانی پێدا بنرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و هەڵەبجە ببێتە یەکێک لە پارێزگاکانی عێراق بەفەرمی".

### کۆبوونەوەیان لەگەڵ پارتی بێ ئەنجام بوو

# PKK ئامادە نییە لالش چۆڵ بکات

**ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی:**
**با PKK وا نەکات هێزێکی بێگانە تەدەخول بکات**

**ڕاوێژکارێکی باڵای کوردی ئێزدی:**
**پێویستمان بە PKK نییە**

**سەرکردەیەکی PKK:**
**بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتی لەوێین**

**عوبەید ڕەشاڤەیی**
**رووداو — دهۆک**

پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشداری دەداتە PKK کە لەنێو پەرستگەی لالش و دەوروبەری بکشێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر ئەوان (واتە PKK) ئەوەندە بەهێزن، با بچن گوندی جەمیل بایک رزگار بکەن". نزیکەی 20 رۆژە 200 گەریلای PKK گەیشتوونەتە چیای زهێرا ی نزیک پەرستگەی لالش کە ئێستا بە سەدان خێزانی کوردی ئێزدیی خەڵکی باشیک و بەحزان و شنگال و ناوچەکانی دیکە تێیدا نیشتەجێن.

پارتی کە لەو ناوچەیە باڵادەستە، نیگەرانیی خۆی لە جێگیربوونی هێزەکانی PKK لەو ناوچەیە نەشاردووەتەوە. عەلی عەونی، بەرپرسی لقی شێخانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "پێش دوو هەفتە شاندێکی لق و جڤاتی رۆحانیی ئێزدییان لەگەڵ چەند چەکدارانی PKK کە لەو چیایە نیشتەجێن و هاتوچۆ دەکەن، کۆبووینەتەوە و پەیامی فەرمی پارتیمان پێڕاگەیاندن کە دەبێ بکشێنەوە و بچنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون".

عەلی عەونی رەخنەی توند لە هەڵسوکەوتی ئەو چەکدارانە دەگرێ و دەڵێت: "تەنانەت پێمان راگەیاندوون کە ئێوە مەرغووب نین لەلای خەڵک و دەبێ ئەم دەڤەرە چۆڵ بکەن، پێویستیشمان بە ئێوە نییە و هەزار ساڵە لالش پارێزراوە". ئەو گوتیشی: "پێش کوردە ئێزدییەکان، موسڵمانان و خەڵکی ناوچەکە ئامادەن پەرستگەی لالش بپارێزن".

پەرستگەی لالش تەنیا 5 کیلۆمەتر لە باکووری ناوەندی قەزای شێخانەوە دوورە. کوردە ئێزدییەکان ئەوێ بە "حەج"ی خۆیان دەزانن. هەروەها گۆڕی کەسایەتییەکی پیرۆزی ئێزدییەکان بەناوی "شێخ هادی"یش لەو پەرستگەیەیە.

گەریلاکانی PKK بۆ چەندینجار لە چیایەکەوە هاتوونەتە نێو پەرستگەی لالش و تێکەڵی خەڵکی ئەوێ دەبن، بەڵام وەک هەندێ خەڵکی ئەوێ بە (رووداو)یان گوت، بەرپرسانی پەرستگەکە بە گەریلاکانی PKK یان گوتووە کە "لالش ئارامە و هیچ مەترسیشی لەسەر نییە و پێویستیمان بە ئێوە نییە".

دەرمان رەشۆ، بەرپرسی پاسەوانانی پەرستگەی لالش بۆ (رووداو)ی ئاشکرا کرد کە لەسەر جێگیربوونی گەریلاکانی PKK لە دەوروبەری لالش، ریشسپی و خزمەتکارانی پەرستگەکە لەگەڵ بەرپرسانی PKK کۆبوونەتەوە: "ئەوان 12 کەس بوون و بەرپرسیان پیاوێکی تەمەن 40 ساڵی بوو بەناوی (سینان). یەکێک لە دەستەکانی تەنیا یەک پەنجەی مابوو، دەیگوت ئێمە بە هەماهەنگی و رێککەوتن لەگەڵ پارتی لێرەین"، بەڵام "پێمگوت هیچ هەماهەنگیتان نییە و ئێستا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی قسەمان کردووە".

دەرمان رەشۆ زیاتر باسی کۆبوونەوەی خۆیان دەکات لەگەڵ گەریلاکانی PKK و دەڵێ "بە ئێمەیان راگەیاند: تەنیا هاتووین بۆئەوەی سەردانێکی ئەم خەڵکە بکەین و خەڵک بمانبینێت و ئێمەش خەڵکی خۆمان ببینین و دواتر دەگەڕێینەوە". لەسەر ئەو رووداوە گەریلاکانی PKK ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەک بۆ (رووداو) بدرکێنن.

ئەندامەکەی سەرکردایەتی پارتیش پێیوایە "دەبێ PKK حورمەتی سەروەریی خاکی باشووری کوردستان بپارێزێ و ئەگەر زۆر خەمی لالشیانە و یان زۆر بەهێزن، با بچن گوندی بەڕێز جەمیل بایک رزگار بکەن". جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستانێ KCK، لە ساڵی 1951 لە ناوچەی ئەلعەزیز لە باکووری کوردستان لەدایک بووە. لە 30ی حوزەیرانی ساڵی 2013، لە نۆیەمین کۆنگرەی کۆما جڤاکێن کوردستانێدا بە هاوبەشی لەگەڵ بەسێ هۆزات بوونەتە هاوسەرۆکی KCK و پێکەوە PKK بەڕێوەدەبەن.

لەدوای رووداوەکانی شنگال لە 3/8/2014، هێزەکانی PKK و YPG بە بیانووی پاراستنی کوردی ئێزدی، چیای شنگالیان کۆنترۆڵ کردووە و دەستیان بە چەکدارکردنی ژمارەیەک گەنجی ئێزدیش کردووە بۆئەوەی لە ریزەکانی ئەواندا شەڕبکەن.

یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەگەڵ PKK ئاشکرای کرد: "بە ئاگاداریی مەسعود بارزانی و دوای راوێژکردن لەگەڵ سیداد بارزانی، زۆر بەڕوونی پەیامی سەرکردایەتیی پارتیمان بە PKK راگەیاند کە دەبێ لالش چۆڵ بکەن و دووربکەونەوە. تەنانەت بە PKK مان گوت میری ئێزدییان (تەحسین بەگ)یش ئاگای لە هاتنی ئێوە نییە و ئەسڵەن پێویستمان پێتان نییە". ئەو کەسە بەشدارەی کۆبوونەوەکە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "دوای گەیاندنی پەیامەکەش، چەکدارانی PKK هەر لە شوێنی خۆیانن و پارتیش بەم رەفتارە زۆر نارەحەتە". عەلی عەونی، ئەو پێداگیرییەی گەریلاکان لەسەر مانەوەیان لەو ناوچەیە بە "فیتنەگێڕی" ناودەبات و دەڵێت: "با هاتنی PKK نەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزێکی بێگانە تەدەخول بکات".



(فۆتۆ: AFP)

# بارزانی فەرماندە باڵاکانی دهۆک و هەولێر دەگۆڕێت

**عەزیز وەیسی و عەبدولڕەحمان کەورینی زۆرترین قسەیان لەسەرە کە لابدرێن**

**عەزیز وەیسی، فەرماندەی گشتیی زێرەڤانی: ئاگام لەو بڕیارە نییە**

**عەبدولڕەحمان کەورینی، فەرماندەی هێزەکانی سپیلک: بەرزتر دەکرێمەوە**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو — دهۆک**

بەپێی فەرمانێکی مەسعود بارزانی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریی گەورە لەنێو فەرماندە باڵاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکرێ ولەپێشەوەش عەزیز وەیسی بانی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی زێرەڤانی، دەگۆڕدرێت.

رووداوەکانی شنگال تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، بەڵام ئەنجامی ئەو رووداوانە گران وەستا لەسەریان و بووەتە هۆی دەرچوونی بڕیار بۆ گۆڕینی چەندینفەرماندەی باڵای پێشمەرگە. سەرچاوەیەکی باڵا لە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو)ی ئاشکراکرد کە بەپێی فەرمانی مەسعود بارزانی لێژنەیەکی باڵایلێکۆڵینەوە پێکدێت لە سێ کەس، ئەویش "حاکمێک، کە بەڕاستی حوکم دەکات و تەواوی دەسەڵاتەکانی هەیە، هەروەها نوێنەری بارزانی و نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی لەشکری کوردستان (فەلەک)ی تێدایە". ئەو سەرچاوەیە باڵایە، کە ئاگاداری وردەکاریی گۆڕانکاری و سزادانی ئەفسەرە باڵاکانی نێو هێزی پێشمەرگەیە، کە بوونەتە هۆی شکستی پێشمەرگە بەرامبەر چەکدارانی گرووپیدەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) لە ناوچەی شنگال و زوممار، دەڵێت: "هەندێک گۆڕانکاری و لادانی فەرماندە سەربازییەکان دەستیپێکردووە و هەندێکی دیکەش بەمنزیکانەدەستپێدەکات". ئەو گوتیشی: "ئەوەی ئێمە ئاگاداربین، بڕیاروایە عەزیز وەیسی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی زێرەڤانی دەگۆڕدرێ". چونکە، وەک ئەو سەرچاوەیە گوتی، "بەشێکی هەرەزۆری ئەو هێزەی شکستی هێنا لەو شەڕەدا سەر بە زێرەڤانی بووە". بەڵام عەزیز وەیسی بۆ (رووداو) بێئاگایی خۆی لەو بڕیارە دەربڕی و رایگەیاند: "تاوەکو ئێستا کەس لەوبارەیەوەلەگەڵ من قسەینەکردووە و ئاگاداری ئەو هەواڵانەش نیم".

تاوەکو ئێستا بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە کراون، سەرەتا سەعید کێستەیی، فەرماندەی سوپای یەکی زێرەڤانی لادراوە و پێشنیازکراوە سمێ بۆسەڵی، فەرماندەی هێزی 18، سەر بەسوپای یەک لە شوێنی سەعید کێستەیی دابنرێت. بەرپرسە باڵاکەی وەزارەتی پێشمەرگە لەوبارەیەوە گوتی: "راستە پێشنیازکراوە سمێ بۆسەڵی ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵام تاوەکو ئێستانەبووەتە بڕیاری فەرمی". سمێ بۆسەڵیش بە (رووداو)ی راگەیاند: "تاوەکو ئێستا هیچ قسەیەکی فەرمی لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ من نەکراوە. راستە لێرە و لەوێ قسەکراوە، بەڵام خۆمبەدوای پۆستدا ناگەڕێم". سمێ بۆسەڵی، دوای رووداوەکانی شنگال، وەک کوردێکی ئێزدیی خەڵکی شنگال و دەوروبەری رووی لە چیای شنگال کرد و هەر لەوێ مایەوە، بەڵام فەرماندە سەربازییەکانی دیکەشوێنی خۆیان چۆڵکرد و هاتنە زاخۆ.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە باڵایەی ناو وەزارەتی پێشمەرگە، گەورەترین گۆڕانکاری لەنێو فەرماندەیی هەولێری هێزی پێشمەرگەدا کراوە. ئەندامێکی لێژنەی گۆڕینیفەرماندەکانی پێشمەرگە لە فەرماندەیی دهۆکیش بە (رووداو)ی گوت: "هەریەکە لە فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هەولێر، حاجی شەوکەت و جێگرەکەی و بەرپرسی رێکخستن و دارایی و میرە و لیواکان تاوەکو فەرماندەی بەتالیۆنەکانیش لادراون". دەربارەی چارەنووسی فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هەولێر و جێگرەکەشی، گوتی: "بڕیاردراوە ببنە ئەندامی میحوەریمەخموور". ئەو ئەندامەی لێژنەی گۆڕین، کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "هەریەکە لە سەعدی عەلی بڕنۆ و مەریوان کەریم ئاغا، پێشنیازکراون بۆ فەرماندەییفەرماندەیی گشتیی هەولێر، بەڵام مەریوان کەریم ئاغا چانسی بەهێزتری هەیە بۆ ئەو پۆستە". هەروەها گوتیشی: "ئەمجارە دوو جێگر بۆ فەرماندەیی گشتیی هەولێر دانراون، کە ئەوانیشئەرسەلان مام وەسوو دزەیی و سەردار مورتکەن. هەروەها فەیزوڵڵا مەنتکیش بۆ پۆستی بەرپرسی رێکخستنی فەرماندەیی دانراوە". ئەندامەکەی لێژنەی گۆڕینی فەرماندەسەربازییەکانی سنووری هەولێر زانیاری زیاتری دەربارەی گۆڕانکارییە سەربازییەکانی ناو هێزی پێشمەرگە ئاشکراکرد و گوتی: "ئیسماعیل دەست گەورە و زریان شیوعیشکراونەتە فەرماندەی لیوا لە فەرماندەیی گشتیی هەولێر".

(رووداو) زانیویەتی کە عەبدولڕەحمان کەورینی، فەرماندەی هێزەکانی سپیلک-یش یەکێکە لەوانەی لە پۆستی ئێستایدا نامێنێتەوە. عەبدولڕەحمان کەورینی، فەرماندەی فەرماندەیی سپیلک، دەربارەی گۆڕانکارییەکانی نێو ئەفسەرە پلە باڵاکانی پێشمەرگەوە گوتی: "ئەوەی من لادان نییە، بەڵکو رەنگە شوێنەکەی من بدرێ بە کەسێکی دیکە کە بەوەکاڵەت ئەو پۆستەموەرگرتووە. منیش دەچم بۆ پۆستێکی باڵاتر". گوتیشی: "من کەمتەرخەمیم لە شەڕی شنگال و دەوروبەریدا نەکردووە، بەپێچەوانەوە تاکە هێز بووینە کە سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە. تەنانەت جەنابی سەرۆک بارزانیش بە تەلەفۆن لەگەڵم لەسەر خەت بووە و گوتوویەتی: مەمنوونی ئێوەین". بۆیە، وەک ئەو گوتی: "ئەگەر گۆڕینی ئێمە بەناوی ئیجرائاتەوە بێت ئەوەناخۆشە، بەڵام هێندەی من دەزانم ئیجرائات نییە".

# هێزەکانی پاراستنی شەرفەدین و YPG رێککەوتن



(فۆتۆ: رۆیتەرز)

**یوسف ئەحمەد**
**رووداو- دهۆک**

قاسم شەشۆ، سەرکردەی پێشمەرگەکانی چیای شنگال رایگەیاند کە لەگەڵ هێزەکانی YPG لە چیای شنگال گەیشتوونەتە رێککەوتن پاش ئەوەی سەرکردەکانی YPG سەردانی ئەوانیان کرد و داوای لێبوردنیان کرد لە رەفتاری هەندێ لە فەرماندەکانیان.

دوای ئەوەی هەندێ ناکۆکی کەوتە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی YPG لەچیای شنگال، قاسم شەشۆ رەخنەی توندی لە رەفتاری YPG گرت بەهۆی ئەوەی دەیانویست ئاڵای پەیەدە لە هەندێک شوێن بەرزبکەنەوە، بەتایبەتی لەسەر مەزاری شێخ شەرفەدین کە بۆ ئێزدییەکان دووەم پیرۆزترین شوێنی ئەوانە لە دوای لالش.

پاش ئەو یەکدی تۆمەتبارکردنە لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتداری ناوچەکەیە، رۆژی 6ی ئەم مانگە شاندێکی (PYD) لە سەردانێکی رانەگەیێندراودا کە بەسەرۆکایەتی فەرماندەی هێزە جێگیرکراوەکانی (YPG) بووە لەسەر چیای شنگال، لەوانەش دوو فەرماندە بەناوەکانی هەڤاڵ عەگید و هەڤاڵ زەکی، سەردانی قاسم شەشۆ دەکەن و داوای لێبوردنی لێدەکەن بەهۆی ئەو رەفتارەی چەکدارانی YPG.

قاسم شەشۆ فەرماندەی پێشمەرگە لەسەر چیای شنگال لەوبارەوە گوتی: "ئەوان هاتن و داوای لێبوردنیان کرد و خۆیان بێبەری کرد لەو هێزەی کە ئەو رەفتارەیان بەرامبەر ئێمە کردبوو، گوتیان ئەوانە نوێنەرایەتی ئێمە ناکەن".

شەشۆ هەروەها گوتی: "ئەوان گوتیان وەرن بادەست بخەینە ناو دەستی یەکتر و بە برایەتی پێکەوە کاربکەین، تاوەکو شنگال رزگار دەکەین".

شەشۆ دەڵێت: "جەماعەتی پەیەدە گوتیان سەرۆک مەسعود بارزانی چووە مەخموور و سەردانی هێزەکانمانی کرد، ئێمە گوتمان سوپاستان دەکەین کە لە شنگال و مەخموور و هەولێر یارمەتیمان دەدەن".

قاسم شەشۆ هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی: "ئەوان بەڵێنیان بە ئێمە دا کە لەگەڵ ئێمەدا بن تاوەکو شنگال رزگار دەکرێت و گوتیان پێکەوە شنگال رزگار دەکەین و دەگەڕێینەوە شوێنەکانمان لە رۆژئاوای کوردستان".

فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە چیای شنگال ئاماژە بەوە دەکات کە کۆبوونەوەکەیان لە دەمژمێر 3 تا 6ی ئێوارە درێژەی کێشاوە، بەڵام ئامادە نەبوو باسی ئەوە بکات کە لەو کۆبوونەوەیە چی باسکراوە.

شەشۆ گوتی کە ئێستا نزیکەی 200 چەکدرای PYD لە چیای شنگالن و "ئێستا رێککەوتووین کە پێکەوە بەرگری لەشنگال بکەین تاوەکو رزگاری دەکەین، دوای ئەوە هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆی".

## شێخ شامۆ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی دەستەی باڵای لالش:

# مەحاڵە جارێکی دیکە بتوانین لەگەڵ عەرەبەکانی شنگال بژین



شێخ شامۆ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی-ی لالش، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕووداو ڕەخنەی لە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان گرت بەرامبەر ڕووداوەکانی شنگال. بەگوتەی ئەو حیزبەکان خەریکی ململانێی نێوخۆیین لەسەر فراوانکردنی هەژموونیان بەسەر کوردە ئێزدییەکانەوە. هەروەها بڕواش ناکات جارێکی دیکە خەڵکی شنگال بتوانن لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە بژین.

هەڤپەیڤین: ناسر عەلی و یوسف ئەحمەد
ڕووداو - دهۆک

## هەندێک کوردی موسڵمان و ئێزدیش لە شنگال خیانەتیان کرد

**ڕووداو: پەرلەمانی کوردستان یەکێک لە کۆبوونەوەکانی تەرخانکردبوو بۆ ڕووداوەکانی ئەمدواییەی شنگال. هەندێک پەرلەمانتار بۆخۆشیان لە ئەدای پەرلەمان ڕازی نەبوون بەرامبەر ئەو ڕووداوە. تۆ دەڵێی چی؟ پێتوایە وەک پێویست گرنگییان بەم ڕووداوە داوە؟**

**شێخ شامۆ:** مخابن خۆ ئەگەر هەندێک شت بە چاوی خۆشمان ببینین، سیاسەتمان ئەوەیە لەم قۆناخە هەستیارەدا نامانەوێت کەموکورتیی برادەرانمان باس بکەین. پەیامی من ئەوە بوو کە گوتم با پەرلەمان ببێتە شوێنی یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد. با ئێستا بازاڕکاریی سیاسی لەسەر لاشەی کارەساتەکەمان نەکرێت. خوا قبووڵ ناکات. لەڕووی نەتەوەییشەوە ئەمە خراپە.

**ڕووداو: ئەو بازاڕکارییەی باسیدەکەی، کرا؟**

**شێخ شامۆ:** هەندێک شت کران. بۆنموونە برادەرانی یەکێتی لە نووسینگەی سلێمانیی پەرلەمانی کوردستان، هەندێک ئێزدی چووبوونە لایان و ئەوانیش چووبوونە پێشوازییان. چەند داواکارییەکیان هەبوو. لەوێ یەکێک لە پەرلەمانتاران پێیاندەڵێت "داواکارییەکانتان دەدەینە نوێنەرەکانتان لە پەرلەمان"! کاتێک کە کۆبوونەوەی پەرلەمانیش سازکرا و من وتارم خوێندەوە، پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەیگوت "ئەم کابرایە لەڕووی یاساییەوە ڕاستەوخۆ نوێنەری کوردانی ئێزدی ناکات. ئەوان منیان لەسەر فراکسیۆنی زەرد حیسابکرد. گوناحی من چییە کە کوردی ئێزدی لە ناوچەی سۆران نین. قەدەری ئێمە ئەوەیە لەم جوگرافیایە کەوتووینەتە لە دەڤەری بادینان.

**ڕووداو: تۆ نوێنەری کوردە ئێزدییە پارتییەکانی یان هی هەمووانی؟**

**شێخ شامۆ:** تۆ دەزانی لە جوگرافیای ئێمەدا 90%ی پارتی دەستەڵاتدارە. چوونی من بۆ پەرلەمانیش بە 90%ی دەنگی کوردە ئێزدییەکان و 10%ی دیکەش دەنگی خەڵکی دیکەی کوردستان بوو. من بە دەنگی ئێزدییەکان چوومە پەرلەمانەوە و زیاتر لە هەموشیان شەرعیەتم هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنیان. لەبەر ئەوە من خۆم بە نوێنەری هەموو ئێزدییەکان دەزانم، نابێ بڵێم وەڵڵا من نوێنەری ئێزدییە پارتییەکانم.

**ڕووداو: جگە لە دانیشتنێکی نائاسایی، پەرلەمان چیدیکەی کردووە بۆ ئەو کارەساتە؟**

**شێخ شامۆ:** پرۆژەی بەجینۆسایدناساندنی کارەساتی شنگالی ئامادەکردووە. لەو کۆبوونەوەیەی پەرلەماندا هەموو لیژنەکان، بە لیژنەی یاسایی، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ئافرەتان، لیژنەی تەندروستی، لەماوەی 10 ڕۆژدا، کە من خۆشم گلەییم هەبوو لە دواکەوتنی ئەو کۆبوونەوەیە، بەشدارییانکرد. دواکەوتنەکە لەبەرئەوە بوو کە ئەو لیژنانە دەبووایە بەشێوەیەکی مەیدانی کارەکانیان ئەنجام بدەن. کەمێک کۆبوونەوەکە دواکەوت. ئەو لیژنانە مرۆڤ بەویژدانەوە بڵێت کارەکەیان زۆر ورد بوو لەسەر کارەساتەکە و بارودۆخی خەڵک و داواکارییەکانیان چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخەیە، ئەرکەکەیان بەجێگەیاند و ڕاپۆرتەکەشیان لەئاستی پێویستدا بوون، ئەم لیژنانە خۆیان نوێنەری پەرلەمانن بۆ شرۆڤەکردنی ئەو کارەساتە و پێشنیازکردنی چارەسەرەکان.

**ڕووداو: بەڕای تۆ بۆ کارەساتەکەی شنگال تەنیا یەک دانیشتن بەسە؟**

**شێخ شامۆ:** نەخێر، برینەکان قووڵن. لە ئەنفالەکانی ساڵانی هەشتاوە بگرە تاوەکو ئێستا، هێشتا نەمانتوانیوە وەکو کورد بەتەواوی دەست دانێینە سەر هەموو برینەکان، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە.

**ڕووداو: ئایا توانیوتانە ئامارێکی وردی کارەساتی شنگال بەدەست بخەن؟**

**شێخ شامۆ:** ئێستا ئەوە کارێکی زۆر ئەستەمە. بۆ نموونە شاریا کە زیاتر لە 25 هەزار دەربەدەری شنگال و دەوروبەری لێیە زیاتر لە 200 کوژراویان هەیە. بەگشتی مەزەندەی 3 هەزار کوژراو و مردوو و بێسەروشوێنان دەکەم. لەگەڵ منداڵان ڕەنگە ئەو ژمارەیە بگاتە 5 هەزار کەس. لەنێو ئەو 5 هەزار کەسەشدا مەزەندە دەکەین نزیکەی 2 هەزاریان ئەو کچانە بن کە داعش ئێستا بازرگانییان پێوە دەکات. هەروەها ڕزگاربووانی کچیش زۆر کەمن، لەو بڕوایەدا نیم کە لە 50 کەس زیاتر بن، کوڕانیش لە 100 تا 200 تێپەڕنابێت.

**ڕووداو: چ زانیارییەکتان لەبارەی ئەو دەستبەسەر و بێسەروشوێن و ڕفێندراوانە هەیە؟**

**شێخ شامۆ:** زانیاری زۆر کەمە. هەندێکجار زانیاریمان بەدەستدەگات کە هەندێکیان لە مووسڵ و هەندێکیان لە تەلەعفەرن و هەندێکیشیان هێناون بۆ ئەو گوندانەی کە داگیریانکردوون، وەکو گوندی کۆچۆ. ئێستا ئەوێ بووەتە ەیلانەی هەندێک لەو خێزانانەی دەستبەسەرن. لەوێ بڵاوەیان پێکراوە، بەڵام پاسەوانی لێکردنیشیان لاوازە.

**ڕووداو: دەڵێن هەندێکیان فرۆشراون، ئەمە ڕاستە؟**

**شێخ شامۆ:** بەڵێ ڕاستە. کچێک لەسەر دەستی ئێمە ڕزگار بوو و هێنامانە هەولێر. گوتی ئێمە 400 کچ بووین، هەر ناوە ناوە کەسێک دەهات یەک یان هەندێکجار دوو و سێ کچ دەبردران. زانیاریم نییە کە بۆ چ وڵاتێک دەبردران، بەڵام دڵنیاین لە سووریا و عێراق دەفرۆشرێن.

**ڕووداو: ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکان هات، چۆن ڕوویدا؟ ئەمە تەنیا ڕووداوێکی لەپڕ بوو یان پلان بۆ داڕێژراو بوو؟**

**شێخ شامۆ:** هاتنی داعش لە 9ی مانگی شەشەوە کاتێک کە بوونە دراوسێی کوردستان بەدرێژایی 1050کیلۆمەتر، هەستمانپێکرد لە شەو و ڕۆژێکدا بووینەتە دراوسێی ئەو دەوڵەتە. قەدەری جوگرافیشمان وابوو و خوێندنەوەشمان هەر ئەوە بوو کە ئەمە ڕوودەدات. بەتایبەتی کە قوربانییانی هەرە زۆر لە شۆڕشەکانی کوردستاندا لەم دەڤەرە سنوورییانەدا بوون کە پێنج قەزان و لە عێراقی عەرەبی نزیکن. (واتە زاخۆ، شنگال، تەلەعفەر، سێمێل و شێخان). خوێندنەوەی ئەوەمان هەبوو کە ئەگەر داعش هێرش بکات، مەترسیی هەرە گەورە لەسەر شنگال دەبێت. چونکە لەڕووی بیروباوەڕەوە جیاوازین لە خەڵکی دیکە. بۆیە ئەگەر شتێکمان بەسەربێت ئەوە کارەسات دەبێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە فەرماندەکان لەئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبوون.

**ڕووداو: ئەوەی لە شنگال ڕوویدا کشانەوە بوو یان شکست؟**

**شێخ شامۆ:** دەزانی شکستەکە تەنیا لە شنگال نەبوو. هەر لە خانەقینەوە تاوەکو شنگال شکست بوو. شکست یان کشانەوە لە عورفی شەڕدا شتێکی نۆرماڵە، بەڵام کێشەکە چی بوو؟ کێشەکە ئەوەبوو کە دەڤەری شنگال دوور بوو و خەڵک نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکات.

**ڕووداو: بەشێک لە خەڵکی شنگال دەڵێن ئێمە فرۆشراین؟**

**شێخ شامۆ:** ئەوە گوناهە وا بگوترێت. گوناهێکی زۆر گەورەیە و نابێ موسیبەتەکەمان هەرزان بکەین و ڕاستییەکان پێچەوانە بکەینەوە. ڕووداوەکەی شنگال موستەحیلە شتێکی لەپڕ بووبێت، ڕووداوێک بوو و یارییەکی گەورەیە و دەستی نێودەوڵەتیی تێدابوو. ئەو یارییە لە هەرێمی کوردستانیش گەورەترە، بەڵام تەنیا میحوەری پارتی هێرشی هاتەسەر.

**ڕووداو: دەتەوێ بڵێی دەستی ناوخۆیشی تێدابووە؟**

**شێخ شامۆ:** ئەگەر لەناویشیدا نەبووبێت، جێگەی داخە کە لایەنێکی سیاسیی کوردیمان هەبوو، ئەگەر کەیفیشیان بەوە نەهاتبێت کە ئەو کارەساتە ڕوویداوە، ئێستا هەندێک ڕەفتاریان ئاماژەی ئەوەیان تێدایە کە کەیفیان هاتووە. جگە لە یەپەگە، یەکێتیش هەوڵیدا لەڕێگەی ئەو کارەساتەوە خۆی خۆشەویست لەلای کوردانی ئێزدی. گوناهە وابڵێم، بەڵام لەوانەیە بیانەوێت بچنە شوێنی پارتی لە شنگال. بۆیە ئێستا یەکێتی لەگەڵ پەیەدە ڕاستییەکان پێچەوانە دەکەنەوە و هەوڵدەدەن پارتی ناشیرین بکەن.

**ڕووداو: لەو سێ فەرماندەیەی بۆ لێکۆڵینەوە لە پیرمامن، پێتوایە ئەوان بەرپرسانی سەرەکی بووبن لەو کارەساتەی لە شنگال ڕوویدا؟**

**شێخ شامۆ:** ئەو بڕیارە بڕیاری دادگا و ئەو لیژنەیەیە کە ئەوانی داواکردووە بۆ ئەوێ. ئەمە هەنگاوێکی زۆر باش بوو. ئێمە پێشوازی لە لێکۆڵینەوە دەکەین. لەوانەیە ئەوانیش بەرگری لەخۆیان بکەن. بۆنموونە هەر بڵێت من لەوە بەرپرس بووم و ئەوی دیکەش لەوەی دیکە. بەڕای من هەڵەیە کە خەڵکی شنگال بڵێت فڵان کەس تاوانبارە. لێکۆڵینەوە دەریدەخات کێ بەرپرسیارە.

**ڕووداو: هەندێک کەس دەڵێن سەربەست بابیری، بەرپرسی پێشووی لقی پارتی لە شنگال، کەمتەرخەمی سەرەکییە لەو کارەساتەدا، تۆ دەڵێی چی؟**

**شێخ شامۆ:** خەڵکی شنگال لق دەناسێت. ئەوان پارتی دەناسن. بەدرێژایی مێژووش هەر موسیبەتێک هاتبێت زیانەکەی ڕاستەوخۆ بۆ پارتی بووە، بەڵام دەسکەوتەکان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان بوون. نەک تەنیا لق، بەڵکو ئێستا 6 ئەندامی ئەنجوومەنی موسڵ کوردن، کە 2 کەسیان یەکێتین و 4 کەسیان پارتین. ئەمە مانای ئەوە نییە کە مەڵبەند و بارەگای لایەنەکانی دیکە لە شنگال نەبوون. مەسەلەی سەربەستیش، گەورە و بچووکی شنگال سەربەست دەناسن. لەبەر ئەوە خەڵک هەر دەڵێن هۆکارەکەی سەربەست بوو. ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت دەزانن کێ بەرپرسە.

**ڕووداو: لەبارەی جینۆسایدەوە، تاوەکو ئێستا چی کراوە؟**

**شێخ شامۆ:** ئەوەی من بزانم کۆمیتەیەک دروستکراوە بە فەرمانی کاک نێچیرڤان بارزانی و پەرلەمانیش لیژنەی یاساییەکەی ڕاپۆرتێکی باشی پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە بۆ چۆنێتیی جوولاندنی ئەو پرۆژەیە. لەو بڕوایەدام ئەنجامی باشی دەبێت. چونکە ئەوان خەریکی کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و بەڵگەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بەڵگەن لەسەر جینۆساید.

> ئەوەی لە شنگالەوە تاوەکو خانەقین بەسەرمان هات هەمووی شکست بوو

> ڕووداوەکەی شنگال موستەحیلە شتێکی لەپڕ بووبێت

> یەکێتیش وەکو PKK هەوڵدەدات پارتی لەبەرچاوی کوردە ئێزدییەکان ڕەش بکات

**ڕووداو: حیزبە ئیسلامییەکان هەڵوێستیان چۆن بوو؟**

**شێخ شامۆ:** وەڵڵا ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیم، کاتێک پێشوازیم لێیانکرد لە بنکەی لالش، بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو پێیگوتم: "شێخ، بۆ ئەم دەربەدەرانە جیاوازی نییە لەنێوان مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی و بنکەی لالش"، هەڵوێستیان زۆر ئیجابییە.

**ڕووداو: ئەو لیژنە 5 کەسییەی کوردە ئێزدییەکان کە چوونەتە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە نوێنەری خۆتان دەزانن؟**

**شێخ شامۆ:** نە ئاگام لێیانە و نە پەیوەندیم پێیانەوە هەیە. تەنیا لەڕێگەی ماڵپەڕەکانەوە هەندێک شتیان لەسەر بڵاوبووەوە. ئەوان بەناوی میر و ئەنجوومەنی ڕۆحانیی ئێزدییان قسەدەکەن، بەڵام کوڕێکی میر گوتی کە باوکی خۆی لەو لیژنەیە بێبەری کردووە و لەلایەن ئەوەوە تەخویل نەکراون و ئەوان سەر بە یەکێتی و پەکەکەن، ئامانجیشیان پێچەوانەکردنەوەی ڕاستییەکانە و لێشیان قبووڵ ناکەین. ئەوان ئێستا باسی مافی ئۆتۆنۆمی دەکەن، نووسینەکەیان خاڵییە لە وشەی کورد، وەک بڵێی ئەمە ئێزدیایەتییەکی وشک بێت. کەواتە لە بەرژەوەندیی ئێزدییەکاندا نییە ئەمە بکەن. چونکە هەر شتێک دژی سیاسەتی کوردستان یان پرۆژەی نەتەوەیی یان سیاسەتی هەرێمی کوردستان بێت، من لەگەڵی نیم. دواتر ڕوون نییە کە مافی ئۆتۆنۆمی لەکوێ دەبێت؟ چونکە خاکی شنگال لەنێو جوگرافیای کوردستاندایە.

> ژمارەی پێشمەرگەکانی سوپای ئێزدییان گەیشتووەتە 1400 کەس

> یەکگرتوو پێیانگوتین مەڵبەندی یەکگرتوو و بنکەی لالش وەکو یەکن

**ڕووداو: ئێزدییەکان لەسەرەتای دەربەدەربوونیاندا داوایانکرد چەکداربکرێن. دواتر حکومەت ڕازی بوو و دەستکرا بە ناونووسکردنیان. ئەمە ئێستا لە چ قۆناخێکدایە؟**

**شێخ شامۆ:** بەهۆی کارەساتانەی لە ڕابردوودا بەسەریانهاتووە، هێشتا کوردە ئێزدییەکان سایکۆلۆژییەتێکی بەهێزیان نییە. ئەوە یازدە ساڵە لە شنگال هەوڵدەدەین کومەڵگەیەکی شارستانی بڕوابەخۆبوو دروست بکەین. نابێت لۆمەی ئەو خەڵکە بکرێت، چونکە نە بڕوایان بەخۆیان ماوە و نە بە خەڵکیش. لەسەرەتای کارەساتەکەدا ڕەزامەندیمان وەرگرت کە 2 هەزار کەس چەکدار بکەین و بیاننێرینەوە بۆ شنگال. من خۆم چەند کۆمیتەیەکم دروستکرد بۆ ناونووسین. خەڵک خۆیان ناونووس دەکرد، بەڵام نەدەگەڕانەوە. ئێستا لەسەر دوو تەوەر کاردەکەین. یەکێکیان لیوایەک ەهیە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە و سەربازگەیان لە ئەترۆشە، کە نزیکەی 600 کەس دەبن. ئەوەی دیکەش ەێزێکی دیکەی تایبەتمان هەیە کە من خۆشم لەگەڵیانم و ژمارەمان گەیشتووەتە 800 کەس، بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی 17ی شنگال، کەئەمانە زۆربەیان ئەوانەن کە لەنێو لەشکری عێراقدابوون یانیش لەنێو پێشمەرگەی کوردستاندابوون. بەنیازین بیاننێرینە ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ و دووسەد کەس بە دووسەد کەس مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت.

**ڕووداو: بەڕای تۆ 1400 کەس بەرامبەر ژمارەی خەڵکی شنگال کەم نییە؟**

**شێخ شامۆ:** بەڵێ کەمە، زۆریش کەمە. بەڵام ئەمە سەرەتایە و پێشبینی دەکەم زیادببن، ئەگەر توانیمان سەرکەوتن بەدەستبهێنین.

**ڕووداو: دەڵێن پەیەدە 5 هەزار کەسی ناونووسکردووە و ئێستا مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت؟**

**شێخ شامۆ:** زانیاریم نییە کە ئەو ەێزەی بەو ژمارەیەوە دروستکردبێت. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە هەموو چەکدارانی پەیەدە 200 چەکدارن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بە خەڵکی شنگالیان دەگوت دەبێ یان کوڕێک یان کچێکمان بدەنێ بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانماندا چەک هەڵگرن. تەنانەت ئەو کچانەی لەدەستی داعش ڕزگاریان دەبوو، داوایان لێدەکرا بچنە ڕیزەکانی ئەوان.

**ڕووداو: وەک ئەندامێکی پارتی ترست نییە لەمەودوا پارتی لە شنگال ببێتە میوان؟**

**شێخ شامۆ:** نەخێر، پارتی هەر بەهێز دەبێت.

**ڕووداو: ئێوە وەکو بنکەی لالش بۆچی نەبوونەتە نوێنەری هەموو کوردی ئێزدی لەم ڕووداوانەدا؟**

**شێخ شامۆ:** هەر لەسەرەتاوە خۆمان کردە گرووپ گرووپ و هەرچی پارە و شتمان هەبوو خستمانە خزمەتیان. تەنانەت باڵەخانەکەشمان خراوەتە خزمەتەوە. جگە لەوە ڕۆژانە لە ماڵی خۆمدا خواردن دەدەمە 4 هەزار کەس.

**ڕووداو: پێشبینیتان دەکرد خەڵکی دهۆک وا هاوکاریی برا کوردە ئێزدییەکانیان بکەن؟**

**شێخ شامۆ:** نەخێر، بەڕاستی لە تەسەوری ئێمە زیاتر خەڵکی دهۆک هاوکاریی خەڵکی شنگالیان کرد.

**ڕووداو: لەگەڵ کۆچکردنی کوردی ئێزدیدای بۆ دەرەوەی باشووری کوردستان؟**

**شێخ شامۆ:** نەخێر، ئێرە وڵاتی ئێمەیە. نابێ چۆڵی بکەین، بەڵام بەداخەوە PKK تاوەکو ئێستا زیاتر لە 15 هەزار خەڵکی ئێمەی لە باشووری کوردستان بە قاچاخ و بە پارە بردووەتە باکووری کوردستان.

**ڕووداو: بۆ تاوەکو ئێستا میر نەگەڕاوەتە کوردستان؟**

**شێخ شامۆ:** ئەوەی من بزانم ڕەوشی تەندروستیی باش نییە، بۆیە نەگەڕاوەتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر شنگال ڕزگار بێت، دەتوانن لەگەڵ عەرەبەکانی شنگال بژین؟**

**شێخ شامۆ:** مەحاڵە لەمەودوا کوردە ئێزدییەکانی شنگال لەگەڵ عەرەبەکانی شنگال بژین. چونکە هەموویان خیانەتیان کردووە. تەنانەت بەشێکی کەمی کوردانی موسڵمان و ئێزدیش خیانەتیان کردووە.

ڕاپۆرت
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8

## "داعش کچانی شنگال لە حەویجە دەفرۆشێ"



**رووداو- کەرکووک**

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی رووداو) گوت "لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە زانیاریمان بەدەست گەیشتەوە، کە چەکدارانی داعش کچانی کوردی شنگال لە سنووری قەزای حەویجە دەفرۆشنەوە بەو کەسانەی کە ئارەزوویان لەو کچانە هەبێت، لە رێگەی چەندین کەسەوە هەوڵمانداوە و بە دەیان شێوازی جیا کە ئەو کچانەیان لێ وەربگرینەوە، بەڵام سەرجەم هەوڵەکانمان بێ ئەنجامبوو". بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو کچانە لە تەلزەهەب و عەباسی و زاب و حەویجە، ژمارەیان لە سەرووی 25 کەسە.

### ئەم مانگە "کۆنگرەیەکی نەوعی" دەبەستێ

# کۆمەڵی ئیسلامی پڕۆژەیەکی بۆ کێشەی دڵشاد گەرمیانی هەیە

## ڕێکخستنەکانی کۆمەڵ داوای "مووچەی باشتر" دەکەن

## سەرکردەیەکی کۆمەڵ: کەسمان نییە شیاوی پێشەوایەتی بێت

**ئەرکان عەلی**
**رووداو-سلێمانی**

سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەیەوێ ئەم هەفتەیە وادەی بەستنی کۆنگرەی خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەمەش بە پرس و راوێژ لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دەکات. یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە بە (رووداو)ی راگەیاند: "کۆنگرەکەمان نەوعی دەبێ و کلاسیکی نابێ". چاوەڕوان دەکرێت لەو کۆنگرەیەدا پۆستی پێشەوای کۆمەڵ نەمێنێ و ناوی مەکتەبی سیاسیش بگۆڕدرێت. بەپێی ریزبەندی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی پێنجەمین حیزبی سیاسییە لە باشووری کوردستان.

### سێیەمین کۆنگرە

ئەگەر جارێکی دیکە دوانەخرێت، لەم مانگەدا کۆمەڵی ئیسلامی لە شاری هەولێر سێیەمین کۆنگرەی خۆی دەبەستێ. چاوەڕوانیش دەکرێت لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار زۆربەی ئۆرگان و شێوازی کار و گوتار و بەرنامەی ئەو حیزبە ئیسلامییە بگۆڕدرێت. تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەم هەفتەیە مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە لەگەڵ نوێنەرانی ئۆرگانەکانیدا کۆدەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەشدا وادەی بەستنی کۆنگرە یەکلایی دەکرێتەوە. تۆفیق کەریم لەبارەی کۆنگرەکەوە گوتی: "کۆنگرەیەکی نەوعی دەبەستین و کلاسیکی نابێت".

لەکاتی دیاریکردنی کاندیدەکانی کۆمەڵ بۆ ئەو دوو وەزارەتەی لە کابینەی نوێی حکومەتی کوردستاندا بەریانکەوتووە، دوای چەندین کۆبوونەوە و یەکلانەبوونەوە لەسەر ناوی کاندیدەکان، مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە بڕیاری دا بە هەڵبژاردن دوو ئەندامی سەرکردایەتی بۆ وەرگرتنی هەردوو پۆستەکە دیاری بکرێت. ئەم بڕیارە کادیرەکانی ئاستی خوارەوەی سەرکردایەتی و بەشێک لە گەنجانی کۆمەڵی نیگەران کرد و هاتنەدەنگ. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەناو کۆنگرەشدا دەنگی ئەو گەنجانە ببیسترێ. کامەران حەسەن، کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵ، نیگەرانە لە ئەدا و ڕۆڵی حیزبەکەی بەتایبەتی و ئیسلامییەکان بەگشتی. ئەو پێیوایە "رۆژ بە رۆژ ئاستی جەماوەریی حیزبە ئیسلامییەکان لە دابەزیندایە" و ئەگەر شێوازی کار و بەرنامەیان نەگۆڕن، ناتوانن ببنە بەدیلی هێزەکانی دیکە: "بەداخەوە ئێستا حیزب لەلای ئیسلامییەکان بووەتە شوێنی بانگەوازی دینی و لەگەڵ کاری راستەقینەی ئیسلامیدا تێکەڵیان کردووە. ئەوان وەک قوتابخانەی فێرخوازی لە حیزبی ئیسلامی دەڕوانن".



### جیاوازیی کۆمەڵ و داعش

گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) چەند مانگێکە شارە سوننەنشینەکانی نێوەڕاستی عێراق و بەشێک لە باشووری کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە. هەرچەندە ئەو گرووپە خۆی بە ئیسلامی دەناسێنێ، بەڵام حیزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان رەتیانکردووەتەوە داعش کار بە بەرنامە و پەیڕەوی ئیسلام بکات. ئەو حیزبانە دەڵێن داعش هەوڵدەدات ئاژاوە بنێتەوە و عێراق و کوردستان تێکبدات. بەڵام رەخنەی ئەوە لە کۆمەڵی ئیسلامی دەگیرێت کە پەیامی رەتکردنەوەی کردەوەکانی داعشی بەدرەنگەوە بڵاوکردووەتەوە و وا لێکیدەدەنەوە کە ئەمە نیشانەی نەبوونی هاوهەڵوێستییە لەنێو ئەو حیزبەدا بەرامبەر داعش. کامەران حەسەن، وەک کادیرێکی گەنجی کۆمەڵ لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت: "ئەرکی سەرەکی و لەپێشینەی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەیە لە کۆنگرەی سێیەمدا بەڕوونی خەڵک تێبگەیەنێت کە کاری ئیسلامیی راستەقینە کامەیە و ئەوەی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە دەیکەن لە چیدا جیاوازە لەگەڵ کاری ئیسلامی".

### پڕۆژەیەک بۆ دڵشاد گەرمیانی

کۆمەڵی ئیسلامی، وەکو زۆر لە حیزبەکانی باشووری کوردستان، قسەی لەسەرە و لەنێوخۆیدا رای جیاواز و ناکۆکی تێدایە. بۆنموونە ئەو هەڵوێستانەی دڵشاد گەرمیانی، یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی ئەو حیزبە هەیەتی زۆرجار جیاوازە لە هەڵوێستی فەرمیی حیزبەکەی. هەندێک کەس گەرمیانی بە رێبەری "باڵی سەلەفییەکان" دەناسێنن و دەڵێن ئەو باڵە جیاوازە لە "باڵی گشتی"، کە زۆرینەی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەری دەڕۆن. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو حیزبە لە کۆنگرەدا دەتوانێ وابکات ئەو جیاوازییانە نەمێنن؟ تۆفیق کەریم لە وەڵامی ئەوەدا بە (رووداو)ی گوت: "بە پڕۆژەیەک ئەو بابەتەش چارەسەر دەکەین". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت: "پڕۆژەیەکی نوێمان گەڵاڵە کردووە سەبارەت بە بیروبۆچوون و بڕوای کۆمەڵ لەبارەی هەندێک پرسی هەستیارەوە، کە پێشتر بەو شێوەیە لەلای خەڵک روون نەبووە. لەوانەش پرۆسەی دیموکراسی و جیهانبینیی کۆمەڵ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ و سیستمی حوکمڕانی و بەشداریی پارتە ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا و جیاوازیی قوتابخانە و دامەزراوە و گرووپە ئیسلامییەکان".

3 مانگ لەمەوبەر لیژنەی هۆشیاریی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونی کادیر و ئەندامانی حیزبەکەی، راپرسییەکی ئەنجامدا کە 38 پرسیاری تێدابوو و ئاراستەی 3 هەزار کەس کرابوو. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) زۆربەی وەڵامەکان ئەوە بوو کە کۆمەڵی ئیسلامی گوتار و بەرنامە و شێوازی ڕێکخستنەکانی بگۆڕێت. کادیرانی ئەو حیزبە پێشیان باش نەبووە کە جارێکی دیکە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەدا خۆیان کاندید بکەنەوە. تۆفیق کەریم لەوبارەوە گوتی: "ئەنجامی راپرسییەکە ئەوەیە داوا کراوە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆیان نەبێت لە دوو خول زیاتر خۆیان هەڵبژێرنەوە. ئەوانەش کە لە حکومەتدا پۆست وەردەگرن، پۆستە حیزبییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە. لەڕووی داراییشەوە مووچەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵ ئەوەندە باش بێت کە بەشی بژێوییان بکات".

### پۆستی پێشەوا و ئەمیری کۆمەڵ

نزیکەی 3 مانگ لەمەوبەر شێخ محەممەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کۆچی دوایی کرد. تاوەکو ئێستاش کەس نەچووەتە شوێنی. تۆفیق کەریم لەبارەی ئەو کەسەی چاوەڕوان دەکرێت لە کۆنگرەدا ببێتە پێشەوا گوتی: "پێناچێ جارێکی دیکە ئەو پۆستە بمێنێت، چونکە هیچ کەسێکی دیکە شیاوی ئەو پۆستە نییە". هەرچەندە بەشێک لەوانەی لە راپرسییەکەی کۆمەڵی ئیسلامیدا بەشدارییان کردبوو لەگەڵ ئەوەدابوون کە بۆ پیشاندانێکی ڕوویەکی جوانتری حیزبەکەیان ئەمیری کۆمەڵ دەستبەرداری پۆستەکەی بێت، بەڵام بەگوتەی ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە: "هێشتا روون نییە مامۆستا عەلی باپیر خۆی کاندید دەکاتەوە یان نا، بەڵام من و چەند ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی خۆمان هەڵنابژێرینەوە" هەروەها "لە کۆنگرەی رابردووشدا بە فشاری مەکتەبی سیاسی مامۆستا عەلی باپیرخۆی کاندیدکردەوە، ئەگینا بۆخۆی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە".

### پێشنیازەکان بۆ کۆنگرە

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پێشنیازکراوە لە کۆنگرەی ئەمجارەی کۆمەڵی ئیسلامیدا مەکتەبی سیاسی بگۆڕدرێت بە ئەنجوومەنی راپەڕاندن. سەرکردایەتیش بکرێتە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن. هەروەها هەردوو ئەنجوومەنی چاودێری و راوێژکاریش زیادبکرێن. یەکێک لەو پێشنیازانەی دیکە کە کراوە لابردنی (لا اله الا الله) بووە لەسەر ئاڵای کۆمەڵ، بەڵام دیارنییە کۆنگرە لەوبارەوە چ بڕیارێک دەدات.

### یەکێتی ڤیتۆی لەسەر هەڤاڵ ئەبوبەکر نەماوە

# گۆڕان لەسەر کێشەی پارێزگاری سلێمانی لە یەکگرتوو نیگەرانە

## گۆڕان: لەگەڵ ئیسلامییەکان کاتمان بەهەدەردا

## یەکگرتوو: بە یەکێتی و گۆڕانمان گوت کەس بەتەمای ئێمە نەبێت

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ناتوانن بڕوابکەن کە رۆژی 14ی ئەم مانگە گرێکوێرەکەی سلێمانی دەکرێتەوە و رزگاریان دەبێت لە کۆبوونەوەی بێئەنجام. چونکە، وەک ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی باسیدەکات، کێشە و ناکۆکیی نێوان گۆڕان و یەکێتی زۆر لەوە قووڵتر و گەورەترە کە بتوانن ئاڵوگۆڕی پۆست بکەن لەنێوان خۆیاندا. لەوەتەی یەکێتی و گۆڕانیش لە یەکدی جیابوونەتەوە، هێندەی ئەمساڵ کۆبوونەوە و وتوێژی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان ئەنجامنەداوە.

پێشبینییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پێچەوانە بوونەوە. چونکە ئەو بزووتنەوەیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، پشتیوانیی هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیی بۆخۆی بە مسۆگەر دەزانی. ئەوەش وایلێکردبوو سوور بێت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بەڵام دواتر دەرکەوت هەرچەندە 4 ساڵ پێکەوە لەسەر شەقامەکان لەسەر یەک لافیتە درووشمەکانیان دەنووسی.

### کەس بەتەمای ئیسلامییەکان نەبێت

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو 4 ساڵەی بە هاوبەشی لەگەڵ ئیسلامییەکاندا کاریانکردووە بە "کات بەهەدەردان"، نێودەبات و دەڵێت: "بڕوامان وابوو ئەوان بەبێ دوودڵی پشتیوانی ئێمە دەبن لە وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، هەروەک چۆن ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش هەر گۆڕانی پێشخستووە". ئەو بەرپرسەی گۆڕان "دۆخەکە" بە "هەستیار" دەزانێ، بۆیە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە. گوتیشی: "بەداخەوە هەڵوێستی یەگگرتوو و کۆمەڵ وایکردووە کات بۆ یەکێتی درێژببێتەوە تاوەکو ئەم بابەتە زیاتر و زیاتر دوابکەوێت".

سەرۆکی لیستی خزمەت، کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیشە، زۆر بێهیوایانە قسەیدەکرد و گوتی: "بۆمان دەرکەوتووە کە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی بە ئێمە ساخ نابێتەوە". مەهدی مەحموود رەتیدەکاتەوە پشتیان کردبێتە گۆڕان و گوتی: "دڵنیابووین لەوەی کە پشتیوانی گۆڕان بکەین، یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەکشێتەوە و پشتیوانی یەکێتیش بکەین گۆڕان دەکشێتەوە. بۆیە پێمان راگەیاندوون کە تکایە خۆتان چارەسەری بکەن، کەس بەتەمای ئێمە نەبێت و هەرخۆشتان رێکبکەون". مەهدی مەحموود نیگەرانە لەوەی کە هیچ دەزگایەکی باڵا نییە لەم بابەتە بپرسێتەوە و دەڵێت: "داواکارین لیژنەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یان حکومەتەوە پێکبهێنرێت و پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی سلێمانی یەکلایی بکاتەوە".

### پەرلەمان: دەبێ هەموار بکرێتەوە

تاوەکو ئێستا 5 جار کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە، بەڵام هەموو کۆبوونەوەکان بۆ ئەوە بوون کە وادەی کۆبوونەوەیەکی دیکە دیاری بکرێت. بڕیارە رۆژی 14ی ئەم مانگەش جارێکی دیکە کۆببنەوە. ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە 32 کورسی پێکهاتووە، لە هەڵبژاردنی رۆژی 30ی نیسانی ئەمساڵدا گۆڕان 12 کورسی و یەکێتی 11 کورسی و پارتی 3 کورسی و یەکگرتوو و کۆمەڵ 4 کورسی و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و شیوعی 1 کورسی و کۆتای مەسیحییەکانیش 1 کورسییان هێناوە، واتە هیچ لایەک نەیانتوانیوە 17 کورسیی یەکلاکەرەوە بەدەستبهێنن، تاوەکو پێویستیان بەوە نەبێت لە دەرگای لایەنەکانی دیکە بدەن بۆ هاوپەیمانێتی.

ئێستا، دوای تاقیکردنەوەی هەموو رێگەکان و شکستخواردنی سیناریۆ جیاوازەکان، باسی هێنانەپێشەوەی پەرلەمانی کوردستان لەو کەیسەدا دەکرێت. ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی سەوز پێیوایە پەرلەمان ناتوانێ ئەو کارە بکات، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە یان حکومەت یان 1 لەسەر 3ی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا داوای ئەوە بکەن: "ئەوکات هێشتا دەبێ یاسای ئەنجوومەن هەموار بکرێتەوە". ئەگەرنا، وەک گۆران ئازاد باسیدەکات: "دەبێ ئەنجوومەنەکە پەکی بکەوێت و دواتر پەرلەمان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکە بکات و دیسان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتەوە". بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەی کە گۆران ئازاد باسیدەکات، ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئەگەر بابەتی ئاڵۆزکاوی پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی سلێمانی بێتە پەرلەمان "ئەوکات دەبێتە شیر دا بۆ داپیر دا، چونکە ئەوانەی لە ئەنجوومەنی پارێزگا ئامادەنین یەکلایی بکەنەوە لە پەرلەمانیش هەر یەکلایی ناکەنەوە و ئەوەندەی دیکە کات درێژدەبێتەوە". شێرکۆ حەمەئەمین دەشڵێت: "چارەسەر تەنیا ئەوەیە کە گۆڕان و یەکێتی رێکبکەون".



### نهێنی دوو ساڵەکەی سەرەتا

بەڵام گۆڕان و یەکێتی رێکدەکەون؟ بە بڕوای ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی، جگە لە رێککەوتنی ئەو دوو لایەنە هیچ رێگەیەکی دیکە نییە. مەگەر ئەوە نەبێت کە سەرلەنوێ هەڵبژاردن ئەنجامبدرێتەوە. وەک ئەو باسیشیکرد ئێستا "یەکێتی ڤیتۆی لەسەر هەڤاڵ ئەبوبەکر، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارێزگاری سلێمانی نەماوە، بەڵام کێشە لەسەر دوو ساڵی سەرەتایە". دارا محەممەد ئەمین، باسی ترسی یەکێتی و گۆڕان دەکات لە دوو ساڵی سەرەتا، کە هەرلایەکیان بەشێوەک لەوە دەسڵەمێتەوە کە 2 ساڵی سەرەتا لەلای خۆی نەبێت: "گۆڕان ترسی ئەوەی هەیە کە ئەگەر یەکێتی 2 ساڵی سەرەتای وەرگرت، دوایی تەسلیمی نەکاتەوە". شێرکۆ حەمەئەمین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانیش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ " یەکێتی ئەو پۆستە تەسلیم بە گۆڕان ناکات". بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە سەرچاوەیەکی ناو یەکێتییەوە دەستیکەوتوون، یەکێتیش ترسی ئەوەی هەیە کە گۆڕان دەست بە گۆڕانکاری زۆر بکات لە ئیدارەی سلێمانیدا، ئەگەر دوو ساڵی سەرەتا وەربگرێت: "تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەندێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان بگۆڕێت بەناوی ئەنجامدانی چاکسازییەوە". (رووداو) ئەوەشی زانیوە کە گۆڕان زیاتر لە یەکگرتووی ئیسلامی نیگەرانە، چونکە لەسەرەتاوە کۆمەڵی ئیسلامی بەڕاشکاوی پشتیوانیی لە گۆڕان دەکرد، بەڵام دوای پێکهێنانی لیستی خزمەت، ئەو دوو حیزبە ئیسلامییە بۆچوونەکانیان کردە یەک. دارا محەممەدئەمین لەوبارەوە دەڵێ "راستە ئێمە سەرەتا بەڕاشکاوی پشتگیریی گۆڕانمان دەکرد،" بەڵام "ئێستا بە هەردوولامان گوتووە کە ئێمە تەنیا دەنگ بەو کاندیدە دەدەین کە هەردوولاتان لەسەری رێکدەکەون. گوتیشمان دوو ساڵی سەرەتا لەلای گۆڕان بێت باشترە، بەوپێیەی کە کورسیی زیاتری هەیە". ناوبراو دەشڵێت پێشتر یەکێتی بەڵێنی پێداون لەبەرامبەر پشتگیریکردنیان "پۆستمان پێبدەن لەنێو ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی پارێزگادا، بەڵام لەپێناو بێلایەن مانەوەدا گوتمان خۆتان رێکبکەون.

### نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# لەم ڕۆژانەدا پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی دەبێتەوە



**یەکێتی PKKی گەورە نەکردووە**

**دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق خراپ بەڕێوەدەچن**

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی پێیوایە ئێستا ژمارەیەک کادر لە نێو پارتی و یەکێتییەوە گەیشتوونەتە نێو پۆستەکان و ڕۆژانە لە میدیاکان دەردەکەون کادرە توند و ڕەخنەگرەکانن و هەر ئەوەش وایکردووە نێوانی پارتی و یەکێتی بەو خراپییەی ئێستا ببینرێ. نەرمین عوسمان دەڵێ: "هێشتا لەسەر ئاستی سەرکردایەتی پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی باشە". هەروەها گوتیشی نزیکیی حیزبەکەی ئەوان لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بۆ دژایەتیکردنی پارتی نییە و گوتی: "دەمانەوێ گوتارێکی هاوبەش هەبێت بەرامبەر PKK و هەر بەشێکی دیکەی کوردستان".

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو -سلێمانی**

**هادی عامری کاتێک قسەکانی کرد کە د. نەجمەدینی لەگەڵ نەبوو**

**ڕووداو: کاتێک سەیری ڕووداوەکان و کاردانەوەکان دەکەیت، وا تێدەگەیت کە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لەوپەڕی خراپیدایە، ئەمە ڕاستە؟**

**نەرمین عوسمان:** پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی لە خراپترین دۆخدا نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چەند شتێکەوە هەیە کە دەبێت بەوردی سەیری بکرێت. من واتێدەگەم پەیوەندییەکە بەوشێوەیەش خراپ نییە، بەڵام لای خۆمەوە لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەیەکم کرد لەسەر ئەو پەیوەندییە، کە ئەگەر ئالۆزییەکیش درووستبووبێ بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە نەک دواتر. چونکە بینیمان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، چ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا و چ ئەوەی لە بەغدا ئەنجامدرا، ئەو کاندیدانەی پارتی و یەکێتی کە گوتاری توونديان بەرامبەر یەک هەبوو و دەنگی زۆریان بەدەستهێناوە. واتە ئەو کادیرانەی یەکێتی و پارتی کە چوونەتە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا، کە لە قسەکردن و هەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر حیزبەکانی یەکدی توند بوون و هەمیشە بە زمانی ڕەخنە قسەیانکردووە.

**ڕووداو: کەواتە تاوەکو یەکێتی و پارتی دوورین لەیەکەوە دەنگدەرانی ئەو دوو حیزبە پێشوازی لێدەکەن؟**

**نەرمین عوسمان:** بەڵێ وایە، هاووڵاتی دەنگ دەدات نەک سەرکردایەتی. وەک گوتم ئەو کاندیدانە دەنگی زۆریان هێناوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەرکردایەتییەکان وانییە. بەپێچەوانەوە لەنێو سەرکردایەتییەکاندا پەیوەندییەکە باشترە. هێشتا گوتاری هاوبەشی زۆرمان هەیە. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانمان، خەڵکێکی زۆری ناو یەکێتی پێیوابوو ئێمە لە زۆر شتدا مەغدوورین، هەر لە دابەشکردنی پۆستەکان و پێگەمان لەنێو ئەنجوومەنی وەزیران و لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پۆستەکانی دیکەدا، ئەمە وایکردبوو چەند لیژنەیەک دروستبکەین بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا. خەڵکێکیش هەیە لەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە زەرەرمەند بوون.

**ڕووداو: وەک کێ؟**

**نەرمین عوسمان:** وەک ئەوانەی شەڕی ناوخۆ، دابەشکردنی پۆستەکان، لە ئاسایش و دامەزراندن و چەند نموونەیەکی دیکە، خۆ ڕەنگە ئەو بیرکردنەوانەش واقیعی نەبن، بەڵام ئەو هەستی مەغدوورییەتە دروست ببوو. ئێستا گوتاری توونـد لەنێو حیزبەکان پەرەیسەندووە و ئەگەر ڕێگەی لێنەگیرێ خراپە و تەشەنە دەستێنێت. دەبێ ڕێککەوتنی ستراتیژی وەک خۆی ببیندرێ و ئێستاش پێویستە لەنێوان هەموو لایەنەکاندا هەبێت، چونکە ئەو ڕێککەوتنە تەنیا بۆ پۆست دابەشکردن نییە، تەنیا بۆ ئەوەش نییە بڵێی مودیرێک بۆ تۆ و مودیرێک بۆ من. تەنەکەیەک نەوت بۆ تۆ و تەنەکەیەک بۆ من. ئەو ڕێککەوتنە هێندەش بۆ پرسە نەتەوایەتییەکانە. بەڵام من تێبینیی دیکەم بۆ دروست بوو. لەم ناوچەیە هەموو هێرش دەکەنە سەر یەکێتی وەک ئەوەی هەرچی لەو دونیایە خراپ دەبێ یەکێتی خراپیکردووە. کاتێک دەنگمان کەم هێنا، 24 سەعات دەیانگوت بۆ دەنگتان کەمهێنا؟ کە دەنگمان زۆر هێنا، دەیانگوت بۆ دەنگتان زۆر هێنا؟

**ڕووداو: سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا لەسەر ئاستی سەرکردەکان ناکۆکی لەنێوان ئێوە و پارتی دەبینرێ، بۆنموونە پشتیوانییە زۆرەکەی ئێوە بۆ PKK و یەپەگە، کە لەڕووی**

**پارتی و یەکێتی هەرگیز لەسەر ماددەی 140 ناکۆکیی بچووکیشیان نەبووە**

**کاک مەسعود نەیگوتووە ماددەی 140 تەواو جێبەجێ بووە**

**میدیاییەوە زۆر بایەخیان پێدەدەن و پارتیش پێیوایە ئێوە زۆر گەورەیان دەکەن؟**

**نەرمین عوسمان:** خۆی مەسەلەکە لە تێڕوانین و گوتاری جیاوازدایە بۆ PKK یان بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئێمە گەورەمان نەکردوون. ئەوەش پەیوەندیی بە نەبوونی گوتاری هاوبەشەوە هەیە.

**ڕووداو: ئێوە وەک یەکێتی داوای چی دەکەن و دەتانەوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ PKK و یەپەگە بکرێ؟**

**نەرمین عوسمان :** ئێمە دەمانەوێ بەرامبەر بەشەکانی دیکەی کوردستان گوتارێکی هاوبەشی کوردی دروست بکرێ، نەک گوتاری حیزبی. واتە هەموو حیزبەکان خاوەنی یەک گوتاری هاوبەش بن لەوبارەیەوە.

**ڕووداو: ئێستا میدیای یەکێتی زۆر باسی ڕۆڵی PKK و یەپەگە دەکات لە چیای شنگال، ئێوە پشتیوانی لە دروستکردنی کانتۆنی شنگال دەکەن؟**

**نەرمین عوسمان:** پێمان باش نییە. واشیدەبینین کە شنگال پێویستی بە ئازادکردن هەیە نەک کانتۆن. هەموو لایەکمان بڕوامان وایە دەبێ شنگال ئازاد بکرێ و کار بۆ ئەوەش دەکەین. لەوبارەیەوە بۆچوونی جیاوازمان نییە.

**ڕووداو: لەم ڕۆژانەشدا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی دیکە بوونەوە، ئەویش کاتێک هادی عامری، دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ د. نەجمەدین کەریم، هێرشی کردە سەر پێشمەرگە و تەنانەت داوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگەشی کرد لە کەرکووک. ئێوە بۆخۆشتان ڕەخنەتان لە د.نەجمەدین نەبوو؟**

**نەرمین عوسمان:** هادی عامری کاتێک ئەو قسانەی کردووە کە لە جێگەیەکی دیکە بووە و د. نەجمەدینی لەگەڵ نەبووە.

**ڕووداو: بەڵام پێشوازیکردن لە عامری بۆ کەرکووک ئاساییە؟**

**نەرمین عوسمان:** ناکرێت پێشوازی لێنەکەیت، ئەی بۆچی ئەسیل نوجێفی لە هەولێرەوە قسەدەکات و دەڵێ کە مووسڵ ڕزگارکرا ناهێڵین یەک هێز و میلیشیا بچێتە نێو مووسڵەوە. خۆ ئەوانیش بە پێشمەرگە دەڵێن میلیشیا، ئەی ئەسیل نوجێفی بۆ پێشوازیی لێدەکرێت؟ خۆ ئەویش هەمان گوتاریدا.

**ڕووداو: د. نەجمەدین وەک پارێزگاری کەرکووک دەمێنێتەوە یان دەچێتە بەغدا؟**

**نەرمین عوسمان:** ئەو بەڵێنی بە خەڵکی کەرکووک داوە لەوێ وەک پارێزگاری کەرکووک بمێنێتەوە، بۆیە ئەو هەر پارێزگاری کەرکووک دەبێت و ناچێتە بەغدا بۆ پەرلەمان.

**ڕووداو: گفتوگۆکان لەسەر حکومەتی بەغدا باش دەرناکەون بۆ پێکهێنانی حکومەت؟**

**نەرمین عوسمان:** تاوەکو ئێستا گفتوگۆکان خراپن و دۆخی کورد باش دەرناکەوێت، بەپێی ئەو پشکانەی بۆی دانراوە و کارنامەی حکومەتەکە. هەم لەڕووی ئابووریشەوە، بەڵام بڕواشموایە کورد بەشداریی ئەو حکومەتە ناکات ئەگەر نیەتێکی باش نەبینێ لەبارەی مادەی 140 و کێشەکانی دیکەوە.

**ڕووداو: تۆ پێشتر جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 بوویت، نیەتی باش بۆ ماددەی 140 چییە؟**

**نەرمین عوسمان:** جارێ لەبارەی مادەی

**شنگال پێویستی بە ئازادکردن هەیە نەک دروستکردنی کانتۆن**

140ەوە من واهەستدەکەم کە کێشەیەکمان هەیە لەلای خۆمانەوە، ئەویش ئەوەیە کە خۆمان ڕوانگەمان ڕوون نییە بۆ ئەو بابەتە. چەند خاڵێک هەیە هێشتا خۆشمان نازانین چۆنە. باشە سنووره ئیدارییەکان چۆنە، خۆ هێشتا ئەمە لەلای خۆمان وەک کورد ڕوون نییە. تاوەکو ئێستا نازانین ریفراندۆم چۆن دەکەین. ئایا لەسەر ئاستی پارێزگا دەیکەین یان چی؟ سنووره ئیدارییەکانی ئێمە کامانەن؟ لەلایەکی دیکەوە شەڕی داعش و بوونی داعش هەیە لە هەندێک لە ناوچەکان. کات بۆ ریفراندۆم لەبارە یان نا؟ خۆ هێشتا سەرکردایەتی کورد بۆخۆشی ئەوە نازانێ. ئەی کە ریفراندۆم کرا و ئەو ناوچانە گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئینجا کێ قەرەبوو دەکاتەوە؟ خۆ هێشتا بەشێکی هاوردە و ئاوارەکانیش قەرەبوو نەکراونەتەوە و دواتر مافی خۆیانە داوای قەرەبووەکەیان بکەن. حکومەتی بەغدا ئەو قەرەبووە دەکاتەوە یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ من زۆر بەدوای ماددەی 140دا ڕۆیشتووم و ڕوون نییە بەلامەوە ئەو بابەتانە چۆن دەبن.

**ڕووداو: حەنان فەتلاوی بە شانازییەوە گوتبووی چەند ساڵێک ڕێگر بووم لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140، ئایا ئەو دەیتوانی بەتەنیا ببێتە ڕێگر لەوبارەیەوە؟**

**نەرمین عوسمان:** بەڵێ، هەمیشە ڕێگر هەبووە و ئەویش یەکێک بووە لە ڕێگرەکان لەبەردەم ئەو ماددەیەدا. تەنانەت حکومەت بۆخۆیشی ڕێگر بوو. خۆ من ئەوکاتانە بەردەوام هاوارم دەکرد. بۆنموونە هەندێک بابەتی وەک هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مەجلیس قیادە سەورە)، کە حکومەت خۆی دەیتوانی ئەوە بکات، کەچی حکومەت بۆئەوەی دوایبخات دەینارد بۆ پەرلەمان بۆئەوەی بکەوێتە بەردەم موناقەشە و بێنە و بەردەی پەرلەمانتاران. یان دابەشکردنی زەوی و گرێبەستە کشتوکاڵییەکان، کە هەموو ئەوانە دەکرا حکومەت خۆی چارەسەریان بکات و ئەویش دەینارد بۆ پەرلەمان. یان پارەیەکی کەمی بۆ قەرەبوو تەرخاندەکرد بۆئەوەی بەردەوام درێژ ببێتەوە. حەنان فەتلاوی تەنیا کەسێکی ناو لیژنەکە بووە و ڕەنگە سیاسەتی حیزبەکەی جێبەجێ کردبێ.

**ڕووداو :دەگوترێ ئێوە و پارتی لەمەشدا یەک بۆچوونتان نییە، لە مەسەلەی ماددەی 140دا؟**

**نەرمین عوسمان:** نەخێر، من و کاک محەممەد ئیحسان، یەک هەڵوێست و یەک بۆچوون بووین بە بەردەوامی، هەرشتێک هاتبێتە پێشەوە سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆمان ئاگادارکردووەتەوە و هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان پارتی و یەکێتی لەسەر ماددەی 140 ناکۆکییەکی بچووکیشیان نەبووە.

**ڕووداو: بەڵام لەو ڕۆژانەی پێشوودا بینیمان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی ماددەی 140 جێبەجێ بووە، کەچی گوێمان لە سەرکردەی یەکێتیش بوو دەیگوت دەبێ ئەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی جێبەجێ بکرێت و ماددەیەکی دەستوورییە؟**

**نەرمین عوسمان:** لە وتارەکەیدا کاک مەسعود مەبەستی لەوە نەبوو کە ماددەی 140 تەواو جێبەجێ بووە، مەبەستی ئەوەبوو کە هێزی پێشمەرگە لەناو کەرکووکدایە و دەبێ شێوازێکی دیکە بگیرێتە بەر بۆ ئەو مەبەستە. ئەگەر مەبەستی لەوە بووایە، شاندی نەدەناردەوە بۆ بەغدا بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا بکەن و یەکێک لە خاڵەکانیش ماددەی 140 بێت.

**ڕووداو : دەکرێ هێشتا جێگای گفتوگۆ بێت لەگەڵ بەغدا؟**

**نەرمین عوسمان:** بەڵێ، تاوەکو لە چوارچێوەی عێراقدا بیت ئەوە ڕێگاتە و دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەیت.

**ڕووداو: پێشمەرگە دەکشێتەوە لە کەرکووک؟**

**نەرمین عوسمان:** نەخێر، جێگەی گفتوگۆ نییە و پێشمەرگە لە کەرکووک ناکشێتەوە. هەموو حیزبەکان هاوڕان لەوەدا کە نابێ پێشمەرگە لە کەرکووک بکشێتەوە و و ناشکشێتەوە.

**ڕووداو: کە ریفراندۆمت ئەنجامدا چ پێویست بە قەرەبوو دەمێنێ؟**

**نەرمین عوسمان:** ئاخر تۆ بەهەزاران کەست قەرەبوو کردووەتەوە، کەواتە ئەی ئەوانەی قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئایا ئەوان لەمافی خۆیان خۆشدەبن؟ بێگومان خۆشنابن.

**ڕووداو: بەڵام قەرەبووش کراونەتەوە و لەناو کەرکووک ماون و لە ریفراندۆمیش دەبنە کێشە؟**

**نەرمین عوسمان:** شێوازی قەرەبووکردنەوەکە بەشێوەیەک ئەنجامدراوە کە ئەگەر نەشگەڕابێتەوە بۆ شاری خۆی ناتوانێ بەشداری لە ریفراندۆمدا بکات. چونکە بەڵگەنامەی باری شارستانی و کۆبۆنی خۆراکەکەی گواستراوەتەوە بۆ شوێنی خۆی. ناشتوانی خەڵک دەربکەیت، چونکە ماددەیەکی دیکەی دەستوریش هەیە و دەڵێ هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێنێک بیەوێت نیشتەجێ بێت.

**ڕووداو: هێرۆخان داوایکرد کۆنگرە ببەستن، چۆن تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە؟**

**نەرمین عوسمان:** نامەکەی لە مەکتەبی سیاسییە و لەم حاڵەتەدا کە لە باری شەڕداین و زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی لە بەرەی شەڕن، کۆنگرە لەم دۆخەدا ئاستەمە ببەسترێ. کاتی کۆنگرە هێشتا دیراسەی زۆری دەوێ و هێشتا بەرچاومان ڕوون نییە شەڕی داعش چەند دەخایەنێت.

**ڕووداو: ئێوە پێشتر 14 لیژنەتان دروستکرد و ئامادەکارییەکانتان زۆربەی تەواوکرد، پێویستدەکات سەرلەنوێ ئامادەکاری بکەنەوە؟**

**نەرمین عوسمان** :هێشتا ماویەتی، دۆخی نوێ هاتووەتە پێشەوە و هەندێک لە ئامادەکارییەکان دەکرێتەوە. هەندێک دەزگا و مەکتەبی یەکێتی هەن دەبێ چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و ئەو شتانە کاتی دەوێ.

**ڕووداو :لەسەر ئەنجوومەنی خۆجێیی سلێمانی بۆ بڕیاری کۆتایی نادەن؟**

**نەرمین عوسمان:** لیژنەمان دروستکردووە بۆ گفتوگۆ و ئەوان قسەدەکەن و ئاگایان لە وردەکارییەکانە.

**ڕووداو: لیژنەش دەڵێن سەرکردەکان لە جەنگدان، باشە بۆ ئێوە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی نابەستن و بڕیاری کۆتایی خۆتان نادەن؟**

**نەرمین عوسمان:** داوایان نەکردووە ئێمە کۆببینەوە. ئێمە وەک سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسیمان سەرپشک کردووە بۆئەوەی ئەوان بڕیاربدەن لەوبارەیەوە.

**ڕووداو: ئێستا بڕیارە ڕۆژی 14ی ئەم مانگە ئەو بابەتە یەکلایی بکرێتەوە و یەکێتی وەڵامی کۆتایی ئامادە بکات؟**

**نەرمین عوسمان :** پێشبینی دەکەم لەم ماوەیەدا و بەمزووانە مەسەلەی ئیدارەی خۆجێیی سلێمانی یەکلایی ببێتەوە و چارەسەر بکرێت. ڕەنگە پێش 14ی ئەم مانگەش ئەوە بکرێت.

**کاتی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نەهاتووە**

**کشانەوەی پێشمەرگە لە کەرکووک لەگەڵ بەغدا جێی گفتوگۆ نییە**

**لە هەڵبژاردنەکاندا کادرە توندەکانی پارتی و یەکێتی دەنگیان زۆر هێناوە**

**دەمانەوێ بەرامبەر پەکەکە و بەشەکانی دیکەی کوردستان یەک گوتاری هاوبەشمان هەبێ**

## نەوتی کوردستان ڕۆژانە بۆ 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

تۆنی هایوارد، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی تورکی بەریتانی ئاشکرای دەکات؛ کە نەوتی باشوری کوردستان زیادی کردووە بۆ 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە درێژایی ساڵی 2014. هایوارد لە چوار چێوەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ئیستەنبوڵ رایگەیاند، کۆمپانیەی گەنەل ئەنەرجی کار دەکات بۆ ئەوەی بەرهەمی نەوت لەو کێڵگانە خۆی زیاد بکات کە لە باشوری کوردستان کاری بەرهەمهێنانی نەوتی تێدا دەکات. هەروەها تۆنی هایوارد راگەیاند، یەکەم کاروانی غازی کوردستان لە زستانی 2017 رەوانەی تورکیا دەکرێت، کە بە چوار ملیار مەتر چوارگۆشە لە ساڵێکدا مەزندە دەکرێت و تا ساڵی 2020یش غازی کوردستان ساڵانە دەگاتە دە ملیار مەتر چوارگۆشە لە ساڵێکدا.

### بەشێکیان گەیشتوونەتە بەر

# ملیۆنێک داری زەیتوون لەکوردستان چێنراون



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری باخداری لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە چاندنی زەیتوون لەکوردستان گەشەسەندنی زۆر باشی بەخۆوە بینووە و ئێستا زیاتر لەیەک ملیۆن داری زەیتوون لەکوردستان هەن کە بەشێکیان گەیشتوونەتە بەر.

بەڕێوەبەری باخداری بە دڵنیاییەوە دەڵێت "لەئایندەیەکی نزیکدا و دوای دامەزراندنی کارگە، بەکواڵەتی بەرز زەیتوونی خواردن و ڕۆنی زەیتوونی خۆماڵی دەکەوێتە بازاڕەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لەساڵی 2009 تاوەکو 2012 نزیکەی یەک ملیۆن و 750 هەزار نەمامی زەیتوون لە سووریا، تورکیا، ئیتالیا و ئیسپانیاوە هاوردە کراون و دابەشی سەر جوتیاران و دامودەزگا حکومییەکان کراون.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری رایگەیاند "لە چوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەم و چاندنی زەیتوون، لەساڵی 2008وە تاوەکو 2010 بەبڕی دوو ملیار و 23 ملیۆن دینار، پاڵپشتی چاندنی 384 هەزار و 650 داری زەیتوونمان لەسەر ڕووبەری 5495 دۆنم زەوی لە هەرسێ پارێزگاکە و ناوچەی گەرمیان کردووە، لەو ڕێگەیەوە 500 باخی 5 دۆنمی و 300 باخی 10 دۆنمی نموونەیی بۆ 800 جوتیار دروستکراوە". گوتیشی "80%ی ئەو باخانەی وەزارەت پاڵپشتی کردوون سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و ئێستا بەشێکیان لە قۆناغی سەرەتایی بەرهەمدان".

سەمیر ئیسماعیل گوتیشی "لەساڵی 2012دا لەچوارچێوەی هەڵمەتی چاندنی 5 ملیۆن نەمام، یەک ملیۆن نەمامی زەیتوونمان لە تورکیا و سووریاوە هاوردە کرد، لەم ژمارەیەش 858 هەزار و 682 نەمامامان بەخۆڕایی بەسەر جوتیاران و قوتابخانە و فەرمانگەکاندا دابەشکرد، بۆیە پێشبینی دەکەم زیاتر لە یەک ملیۆن داری چێنراوی زەیتوونمان هەبێت".

نیازی مەحموود، یەکێکە لەو جوتیارانەی لەڕێگەی پاڵپشتیی وەزارەتەوە باخێکی 5 دۆنمی لەسەر زەوییەکەی لە ناوچەی شەمامک دروستکردووە، نیازی گوتی "وەزارەت 350 نەمامی بەخۆڕایی بۆ دابینکردم و سەرپەرشتی نەخشەکێشانی باخەکە و چاندنیان کرد و ئامێری دڵۆپاندنیشیان بێ بەرامبەر پێدام، بەڵام دوای چاندن وەک پێویست هاوکارمان نەبوو بۆ پێدانی پەیین و خەرجیی خزمەت".

هەرچەندە باخەکەی ئەو جوتیارە ئێستا لەسەرەتای قۆناغی بەرهەمدایە، بەڵام خەمی بەبازاڕکردن بەرۆکی گرتووە، نیازی گوتی "ساڵی ڕابردوو 10 سندوق بەرهەمم هەبوو، دوای سێ ڕۆژ هێنان و بردن کەس فلسێکی پێ نەدا، بەناچاری بەسەر خزمەکانمدا دابەشکرد". نیازی پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ گرفتی بەبازاڕکردن ئەوەیە کە وەزارەت کارگەی بچووک لە ناوچە جیاوازەکان بکاتەوە".

سەبارەت بەجۆری ئەو نەمامە زەیتوونانەی هاوردە کراون، سەمیر ئیسماعیل دەڵێت تەواوی ئەو نەمامە هاوردەکراوانە لە جۆری باوەڕپێکراون. گوتیشی "ئەو جۆرانەی لە ئیسپانیا و ئیتالیاوە هێناومانن لە جۆری کورتەباڵان کە تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە دوای سێ ساڵ بەرهەم بدەن و دەتوانرێت لە کەمترین ڕووبەردا زۆرترین دار بچێنرێت، ئەمەش ئاسانکاری زۆر بۆ هەڵپاچین و خزمەتکردن و ڕنین دەکات".

پسپۆڕانی بواری ڕەزگەری دەڵێن، داری زەیتوون بەرگەی پلەی گەرمی 45 تاوەکو 50 پلەی سەدی و نزمبوونەوەی پلەی گەرمی تاوەکو 14 پلەی ژێر سفری سەدی دەگرێت، بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەشەوە دەتوانرێت لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بچێنرێت.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "کەشوهەوای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی زەیتوون، بۆیە ئەگەر پرۆژەی پاڵپشتیی چاندنی باخی زەیتوون کە لە ساڵی 2011ەوە بەهۆی کێشەی بودجە ڕاوەستا، بەردەوام بووایە، بەدڵنیاییەوە ژمارەی باخەکان دەبوونە دوو بەرابەری ئێستا، ئەوکات زیاد لە پێداویستی ناوخۆ بەرهەممان دەبوو".

سەمیر دەڵێت "خواستێکی زۆر بۆ چاندنی زەیتوون لەلای جوتیاران دروست بووە، بۆ نموونە بەتەنیا لەساڵی 2013دا لە نەمامگە تایبەتەکانی زەیتوون لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان نزیکەی 200 هەزار نەمامی زەیتوونمان فرۆشتووە".

لەچوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی باخەکانی زەیتوون، لەسەر ڕووبەری 1900 دۆنم زەوی 270 باخی 5 دۆنمی و 10 دۆنمی بۆ جوتیارانی پارێزگای هەولێر دروستکراون.

لوقمان مستەفا، بەڕێوەبەری باخداری هەولێر دەڵێت، باخەکانی زەیتوون لە هەولێر سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە، تەنیا 20 باخیان نەبێ کە بەشێکیان بەهۆی کەمتەرخەمیی جوتیار و وشکبوونی سەرچاوەی ئاو و کەوتنە بەر ماستەرپلان لەناوچوون، گوتیشی "بەشێک لەباخەکان ئێستا لەقۆناغی سەرەتای بەرهەمدان".

بەپێی ڕووپێویەک کە حکومەتی عێراق لەساڵی 2008 بۆ ژمارەی داری زەیتوون لەکوردستان ئەنجامیداوە، 169 هەزار و 400 داری زەیتوون هەبوونە، بەڵام بەشێکی زۆریان وەک پەرژین چێنراون نەک باخ.

بەڕێوەبەری باخداریی هەرێمی کوردستان، دەڵێت ئەگەرچی لەکوردستان چاندنی زەیتوون مێژوویەکی درێژی هەیە و چەندین باخی زۆر کۆن لەناوچەکان هەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جاران داری زەیتوون وەک پەرژین لەباخەکاندا چێنراون و کەمتر بەمەبەستی بازرگانی بووە، بۆیە وەک پێویست بەرهەمی لەبازاڕ دەرنەکەوتووە، گوتیشی "هەرچەندە ئێستا ناتوانین بڕی بەرهەمی باخەکان مەزەندە بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا و دوای دامەزراندنی کارگەکان، بەکواڵەتی بەرز زەیتوونی خواردن و زەیتی زەیتوونی خۆماڵی دەکەوێتە بازاڕەوە".

سێ کارگەی زەیتی زەیتوون لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە چەمچەماڵ، زاخۆ و مەلا ئۆمەر لە هەولێر دروستکراون و کارگەیەکی بچووکیش لە بەعشیقە لەکاردایە.

سلێمان شێخۆ، سەرپەرشتی دروستکردنی کارگەیەکی زەیتی زەیتوون دەکات لەناوچەی مەلا ئۆمەر لەهەولێر، دەڵێت "کارگەکەمان لەدوا قۆناغی تەواوبووندایە و ڕۆژانە دەتوانێ 40 تۆن زەیتوون وەربگرێ بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆن".

گوتیشی "لە قۆناغی یەکەم پشت بە بەرهەمی باخەکانی خۆمان دەبەستین، دواتریش هەوڵدەدەین بەرهەمی جوتیاران بکڕینەوە".

**ئەو باخانەی بەپاڵشتی وەزارەتی کشتوکاڵ لەساڵانی 2008 تاوەکو 2012 چێنراون**

| پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| باخی 5 دۆنم | 160 | 124 | 107 | 109 | 500 |
| باخی 10 دۆنم | 110 | 35 | 80 | 75 | 300 |
| کۆی گشتی | 270 | 159 | 187 | 184 | 800 |

### بەهۆی نەمانی پاڵپشتیی حکومەت

# چاندنی گەنمەشامی لە کوردستان پاشەکشە دەکات



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، بەرهەمی گەنمەشامی لە 5 ساڵی ڕابردوودا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەڵام بەهۆی گرفتی بەبازاڕکردن خەریکە بەرهەمەکە پاشەکشێ دەکات، گوتیشی "ئەگەر حکومەت هەنگاوی پێویست نەگرێتەبەر، ئەوا ئەو پارەیەی بۆ پاڵپشتیی جوتیار خەرج کراوە، بەفیڕۆ دەچێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرهەمی گەنمەشامی لە 5 ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی باش گەشەی کردووە، بەجۆرێک بڕی بەرهەم لە 3 هەزار تۆنەوە بۆ 23 هەزار بەرزبووەتەوە.

بۆتان عزەددین فەیزی، لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی، دەڵێت کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گەنمەشامی، دەتوانرێت لە هەردوو وەرزی بەهار و پایز بچێنرێت، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ وەک ئاوڕدانەوەیەک لەم بەرهەمە ستراتیژییە، لە ساڵی 2009 تاوەکو 2011 بەبڕی زیاتر لە ملیارێک و17 ملیۆن دینار لەڕێگەی دابینکردنی بنەتۆو بەخۆڕایی و پێدانی بڕە پارەیەک بۆ سووتەمەنی و خزمەت، پاڵپشتی چاندنی 11 هەزار و 112 دۆنم زەوی بەگەنمەشامی کردووە. بۆتان گوتیشی "لەڕێگەی ئەم هاوکارییە بەرهەمی گەنمەشامی لە نزیکەی 3 هەزار تۆنەوە بۆ نزیکەی 23 هەزار تۆن بەرز بووەوە، بە سەتان جوتیاریش شارەزای چاندنی ئەم بەرهەمە بوون".

گەنمەشامی بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی بە یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکان دادەنرێ، بەشێکی زۆری وڵاتان گرنگیی تایبەت بەچاندن و بەرهەمهێنانی دەدەن، بەم هۆیەشەوە لەڕووی گرنگیدانەوە لە جیهاندا ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە لەدوای هەریەک لە گەنم و برنج.

کامەران دزەیی، جوتیارێکی گوندی پالانیانی سەر ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر، یەکێکە لەوانەی لەڕێی ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵەوە فێری چاندنی گەنمەشامی بووە، دەڵێت وەزارەتی کشتوکاڵ سێ ساڵ بەپێدانی بنەتۆو و خەرجیی چاندن، پاڵپشتی کردین، ئەمەش وایکرد جوتیارێکی زۆر ڕوو لەچاندنی گەنمەشامی بکەن، "بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆمەڵگایەکی حکومیی تایبەت بە گەنمەشامی کە بەرهەمەکانمان لێ وەربگرێ، جوتیاران ناچاربوون بەکەمتر لەنرخی خۆی بەجوتیارانی عەرەبی بفرۆشن".

دزەیی دەڵێت، لەدوو ساڵی یەکەمدا بەهۆی پاڵپشتیی حکومەت و تازەیی بەرهەمەکە، جوتیاران کەمێک قازانجیان کرد، بۆیە دوای بڕینی پاڵپشتیش بەشێکی زۆر لەجوتیاران بەردەوام بوون لەچاندنی گەنمەشامی، بەڵام بۆ بەبازاڕکردن تووشی گرفتی زۆر گەورەبووین، چونکە کاتێک جوتیارانی عەرەب زانییان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمان لێوەرناگرێ و ناچارین بەوانی بفرۆشین، نرخیان بۆ نیوەی نرخی وەرگیراو دابەزاند کە 440 هەزار دینار بوو بۆ هەر تۆنێک، بەمەش زیانی زۆر بەجوتیاران کەوت".

کامەران ساڵانە 250 تاوەکو 300 دۆنم گەنمەشامی دەچاند، بەڵام ئەمساڵ لەترسی گرفتی بەبازاڕکردن هیچی نەچاند، کامەران دەڵێت "تا بارودۆخی عێراق وابێ و وەزارەت کۆمەڵگای تایبەت بە گەنمەشامی دانەمەزرێنێ و بەڵێنی وەرگرتنی بەرهەمان پێنەدات، ئامادە نیم گەنمەشامی بچێنم".

لەعێراقدا 17 کۆمەڵگای وەرگرتن و وشککردنەوەی گەنمەشامی هەیە کە ساڵانە گەنمەشامی لە جوتیاران بەنرخی پاڵپشت وەردەگرن، بەڵام لە کوردستان هیچ کۆمەڵگایەکی گەنمەشامی نییە، بۆیە ساڵانە جوتیاران تووشی گرفتی بەبازاڕکردن دەبن.

بۆتان عزەددین، دەڵێت هۆکاری سەرەکی پاشەکشێی جوتیاران لەچاندنی گەنمەشامی بۆ وەرنەگرتنی بەرهەمەکەیان دەگەڕێتەوە، لە کوردستان کۆمەڵگای گەنمەشامی نییە و حکومەتی ناوەندیش بەبیانووی ئەوەی کە پارەی پاڵپشتی وەرگرتنی بەرهەمی گەنمەشامی لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانە، ئامادەنین بەرهەمی جوتیارانی ئێمە وەربگرن، گوتیشی "ئەمە زیانی زۆری بە بەرهەمی جوتیاران گەیاندووە".

ئەو پێیوایە تاکە چارەسەر بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی گەنمەشامی، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی گەنمەشامیە لە هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبێت لە بەشەکانی وەرگرتن و وشککردنەوە و بەدەنککردن و دابەشکردنی بەرهەمەکە لەسەر پرۆژەکانی پەلەوەر، گوتیشی "ئەگەر حکومەت ئەم هەنگاوە نەنێ، هاوکاری و دابەشکردنی بنەتۆو بەسەر جوتیاران بۆ چاندنی گەنمەشامی ئەنجامی نابێت".

گەنمەشامی بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە و پڕە لە ڤیتامین و توخمە کانزاییەکان و پرۆتین و وزە و ڕۆن، بە یەکێک لە سەرەکیترین پێکهاتەکانی ئالیکی پەلەوەر دادەنرێت، بۆیە بەشێک لە وڵاتان بۆ بەرهەمی ئالیک گرنگی تایبەت بەچاندنی دەدەن.

د.سەلاح مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی ڤانۆ بۆ وەبەرهێنانی پەلەوەر، لەبارەی گرنگیی گەنمەشامی بۆ ئالیکی پەلەوەر دەڵێت "گەنمەشامی بەهۆی ئەو بەها خۆراکییە بەرزەی هەیەتی، بە یەکێک لەسەرەکیترین پێکهاتەکانی ئالیکی پەلەوەر دادەنرێت، نزیکەی 40%ی ئالیکی پەلەوەر لەگەنمەشامی پێکدێت".

گرووپەکەی ئەو ساڵانە زیاتر لە 30 هەزار تۆن ئالیک بۆ پرۆژەکانیان بەرهەم دەهێنێ، بۆیە بەناچاری ساڵانە نزیکەی 12 تا 15 هەزار تۆن گەنمەشامی لەدەستی دووەم و سێیەم بەنرخی گران دەکڕنەوە، د.سەلاح دەڵێت "ئەگەر حکومەت پلان بۆ کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران و دامەزراندنی کۆمەڵگای گەنمەشامی دابنێ، دڵنیام ساڵ بەساڵ بەرهەم زیاد دەکات، ئێمەش بە مەمنونی ئەو بەرهەمە لەحکومەت دەکڕینەوە".

حەسەن حوسێن، بەڕێوەبەری ئامێرە کشتوکاڵییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی، دەڵێت دوای ئەوەی جوتیارێکی زۆر ڕوویان لە چاندنی گەنمەشامی کرد، بڕی بەرهەم ساڵ بەساڵ ڕوو لەهەڵکشان بوو، بۆیە لەساڵی 2013 پرۆژەیەکیان بۆ دامەزراندنی 4 کۆمەڵگای گەنمەشامی بە گوژمەی 12 ملیار و 300 ملیۆن دینار دایە وەزارەتی دارایی، ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەر دا، تەنانەت 10 دۆنم زەوی لەهەر پارێزگایەک بۆ ئەو پرۆژەیە دیاریکرا، بەڵام تائێستا وەزارەتی دارایی پارەی بۆ ئەو پرۆژەیە دابین نەکردووە.

گوتیشی "جێبەجێنەکردنی ئەم پرۆژەیە زیانی زۆری بە ئێمە و جوتیاران گەیاند، چونکە بەهۆی نەبوونی ئەم کۆمەڵگایە نەمانتوانی پلان بۆ وەرگرتنی بەرهەمی جوتیاران دابنێین، ئێستا بەشێکی زۆری جوتیاران وازیان لەچاندنی ئەم بەرهەمە هێناوە و ساڵ لەدوای ساڵ لە پاشەکشێدایە".

**ڕووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمی گەنمەشامی لە 5 ساڵی ڕابردوودا**

| بەرهەمی گەنمەشامی | ساڵی 2009 | ساڵی 2010 | ساڵی 2011 | ساڵی 2012 | ساڵی 2013 |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەری چێنراو بەدۆنم | 1.348 | 595 | 9.169 | 10.624 | 9.477 |
| بڕی بەرهەم بە تۆن | 2.854 | 1.230 | 18.470 | 23.903 | 22.745 |
| پارەی تەخانکراو بەدینار | 334.193.700 | 114.480.000 | 569.120.437 | هیچ بڕێک | هیچ بڕێک |



ڕووداو
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8

## ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ:

# بەڵگەی تەواومان هەیە کە داعش جینۆسایدی کردووە

**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ پیرۆنتی**
**بەرشلۆنە - ئیسپانیا**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا لیژنەیەکی تایبەت بۆ عێراق ڕەوانە بکات، بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکاریانەی کە دەگوترێت لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە ئەنجامدراون. لیژنەکە تەنانەت لەو پێشێلکاریانەش دەکۆڵێتەوە کە گوایە سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکانی سەر بە سوپای عێراق کردوویانە.

هاوکات ڕێکخراوی (ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ) هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند، بەڵگەی تەواویان لەبەردەستە کە نیشان دەدات چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەوڵی پاکتاوی نەژادییان لە باکووری عێراق داوە.

بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە جنێڤ دەرچووە. عێراق و فەرەنسا بە پاڵپشتیی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاسانکارییان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە کرد.

ڕێکخراوەکە لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات ئەو پێشێلکارییانە زۆر بەخێرایی ڕابگیرێن، بەتایبەتی پێشێلکارییەکانی دژ بە منداڵان و کەمینە ئاینییەکان".

فلاڤیا پانسیێری، جێگری سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: "ئەو ڕاپۆرتانەی بە دەستمان گەیشتوون باس لە پێشێلکاری وەها دەکەن کە بە خەیاڵی مرۆڤدا نایەن".

لە بڕیارنامەکەی ئەنجومەندا هاتووە کە: "ئەو پێشێلکارییانەی داعش کردوونی، ڕەنگە بچنە خانەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی".

هەروەها ئەو بەڵگانەی کە ئەمنستی خستوویەتییە ڕوو، وا پێشاندەدەن کە ئەندامانی داعش بە شێوەیەکی ڕێکخراو، هەڵمەتی پاکتاوکردنی نەژادییان لە باکووری عێراقدا دەستپێکردووە و تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە، لەوانە ڕفاندن و کوشتاری بە کۆمەڵی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان.

ئەمنستی هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تێیدا باس لە بەسەرهاتی جەرگبڕی ئەو کەسانە دەکات کە کوشتاری بە کۆمەڵیان بە چاوی خۆیان بینیوە. ڕزگاربووان دەگێڕنەوە کە چۆن بە دەیان پیاو و مێرمنداڵ لە ناوچەی شنگال لەلایەن شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە ڕیزکراون و بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بۆ دەرەوەی شارەکان گوازراونەتەوە و لەوێ بە کۆمەڵ کوژراون.

بە سەدان و ڕەنگە بە هەزاران ژن و منداڵ و پیاوی ئێزیدی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنراون.

دۆناتێللا رۆڤێرا، ڕاوێژکاری پایەبەرزی ئەمنستی کە ئێستا لە باکووری عێراقە، دەڵێت: "ئەو کوشتار و ڕفاندنەی لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچن، نیشان دەدەن کە شەپۆلێکی تازەی جینۆساید لە باکووری عێراقدا بەڕێوەچووە".

ڕۆڤێرا گوتی: "چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناوچەکانی دەرەوەی شنگالیان وەک کوشتارگەیەک لێکردووە و تێیدا هەرچی عەرەب نەبێت و موسڵمانی سوننە نەبێت بەر هەڵمەتی پاکتاویان داوە".

پانسیێری دەڵێت تیمەکانیان لە عێراق سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەی بەهێزن کە نیشان دەدەن پێشێلکاریی جددی لەدژی مافی مرۆڤ و یاسای مرۆڤپارێزی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا ڕوویانداوە.

ئەو گوتی: "لەو هەڵمەتانەدا کوشتنی بەمەبەست، گۆڕینی ئاین بە زۆرەملێ، ڕفاندن، کۆیلەکردن، دەستدرێژی و ئەشکەنجەدان، گەمارۆدانی شار و شارۆچکەکان بەهۆی لایەنگریی تائیفی، ئاینی یان نەتەوەیی ڕوویانداوە. مزگەوت، پەرستگا، کەنیسە و شوێنی دیکەی ئاینی کە لەڕووی فەرهەنگییەوە بایەخیان هەبووە، خاپوور کراون".

پانسیێری گوتی: "کاریگەری ئەو قەیرانە بەسەر منداڵانی عێراقەوە زۆر کارەستبارە. بەشێکی زۆر لەو منداڵانە ڕاستەوخۆ بوونەتە قوربانیی ئەو شەڕە و بەشێکیان بوونەتە قوربانیی دەستدرێژیی جەستەیی و کاریگەرییەکان تا ماون لەسەریان دەمێننەوە".

ئەو گوتی: "منداڵی ئەو کۆمەڵگە ئاینی و نەتەوەییانەی کە داعش پەلاماری داون، بە شێوەیەکی سامناک مافەکانیان لێ زەوت کراوە".

کریستیان و ئێزدی و تورکمان و شەبەک و کاکەیی و سابیئە و شیعە لەلایەن داعشەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەلاماردراون و ڕەنگە بەر پاکتاوی نەژادی و ئاینی کەوتبن.

گوتیشی: "ناتوانین بە تەواوی قەبارەی زیانەکان دیاری بکەین. زۆر کەس بە ڕاستەوخۆ کوژراون. هەندێک گەمارۆدراون و خۆراک و ئاو و دەرمانیان لەسەر بڕاوە".

پانسیێری هەروەها نیگەرانیی خۆی دەربڕی بۆ ئەو خەڵکە سڤیلەی کە لە شارەکانی فەلوجە، ڕومادی، تکریت و تەلعەفەر و مووسڵ ماونەتەوە و ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشدان.

لەوبارەوە گوتی: "دۆخی ژیانی ئەوان دژوارە. نەخۆشخانەکان دەرمان و پێداویستیی سەرەتاییان نییە و خزمەتگوزارانی بەشی تەندروستی وا بۆ چەند مانگ دەچێت مووچەیان وەرنەگرتووە. ڕاپۆرتەکان باس لە پەککەوتنی یاسا دەکەن کە وای کردووە ڕێژەی تاوان ڕوو لە هەڵکشان بکات، بە تایبەت لە مووسڵ و شارەکانی دیکە. ئەمە وای کردووە کە خەڵکی مەدەنی لە خزمەتگوزاریی سەرەتایی بێبەش بن".

ئەو هەروەها گوتی کە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بە کۆمیسیاری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتووە، لە چەند مانگی ڕابردوودا هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و گرووپە چەکدارەکانی دژ بە داعشیش کۆمەڵێک پێشێلکارییان کردووە کە دەتوانرێت بە تاوانی شەڕ بخوێندرێنەوە.

لەیلا زێروگویی، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی منداڵانی ناو شەڕ، بە ئەنجومەنەکەی گوت کە گەورەترین پێشێلکاری لەلایەن داعشەوە کوشتنی منداڵانە، 693 منداڵ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا بوونەتە قوربانی.


(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم )

**لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان: پێشێلکاری وەها کراون کە بە خەیاڵی مرۆڤدا نایەن**

## تەنیا شوان و قەرەهەنجیر گەڕاونەتەوە سەر کەرکووک

# پەرلەمان بڕیارەکانی مەجلیسی قیادە سەورەی پێ هەڵناوەشێتەوە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

تاوەکو ئێستا چارەنووسی ئەو قەزا و ناحیە و شوێنە ئیدارییانەی لە پارێزگای کەرکووک دابڕێنراون، یەکێکە لە کێشە گەورەکانی بەردەم ئاساییکردنەوەی دۆخی دیمۆگرافیی شارەکە. کورد کە خۆی بۆ سازدانی ڕیفراندۆم و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو شارە ئامادە دەکات، لە دوو خولی پێشووی پەرلەماندا نەیتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

د.دەرباز محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ، بە داخەوە بە چەند هۆکارێک کورد نەیتوانی لە خولەکانی پێشوودا ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات و بڕیارەکانی (مەجلیسی قیادەی سەورە)، بە یاسا هەڵوەشێنێتەوە "بەڵام ئەوە کاری لەپێشینەی ئەم خولەی ئێمە دەبێت".

هێشتا بەشێک لە خەڵکی باشووری کوردستان، بە ڕوونی تێنەگەیشتوون لەوەی سەددام حوسێن چۆن پرۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووکی دەستپێکردووە. لە تێگەیشتنی خەڵکدا، پرۆسەکە تەنیا دەرکردنی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب بووە لە شوێنی ئەوان کە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هێنراون و دواتر بە عەرەبی هاوردە ناسران. حکومەتە تەمەن 35 ساڵییەکەی سەددام حوسێن جگە لەوە، هەندێک لە قەزا و ناوچەکانی سەر بە کەرکووکی لەو پارێزگایە دابڕی و لکاندی بە پارێزگاکانی دیکەوە بۆئەوەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی کورد لەسەر ئاستی پارێزگاکە کەم بکاتەوە.

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە "کارەکە دژوارە، بەڵام دەکرا سەرۆکی کۆمار و دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار هەوڵێکی باشتر بدەن". ئەو ئەندامەی خولی پێشووی پەرلەمان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەخنەی ئەوە لە تاڵەبانی، سەرۆکی پێشووی کۆمار دەگرێت کە "لەساڵی 2006ەوە تاوەکو 2010 هیچی بۆ نەکرا و لەو دوو ساڵەی دواییدا ئەوەی کرد، بەڵام پەرلەمان بە هۆکاری سیاسی بابەتەکەی پشتگوێ دەخست و لەمپەری بۆ دروستدەکرد".

پێش ئەوەی تاڵەبانی نەخۆشبکەوێ، نەخشەڕێیەکی بۆ چاککردنەوەی سنووری ئیداریی پارێزگاکان پێشکەشکرد و پرۆژەکەش بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی قیادەی سەورە بوو. ئامانج لەو پرۆژەیە، گێڕانەوەی سنووری ئیداریی پارێزگاکان بوو بۆ دۆخی ئاسایی پێش دەستکاریکردنیان بۆ ئامانجی سیاسی. بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەش، سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە پرۆژە یاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

کوردی کەرکووک زیاتر لە دانیشتووانی هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق چاویان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور و گێڕانەوەی شریتی مێژووە بۆ پێش 1975، کاتێک کە باری دیمۆگرافیی شارەکەیان بەوشێوەیەی ئێستا نەشێوابوو. بەڵام ئەمڕۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکییە سیاسی و تائیفی و مەزهەبییەکان بەدیهاتنی ئەم خەونەی دژوار کردووە.

بەکر حەمە سدیق، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بۆ ماددەی 60ی دەستووری عێراق دەکات کە تاڵەبانی بەگوێرەی ئەو مادەیە ڕاسپاردەکەی ناردە پەرلەمان و دەڵێ، لیژنەی یاسایی دیراسەی ئەو داواکارییەیان کرد و داواشکرا بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، بەڵام پەرلەمانتارانی عەرەب دڵگەرمییان بۆ گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژەیە پیشان نەدا.

پرۆژەکە داوادەکات ئەو گۆڕانکارییانەی کە حکومەتی پێشووی عێراق لە سنووری ئیداریی پارێزگاکاندا کردوونی، هەڵبوەشێنەوە و سنوورەکان وەک خۆیان لێبکرێتەوە. بەڵام وەک بەکر حەمە سدیق باسیدەکات، لەسەر داوای سوننەکان جارێکی دیکە پرۆژەکە نێردرایەوە بۆ تاڵەبانی، "بەڵام تاوەکو لە سەرۆک کۆمارەوە جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ پەرلەمان، بووە ساڵی 2012".

نوێنەرانی سوننە، پێیانوایە بەهۆی ئەو پرۆژە یاسایەوە بەشێک لە پارێزگا سوننییەکان لێکهەڵدەوەشێنەوە "ئەگەر جارێکی دیکەش بچێتەوە پەرلەمان، ناهێڵن خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە سوننە دژی ئەوەن" بەکر حەمەسدیق وایگوت.

لەکاتێکدا شاندی کوردی لە بەغدا خەریکی گفتوگۆیە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەغدا و هەولێر سەرەڕای ئەوەی لە سەنگەرێکدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، خەریکە بەرەو ئاڵۆزکردنی کێشەیەکی دیکە ملدەنێن کە پەیوەستە بە کشانەوە یان مانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانەی لەدەستووری عێراقدا بەناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ناسراون، بەتایبەتیش پاش لێدوانە توندەکانی هەفتەی ڕابردووی هادی عامری، سەرکردەی ڕێکخراوی بەدر. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی کورد پێشتر گوتوویانە ناوچەی ناکۆکی لەسەر نەماوەو ماددەی 140 جێبەجێ بووە، پاش ئەوەی سوپای عێراق لەو ناوچانە لەسەردەستی داعش تێکشکا.

بەڵام لە دۆخێکی واشدا و لەڕووی یاسایی و ئیدارییەوە کێشەیەک هەیە، چونکە هەریەکە لە قەزاکانی چەمچەماڵ و دوبز لە پارێزگای کەرکووک لێکراونەتەوە و چەمچەماڵ بۆ سلێمانی و دووبز بۆ پارێزگای سەلاحەدین گواستراونەتەوە لەڕووی ئیدارییەوە. هەروەها کفری لە دیالە دابڕێنراوە و خراوەتە سەر سلێمانی. زیاتر لە ٦٠ بڕیار لە ئەنجوومەنی قیادەی سەورەوە دەرچووە و دەبێت سەرجەم بڕیارەکان هەڵوەشێنرێنەوە، تاوەکو پارێزگاکان بچنەوە دۆخی ئاسایی جارانیان.

ئامانج کەساس جەباری، قایمقامی چەمچەماڵ، گوتی "دەمانەوێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان و ئێمەش بچینەوە سەر کەرکووک"، گوتیشی "تاوەکو ئێستا تەنیا قەرەهەنجیر و شوان خراونەتەوە سەر کەرکووک، ئەوانیش فەرمانبەرەکانیان سەر بەئێمەن، بەڵام بەڕێوەبەرەکانیان سەر بە کەرکووکن و بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن".

کاکەڕەش سدیق، بەرپرسی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە پارێزگای کەرکووک، پێیوایە "بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی قیادەی سەورە، ناتوانرێ بە تەواوی مادەی 140 جێبەجێ بکرێ و ئەوە کارێکی مەحاڵە".





## لە شنگالەوە تا کەمپی خانکێ

# فەرمانا 73 هەر بەردەوامە

**بارزان محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

دەنگی گریانێکی جەرگبڕ لەنێو یەکێک لە خێوەتەکانەوە بەرزدەبووەوە. منداڵێک لەتاو گەرما کە گەورەکانیش بە ئەستەم دەیانتوانی بەرگەی بگرن، ئۆقرەی نەمابوو.

کاژێر 8:30 خولەکی شەوە، نەخەوتن چاوی منداڵەکەی ئاوساندووە، بەڵام بەهۆی گەرمای زۆری ژێر خێوەتەکە، خەوی لێناکەوێ، دایکی منداڵەکە تەشتێکی نیوە ئاو کردووە و منداڵەکەی خستووەتە ناوی تاوەکو کەمێک پلەی گەرمی لەشی دابەزێت، بەڵام منداڵەکە بە دەنگێکی بەرز دەگریا.

دیمەنی ژیانێکی زۆر زەحمەت لە کەمپی خانکێ دەبینرا، لە شەواندا تۆز و خۆڵ، مێش و مەگەز ئارامییان لە منداڵان هەڵگرتووە، زۆر بە سەختی دەتوانن چەند کاژێرێک بە ئارامی بخەون.

ژنان خەریکی ژیرکردن و خەواندنی منداڵە ساواکانن و پیرە پیاو و ئەو گەنجانەی کە لە دەستی داعش رزگاریان بووە، لەبەردەم دووکانێکی نزیک کەمپەکە، چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش دەکەن، هەواڵی رزگاربوون لەم دەردەسەرییە و گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان.

کەمپی ئاوارەکانی خانکێ، دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای دهۆک و سەر بە قەزای سێمێلە، بەپێی ئامارەکان 69 هەزار ئاوارە لەو کەمپە لە ژێر خێمەدا ژیان بەسەردەبەن.

دڕندەیی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش)، وادیارە ئێزدییەکانی زۆر ئازارداوە، بەردەوام باس باسی ئەو نەهامەتییەیە کە بەهۆی هێرشی داعشەوە تووشی هاتوون.

کاتێک چوومە ناو کەمپەکە، تاوەکو گەنجێک یان پیاوێکم دەبینی، سەدان منداڵ و ژن بە بەرچاومدا تێدەپەڕین، کەمپەکە زیاتر لە کۆمەڵگەیەکی ژن و منداڵی بێ باوک و بێ مێرد و برا دەچوو، گەنج لێرە زۆر کەمن.

ئەو شتەی بۆ من وەکو پەیامنێرێک زۆر کارەسات بوو، گریانی منداڵێکی ساوابوو بە هۆی بێخەوی کە گەرما نەیدەهێشت ئارام بێتەوە، هەروەها پیسی ئەو ژینگەیەی کە ئەو منداڵانەی تێدا دەژین.

کچێک ماکسییەکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو، لە هەڵسوکەوت و روخسارییەوە دیار بوو کە تووشی نەخۆشیی دەروونی ببوو، ئەو کچە هاتە پێشەوەو بە منی گوت: "ماڵا مە چوو". نزیکەی پێنج خولەک لەلای ئەو کچە راوەستام، بەڵام جگە لەو رستەیە هیچی دیکەی بەدەمدا نەهات، دیاربوو کەس لە خانەوادەکەی نەمابوو، بۆیە لەلای ماڵی خزمێکیان دەژیا.

رۆژی 2014/8/3، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش"، هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و داگیریان کرد، لە ئەنجامی ئەوەدا خەڵکێکی زۆر بەرەو چیای شنگال هەڵاتن و ژمارەیەکیش کەوتنە دەست داعش، بەشێکی زۆر لە پیاوان بە کۆمەڵ کوژران.

ئەحمەد یونس، کەسێکی ئێزدییە و لەگەڵ خێزانەکەی ماوەی شەش رۆژ لە چیای شنگال ماونەتەوە و دواتر روویان لە کەمپی خانکێ کردووە، ئەحمەد دەڵێ "ئێمە شەڕێکی زۆرمان کرد، نەمانهێشت داعش بێنە ناو گوندەکەمانەوە، بەڵام کاتێک هەمەر هاتن، ئێمە چەکی قورسمان پێنەبوو، ناچاربووین رامانکرد".

وەکو ئەحمەد باسی دەکات، عەرەبە دراوسێکانیان دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردووەو دژی ئەوان شەڕیان کردووە "هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە عەرەبە دراوسێکانمان لە شنگال دژمان بوەستن و هێرشمان بکەنە سەر، ئەم خیانەتە رێگەی نەدا خەڵکی شنگال زیاتر بەرگری لە شارەکەیان بکەن، بۆیە لەگەڵ خێزانەکانمان بەرەو شاخی شنگال هەڵاتین".

گەنجێکی رزگاربووی گوندی کۆچۆ کە پشتی بە لەفاف پێچرابوو، تەنیا کەسی خێزانەکەیەتی کە رزگاری بووە، ئەو دەڵێ "کاتێک داعش دەستی بەسەر گوندی کۆچۆدا گرت، هەموومانیان لە قوتابخانەکە کۆکردەوە، ژن و منداڵەکانیان لە پیاوەکان جیاکردەوە، داوایان لێکردین ببینە موسڵمان، سێ رۆژ مۆڵەتیان داین، دواتر سێ رۆژی دیکەشیان بۆ زیادکردین، دوای ئەوەی کەسمان ئاینی خۆمان نەگۆڕی، داعش ئۆتۆمبێلیان هێنا و گوتیان سواربن دەتانبەینە چیا". بەڵام هەر ئەو رۆژە هەموویان دەبەنە دەرەوەی گوند و بە کۆمەڵ دەیانکوژن، خدر بەخت یاوەری بوو، نەکوژرا.

خدر حەسەن کە تەمەنی لە 17 ساڵ رەتینەکردووە، دەڵێ "کاتێک دەستڕێژیان لێکردین، خۆم خستە سەر زەوی و فیشەکێک سەرچیخ بە پشتم کەوت، تەرمەکانی دیکە کەوتنە سەرم، وایانزانی هەموومان مردووین، بۆیە رۆیشتن، دوای ئەوە هەستامەوە و خۆم گەیاندە چیا". خدر لە کۆمەڵەی یەکەمی کۆمەڵکوژییەکەدا بووە، ئەو کاتەی چەکدارەکان دەچن کۆمەڵەیەکی دیکە بێنن بۆ کوشتن، خدر رادەکات و لە کوشتن رزگاری دەبێت.

لەنێو کەمپی خانکێ، زۆر بە فراوانی باسی دەستدرێژیکردنە سەر کچانی ئێزدی دەکرێ، تاوەکو ئێستا 73 فەرمان بەسەر ئێزدییەکاندا هاتووە، بەڵام ئەم فەرمانە لە هەموویان ترسناکتر دەبینن.

یەکێک لەو ئافرەتانەی لە کەمپی خانکێ بوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکەی لە دەستی داعشدان، نەیویست نێوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "39 کەس لە خوشک و برا و دایک و باوک و خزم و کەسی نزیکم لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراون، نازانم پیاوەکان چییان بەسەر هاتووە، بەڵام کچەکان لە تەلعەفەر گیراون".

خوشکێکی ئەو ئافرەتە کە ئێستا لەژێر دەستی داعشدایە، تەلەفۆنی بۆ خوشکەکەی کردووەو پێی گوتووە "ئێمە لە قوتابخانەیەکی تەلعەفەر لەژێر چاودێریی داعشداین و بە ئارەزووی خۆیان دەستدرێژیمان دەکەنە سەر".

بەشێک لەو کچانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر، دواتر لە دەستی داعش رزگاریان بووەو هەڵاتوون بۆ سەر چیای شنگال، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو کاریگەرییە دەروونییەی لەسەریان دروستبووە، خۆیان کوشتووە.

کاتێک لەسەر شەقامەکەوە بەرەو نێو کەمپەکە دەڕۆی، تەنیا گریانی منداڵ دەبیستی، تۆز و خۆڵی نێو کەمپەکە، لەگەڵ ئەو عارەقەیەی دەریدەدەن بە هۆی گەرماوە، روخساری منداڵەکانی زەرد کردووە، کاتێک گەردەلوولی تۆز و خۆڵ هەڵیدەکرد، دایکان منداڵەکانیان لە باوەشدەگرت و چاوەکانی خۆیان توند دەنووقاند.

پێدەچێ برسێتی و تینوێتی لە چیای شنگال زۆر ئازاری دابن، بۆیە زۆربەی منداڵەکان لە نێو کەمپەکەش دەبەی ئاویان بەدەستەوە بوو، کاتێکیش کاتی نانخواردن دەهات، گەورەو بچووکی نێو کەمپ، قابلەمە بەدەست، ریزیان دەبەست بۆ وەرگرتنی ژەمە خواردن. لە هەر کۆڵانێکی کەمپەکەدا پیکابێک خواردنی دابەشدەکرد، کچە بچووکەکانیش بە دەبە و تورموز ئاویان بۆ ژێر خێمەکان دەبردەوە.

ئەوەی زۆر خەڵکی کەمپەکەی هەراسان کردبوو، نەبوونی تەوالێت و گەرماو بوو، هەندێکیان دەیانگوت زیاتر لە 20 رۆژە خۆیان نەشووشتووە.

ژن و مێردێکی پیرم بینی دەم بە خەندە، دوو منداڵی بچووکیان لەلا بوو، لە خەندەکەیانڕا هەستم بەوەکرد کە پیاوەکە خۆشحاڵە بەوەی خێزانەکەی لەگەڵدایە، رەنگە سەلامەتیی ژن و منداڵ بۆ پیاو هەموو دونیا بێنێ.

لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەریاندا هاتووە، لە یەکەم رۆژی هەڵاتن لە دەستی داعشەوە تاوەکو ژیانی نێو کەمپەکەش، بەڵام دایکان بێ هیوا نەبوونە، زۆربەیان بە دڵێکی پڕ لە میهرەوە خزمەتی منداڵەکانیان دەکەن.

بەشێک لە منداڵەکان لە نێو تۆز و خۆڵی کەمپەکەدا هەڵماتێنیان دەکرد، بەشێکیشیان بە دیاریانەوە وەستابوون و قابلەمە و سەتڵیان بەدەستەوە بوو بۆئەوەی زوو فریای وەرگرتنی خواردن بکەون.



(فۆتۆ: رووداو )

## کچێکی رفێندراو بەتەلەفۆن چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە

# "دایە، تەنیا لەبەر منداڵەکان خۆم ناکوژم"

**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

لەتەنیشت یەکێک لە باخەکانی دەروازەی سلێمانی و لە نێو بینایەکی تەواو نەکراودا کە دەرگا و پەنجەرەی پێوە نییە، خێزانەکەی زوڵفا حەسۆ و چەند خێزانێکی دیکەی ئێزدی گیرساونەتەوە. کاری رۆژانەی ئەوان، وەرگرتنی کۆمەک و چاوەڕوانیی چارەنووسی ئاوارەیی خۆیانە. بەڵام کچە رفێندراوەکەی زوڵفا، هەموو شتێکی لەبیر بردووەتەوە و ئەو تەنیا دەیەوێت جارێکی دیکە کچەکەی ببینێتەوە.

زوڵفا حەسۆ، چاوە شینەکانی لە ئاسمان بڕیبوو، لاوازی و بێهێزی بە روخسارییەوە دیار بوو، وەک کچەکەی دەیگوت، بە دوو رۆژ جارێک نان دەخوات، ئەویش لەژێر گوشاری ئەواندا. زوڵفا دەڵێت "کچەکەم و دوو منداڵەکەی لە دەستی داعشدان، هەواڵی مێردی کچەکەشم هەر نییە و کەس نازانێ لە کوێیە، کچەکەشم چەند رۆژ جارێک تەلەفۆن دەکات".

هەموو تەلەفۆنێکی نێوان زوڵفا و کچەکەی، برینەکە لە دڵیدا نوێدەکاتەوە، لە دوایین پەیوەندیدا بە دایکی گوتبوو "دایە حەزدەکەم خۆم بکوژم، بەڵام لەبەر منداڵەکان دڵم نایەت". فرمێسکەکان بەچاویدا هاتنە خوارەوە و لەبەر خۆیەوە کەوتە لاواندنەوە.

زوڵفا و چەند خێزانێکی دیکە، دوای 15 رۆژ رێگا بڕین توانیویانە بگەنە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دواجار لەو خانووەدا لە دەروازەی سلێمانی بگیرسێنەوە. ئێستا ئەگەر ئەو کچەکەی لەگەڵ بووایە، تەنیا خەمی بۆ ئەوە دەخوارد کە لە گوندەکەی خۆیان هەڵیانکەندن و ستەمیان لێکردن "ئەوەی کچەکەم دەیگێڕێتەوە بەسەر هەر کەسێک هاتبا، هەر وەک ئەوی دەکرد و خۆی دەکوشت". دەستی دایە مۆبایلەکەی و زەنگێکی بۆ کچەکەی لێدا، بەڵام ژمارەکە داخرابوو.

وەک بڵێی دڵنەوایی خۆی بکات، گوتی " تەنیا شەوان درەنگانێک تەلەفۆنەکەی دەکاتەوە، ئەویش لەترسی ئەوەی شەحنی مۆبایلەکەی نەمێنێ زوو دایدەخات".

کچەکەی زوڵفا حەسۆ، شووی کردووە و 2 منداڵی هەیە. لەوەتای شنگال لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوانیش گیراون.

زوڵفا قسەی نێوان خۆی و کچەکەی دەگێڕێتەوە "کچەکەم دەڵێت، چەکدارەکان بە شەوان دێن و ئەوەی بیانەوێت هەڵیدەبژێرن و دەیبەن".

کاتێک پرسیاری لێکردووە کە ئایا هیچ جارێک ئەویان بردووە، کچەکەی بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە دەستی بە گریان کردووە و تەلەفۆنەکەی داخستووە.

زوڵفا دەڵێ، شەوی دواتر هەمان پرسیاری لە کچەکەی کردووەتەوە " گوتی دایە گیان، ئەوەی بەسەر ژنەکانی تر دێت بەسەر منیش هاتووە، ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە بەس ئاژەڵ ئەو کارە دەکات".

تا ئێستا بە تەواوی روون نییە کە چەکدارەکانی داعش چەند کچ و ژنی کوردی ئێزدی و مەسیحییان بردووە، هەندێ ئامار باسی زیاتر لە 500 ژنی کورد دەکەن. بەپێی هەندێ گێڕانەوە، بەشێک لەو ژنانە فرۆشراونەتە خەڵکی سووری و هەندێکشیان بەسەر چەکدارانی داعشدا دابەشکراون.

زوڵفا کە وادیارە تەلەفۆنی شەوانەی کچەکەی بە تەواوی ئۆقرەی لێ بڕیبێت و نەهێڵێت بۆ ساتێک هێور ببێتەوە، باسی پەیوەندی تەلەفۆنیی یەکێک لە شەوەکانی دەکات و دەڵێ، شەوانە دەیانبەنە دەرەوەی ئەو شوێنەی لێی بەند کراون. زوڵفا دەڵێ کچەکەم پێیگوتووم، ئەوەی زۆر ئازاریدام کچە بچکۆلەکەم بوو، چونکە دەیپرسی "دایە گیان ئێوە و ژنەکانی تر بۆ کوێ دەبەن، ئەی بۆ ئێمە نابەن". زوڵفا، بەدەم گریانەوە جارجارێک هاوارێکی بۆ ئاسمان دەبرد، پاش چەند چرکەیەک، دەستی بەقسە کردەوە لەبارەی کچەکەیەوە "کچەکەم گوتی دایە گیان هەر بگەڕێمەوە دڵنیابە نامەوێت زیندوو بم و خۆم دەکوژم، تەنیا بۆ ئەوە زیندووم تاوەکو منداڵەکان بەسەلامەتی بگەیەنمە ئێوە، جارێک لێم پرسی کە ئایا هەواڵی مێردەکەی دەزانێ یان نا، بەڵام ئەو هیچ هەواڵێکی مێردەکەی نازانێ و گوتی ئێتر هیچ شتێک گرنگ نییە بەلامەوە".



رووداو
تاراوگە
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8




## بۆ یەکەمجار سەردانی دەرەوە دەکات

**رووداو- هەولێر**

لەسەر داوای فەرمی سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا و بۆ باسکردن لە بەجینۆسایدناساندنی کارەساتەکەی شنگال، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی هۆڵەندا دەکات، کامەران سوبحان، سکرتێری رۆژنامەوانیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "شاندەکەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، چەند پەرلەمانتارێک یاوەری دەبن، کە پێکهاتوون لە پەرلەمانتارانی نەتەوە جیاوازەکان و سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ". کامەران گوتیشی "سەرۆکی پەرلەمان ئەمە یەکەمجارە سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات وەک سەرۆکی پەرلەمان".

# شۆخێکی کورد دەیەوێ شاجوانی 32 وڵات بێت

## دالیا: خەریک بوو سەربازە ئیکوادۆرییەکان بمگریێنن



**هیوا و دلۆڤان**
**رووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار کچێکی کورد بەشداری لە کێبڕکێی شاجوانی کیشوەرەکاندا دەکات. ئەو کچە کوردە دەیەوێ لەو رێگەیەوە کوردستان بە جوانترین کچەکانی ٣٢ وڵاتی جیهان بناسێنێت.

دالیا محەممەد، تەمەنی 19 ساڵە و خەڵکی شاری سلێمانییە. ئەو ئێستا دانیشتووی ویلایەتی کالیفۆرنیا-ی ئەمریکایە. دالیا دەمێک بوو دەیەویست بەناوی کوردستانەوە کێبڕکێ لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگەکانی 32 وڵاتی جیهاندا بکات. ئەو هێندە بڕوای بەخۆیەتی کە دەڵێ دڵنیایە دەبێتە شاجوانی کیشوەرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: "ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست نەهێنم، گرنگ ئەوەیە توانیومە کوردستان بەو 32 وڵاتە بناسێنم و ناوی کوردستان لەتەک 32 وڵاتی گەورەی جیهاندا بنووسرێت".

بڕیاروایە رۆژی 13-9-2014، شاجوانی کیشوەرە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی 2014، لە مەراسیمێکی بەرفراواندا هەڵببژێردرێت. دالیا دەربارەی مێژووی ئەو پێشبڕکێیە گوتی: "پێشتر تەنیا ئەو وڵاتانە بەشدارییان لەو پێشبڕکێیەدا دەکرد کە خەڵکی کیشوەری ئەمریکا بوون، بەڵام لە 2013 ناوی پێشبرکێکە بووە شاجوانی کیشوەرە یەکگرتووەکان و هەموو وڵاتان دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن".

دالیا لەبارەی بەشداریی خۆیەوە گوتی: "یەکەم کوردم بەناوی کوردستانەوە وەک وڵات بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا دەکەم، کە 32 وڵات تێیدا بەشدارن".

دالیا دەڵێت ئەگەر نەشبێتە شاجوان نیگەران نابێت، چونکە، وەک ئەو دەڵێت، گرنگیی پێشبڕکێکە لەوەدایە کە "ئێمە بەناوی کوردستان بەشداری دەکەین". ئەو کچە کوردە دەڵێ: "دەمانەوێ لەڕووی رۆشنبیری و هونەری و جوانی و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانەوە بەشداری بکەین. چونکە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە کوردستان تاڕادەیەک ناسراوە، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لە بوارەکانی دیکەشدا کورد بناسێنین. هەروەها گرنگە دنیا بزانێت کە کوردیش دەتوانێت لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنی جیهاندا بڕوات".

دالیا باسی ئەوەشیکرد کە "ئەو کچانەی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبن، چەند خەڵاتێکی گرنگ بەدەستدەهێنن و بۆ چەند مانگێک لە ئیکوادۆر دەمێننەوە و سەردانی بەشێکی زۆری وڵاتەکە دەکەن. ئینجا کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ ریکلامکردن پارەی خەیاڵی دەبەخشنە شاجوانەکان".

### دایکی دالیا گلەیی هەیە

دڵخواز ئەحمەد، دایکی دالیا، گلەیی لە وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە هاوکارییان نەکردوون. ئەو دەڵێت "تەنانەت هەواڵێکیشیان نەپرسیوین"، هەروەها "لە باڵێوزخانەی عێراق لە مەکسیک کێشەیان بۆ دروست کردین و داوایان لێکردین بەناوی عێراقەوە بەشداری بکەین، ئەوانیش هەموو هاوکارییەکمان دەکەن و دەبنە سپۆنسەرمان، بەڵام قبوڵمان نەکرد و تەنیا بەناوی کوردستانەوە بەشداریمانکرد". کەچی، وەک دایکی دالیا دەڵێت: "نە وەزارەتی رۆشنبیری و نە حکومەتی کوردستان هیچ یارمەتییەکیان نەداین. لەسەر ئەرکی خۆمان تاوەکو ئێستا زیاتر لە 25 هەزار دۆلارمان خەرجکرد، بەڵام گرنگ ئەوەیە ناوی کوردستانمان خستە ناو مێژووی پێشبڕکێکەوە".

### سەربازەکانی ئیکوادۆر سەرسامن بە پێشمەرگە

دالیا لەکاتی چوونی بۆ ئیکوادۆر باسی کوردستانی بۆ زۆر خەڵکی ئەو وڵاتە کرد، بەڵام دەڵێت: "تووشی شۆک بووم کە بیستم سەربازەکانی ئیکوادۆر بە سەرسامییەوە باسی پێشمەرگەی کوردستانیان دەکرد"، دالیا دەگێڕێتەوە: "چەند سەربازێکی ئیکوادۆری کاتێک زانیيان من لە کوردستانەوە هاتووم، هاتن قسەیان لەگەڵ کردم و گوتیان ئێمە ناوبانگی ئازایەتی و نەبەردیی پێشمەرگەی کوردستانمان بیستووە کە چۆن بەو چەکە کەمەی هەیانە بەرگری لە نیشتمانەکەیان دەکەن. بۆیە وێنەیان لەگەڵ گرتم. بەڕاستی زۆر کەیفخۆش بووم و خەریک بوو دەست بکەم بە گریان. بۆیە شانازی بە پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکەم".

# کوردێک رووسەکان فێری هەڵپەڕکێی کوردی دەکات



**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو- مۆسکۆ**

گەنجێکی کورد لە شاری ئیکەترینبورگی رووسیا، لەڕێی هەڵپەڕکێ و بەرنامەی فێرکردنی زمانی کوردی، کار بۆ ناساندنی میللەتەکەی بە نەتەوە جیاوازەکانی روسیا دەکات.

"رووسەکان زۆر حەزیان لە هەڵپەڕکێیە، لە قوتابخانەو زانکۆ و شوێنە گشتییەکان فێری هەڵپەڕکێی کوردییان دەکەم".

نەزیم حەسەنۆڤ، لە قوتابخانە و زانکۆ و شوێنە گشتییەکانی شاری ئیکەترینبورگدا، بەجلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە چەندین جۆری هەڵپەڕکێی کوردی بۆ قوتابیان و هاووڵاتیانی رووس و نەتەوەکانی دیکە نمایش دەکات، لەگەڵ ئەوانەشدا، بۆ ئاشناکردنیان بە زمانی کوردی چەندین پرۆگرامی ڤیدیۆیی (رووسی- کوردی) دروستکردووە.

نەزیم باسی کار و چالاکییەکانی بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) کرد و گوتی "دوای وەرگرتنی رەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و زانکۆکان، بە جلی و کوردی و ئاڵای کوردستانەوە دەچمە هۆڵی چالاکیەکان و ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لە دەورم کۆدەبنەوە، سەرەتا بە زمانی رووسی خۆمیان پێ دەناسێنم و باسی نەتەوەی کورد و مێژوو و جوگرافیا و کەلتووری کوردیان بۆ دەکەم، پاشان باسی جۆرەکانی هەڵپەڕکێ و چۆنیەتی فێربوونیان بۆ دەکەم".

نەزیم بەدەم باسکردنی هەڵپەڕکێی کوردییەوە، خۆی هەڵپەڕکێکەیان بۆ نمایش دەکات "دواتر قوتابییەکان خۆیان ریز دەبەستن و هاوشانی من دەست دەکەن بە هەڵپەڕکێ".

نەزیم ئەم نمایشانەی خۆی تەنیا تایبەت نەکردووە بە قوتابخانە و زانکۆکان، بەڵکو رۆژانی پشوو دەچێتە شوێنە گشتییەکان و نمایشی هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش بە رێبواران دەکات "خەڵکی فێری شایی و هەڵپەڕکێی کوردی دەکەم، لە نێو پارکەکان شوێن هەن کە کچان و کوڕان نمایشی جۆراوجۆری لێ پێشکەش دەکەن، منیش بە دیار سترانی کوردییەوە هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش دەکەم".

بەپێی قسەکانی نەزیم، رووسەکان زۆر حەزیان لە کاری هونەری و دانس و هەڵپەڕکێ و وەرزش و پێکەنینە، بۆیە بیری لەوە کردووەتەوە "باشترین رێگا" بۆ ناساندنی گەلەکەی بگرێتە بەر "لە قۆناغی دووەمی کۆلێژ مامۆستایان و قوتابیان بەردەوام پرسیاریان لێ دەکردم کە من چ نەتەوەیەکم، بۆم باسدەکردن کە کوردم، ئەوکات سەرنجمدا، بۆ ئەوەی باشتر گەلەکەم بناسن، پێویستە لە رێگەی زمان و هەڵپەڕکێوە میللەتی خۆمیان پێ بناسێنم، دەمەوێ لە رێگەی هەڵپەڕکێ، ئەو پەیامە بگەیەنمە سەرجەم ئەو نەتەوانەی لە رووسیا دەژین، کە کورد هەمیشە پەیامەکەی ئاشتی و برایانە بووە".

نەزیم گوتیشی "ئێستا زۆربەی خەڵکی شاری ئیکەترینبورگ دەزانن کورد کێن، کەلتوور و مێژوو و جوگرافیا و زمان و ئاینی چین، لە سەرجەم فێستیڤاڵ و چالاکییەکانی ئیکەترینبورگدا لەسەر ئەرکی خۆم بەشداریم کردووە، ئەگەرچی لێرە ژیانیش سەختە، هەموو ساڵێک لە 21ی ئاداردا، ئاهەنگێک بۆ نەورۆز ساز دەکەین کە زۆر لە نەتەوە جیاجیاکان میوانداری دەکەین".

جگە لە بواری هەڵپەڕکێ، ئەو گەنجە چەندین بەرنامە و پرۆگرامی ڤیدیۆیی دروستکردووە کە چۆنیەتی گفتوگۆکردن بە زمانی کوردی پێشان دەدات، ئەوەش بۆ ئەو رووسانەی حەز دەکەن فێری زمانی کوردی ببن، نەزیم گوتی "زیاتر گرنگی بە قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی دەدەم، ئەوان زووتر و باشتر شتەکان وەردەگرن و فێر دەبن". نەزیم چەندین سوپاسنامە و رێزلێنانی وەرگرتوون "نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مۆسکۆ هاوکارییان کردووین لە رووی دابینکردنی جلوبەرگی کوردی".

نەزیم تەمەنی 27 ساڵە و لە قیرغیزستان لەدایکبووە، لە ساڵی 1991ەوە روویان لە ئۆکراینا کردووە، نەزیم گوتی "لە ئۆکراینا بەدبەختی بەرۆکی بەرنەداین، بەهۆی ئەوەی ئێمە موسڵمان بووین و ئەوان سلاڤین، سەرجەم ساڵەکانی خوێندنیشم یەکەمی پۆلەکەی خۆم بووم، بۆیە بەردەوام لەگەڵ قوتابییە هاوپۆلەکانم دووچاری کێشە دەبووم، ناچاربووین ساڵی 2000 کۆچ بکەین بۆ کازاخستان و تائێستاش خانەوادەکەم لەوێ دەژین".

نەزیم دەڵێت "ساڵی 2004 بەهۆی زیرەکیم بە زەماله لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی ئۆراڵی حکومی وەرگیرام، لە قۆناغی یەکەم وەک نوێنەری قوتابیانی بیانی هەڵبژێردرام، سوپاس بۆ خوا لەپاڵ خوێندنەکەم توانیم خزمەتی میللەتەکەشم بکەم و لەڕێی چالاکیەکانمەوە توانیم میللەتەکەم بناسێنم".

## بەسەرهاتی ئەو کوردانەی کوردی نازانن

# خەڵاتی عوسمانی بۆ جەنگاوەری کورد لە چۆرووم

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

ژمارەیەکی زۆر کورد لە ئەناتۆڵیای نێوەڕاست دەژین و لە کۆنیا، هەیمانا، کرشەهیر و زۆر شاری دیکەی تورکیا بڵاوبوونەتەوە. زۆربەشیان زمانی خۆیان لەبیرنەکردووە، تەنیا کوردی یەک ناوچە نەبێت، کە بە کوردەکانی چۆرووم دەناسرێن. نزیکەی 100 گوندی کوردنشین لە ناوچەی چۆرووم هەن. نیوەی ئەو کوردانە عەلەوین و نیوەکەی دیکەیان پەیڕەوی مەزهەبی سوننەن، کە ژمارەیان نزیکەی 150 هەزار کوردە و زۆربەیان لە ئەوروپا و بەتایبەتیش لە ئەڵمانیا نیشتەجێن. هەروەها لە فەڕەنسا، دانیمارکیش هەن. بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان بەشێک لەو کوردانە لەلایەن یاوز سوڵتان سەلیم، سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، وەکو خەڵاتکردنیان بەرامبەر بەشداریی ئازایانەیان لە شەڕی دژی سەفەوییەکاندا نێردراون بۆ چۆرووم. دەگوترێت بەشەکەی دیکەی ئەو کوردانەش لە سەدەی 17 و 18دا لە دێرسمەوە روویان کردووەتە چۆرووم. ئەو خێڵانەی لە چۆرووم نیشتەجێن بریتین لە ملان، کاڤلی، جانبەگ و چاکاللی.

مێژووناسان دەڵێن ملان و کاڤلییەکان دوای ساڵی 1715 لە ناوچەی پەرتەک-ی دێرسمەوە راگوێزراون. ئەویش لەبەرئەوەی ناکۆکییان لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانیدا هەبووە. بەڵام تاوەکو ئێستا شوێنی هاتنی خێڵی جانبەگ دیارنییە، کە ئەویش خێڵێکی ناوچەی چۆروومە. هەرچەندە هەندێک لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن کە لە مەڵاتییە یان لە مەڕەشەوە هاتبن. چونکە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باسی ئەو هەرێمە وەکو شوێنی ئەو خێڵانە دەکرێت. خێڵی چاکاللی ساڵی 1800 هاتوونەتە چۆرووم و لە بنەڕەتدا ئەوان خەڵکی سنێ-ی سەر بە سەمسوورن. هێشتا لە سنی گوندەکانی خێڵی چاکاللی ماون. بۆنموونە گوندی ئاکوی ماوە، کە تاوەکو ئێستا بەکوردی قسەدەکەن.

سەرباری ئەوەی کە ژمارەی گوندە کوردییەکان لە چۆرووم زۆرە، بەڵام ئەوان رووبەڕووی گوشار هاتوون. پیرەکانیان بە ئاسایی بە کوردی قسەدەکەن، بەڵام گەنجەکانیان زمانیان لەبیرکردووە و تەنیا بە تورکی قسەدەکەن. هۆکاری ئەمەش زۆرە. ئەنگن جان، کە لە زانکۆی ئۆدەنس لە دانیمارک مێژووی خوێندووە و بۆخۆی کوردی چۆرووممە، بە (رووداو)ی گوت: "هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەو گوندانە وایکردووە گوشار لەسەر دانیشتووانی دروستبکرێت"، چونکە، وەک ئەنگن باسیدەکات: "گوندە کوردییەکانی چۆرووم زۆربەیان بە گوندی تورکی دەورەدراون. کاتێکیش هەموو دراوسێکانت تورک بن، تۆش هەر زوو دەبیتە تورک، دەتوێیتەوە و زمانی خۆت لەبیر دەکەیت." لەگەڵ ئەوەشدا ئەنگن دەڵێت: "هەندێک گوندی ناوچەی چۆرووم ماون کە پیرەمێرد و گەنجەکانیان بە باشی کوردی دەزانن. وەکو گوندی گوپسەن و فندکلی. چونکە دراوسێ و دەوروبەری ئەو گوندانە هەموویان کوردن".

ئەنگن دەڵێ لەو ناوچەیەدا ئەوانەی کوردی دەزانن، واتە بەساڵاچووان، "منداڵەکانیان فێری زمانی کوردی ناکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆرتر گرنگییان بە عەلەوییەت داوە نەک بە کوردایەتی." زۆر لە ئەندام و سەرۆک کۆمەڵەکانی عەلەوییە تورکییەکان لە ئەوروپا کوردی عەلەوین. ساڵی 1980 لە چۆرووم ناکۆکی و شەڕ لەنێوان گرووپە چەپەکان و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (MHP) دروستبوو. کوردە عەلەوییەکان لایەنگری پارتە چەپەکان بوون و رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە و بەوهۆیەوە 50 کەسیان لێ کوژرا. MHP چەپەکان و عەلەوییەکانی وەکو هەڕەشە دەدیت لەسەر پێگەی جەماوەریی خۆی. ئەمەش وایکرد کوردەکانی ئەو ناوچەیە زۆرتر داکۆکی لە ناسنامە ئایینییەکەیان بکەن: "لەبەرئەوەی عەلەوییەکان بەهۆی عەلەوییەتەوە دەکوژران نەک بەهۆی ناسنامەی ئایینییانەوە، کوردی چۆرووم زیاتر گرنگی بە عەلەویبوون دەدەن نەک کوردبوون".

ئەنگن دەڵێت: "سەرەڕای نەزانینی زمانی کوردیش مرۆڤ دەتوانێ هەست بە کوردبوونی خۆی بکات. بێگومان مرۆڤ دەتوانێت ئەمە بکات. من ئامۆزاکانم و هەموو خێزانەکەم زمانی کوردی نازانن، بەڵام هەر خۆمان بە کورد دەزانین. ئەمە کێشەی بوون بە کورد نییە، ئەمە کێشەی هەستکردنە بە کوردبوون".



رووداو هونەری
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8



## زۆیا پێشمەرگە دەکاتە سیمبولی ژیان

**رووداو- هەولێر**

زۆیا، خانمە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە، سروودێکی نوێ بۆ پێشمەرگە دەڵێت.

زۆیا لەبارەی ئەو سروودە بە (رووداو)ی راگەیاند، "پێشمەرگە سیمبولی ژیان" ناونیشانی سروودەکەیە و لەم رۆژانە بڵاودەکرێتەوە. ئەو سروودە لە ئاوازی هاوسەرەکەیەتی کە ناوی لەزگینە. ماوەیەکە هونەرمەندانی کوردستان روویان لە تۆمارکردنی گۆرانی و سروود بۆ پێشمەرگە کردووە، زۆیا جگە لەوە، گۆرانیەکیشی بۆ دایک گوتووە، ئەو دەڵێت "دایک ئەم رۆڵە مەزنانەی پەروەردە کردووە کە ناوی پێشمەرگەیە و سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغان بۆ بەرگری لە خاک و نیشتیمان، بۆیە گۆرانیەکیشم بۆ دایک تۆمار کردووە".



# کچانی کورد فێری نهێنیی میکیاژ دەکات

## شنیار: دەبێت کچانی کورد شانازی بە جیاوازیی جوانی خۆیانەوە بکەن

**ڤانە و تافان**
**رووداو- ئەڵمانیا**

دەمێکە بەشێک لە کچان لەڕێی ماڵپەڕی یوتیوپەوە موتابەعەی کچە کوردێک دەکەن کە پسپۆڕی ئارایشت و جوانکاریی جلوبەرگە. شنیار محەممەد یەکەمین کچە کوردە کە بەزمانی کوردی ئامۆژگاریەکانی بێ بەرامبەر لەڕێی یوتیوپەوە بڵاودەکاتەوە. شنیار کە نیشتەجێی ئەورووپایە، رۆژانە سەدان کچ سوود لە رێنماییەکانی ئەو وەردەگرن. تەنیا لە پەیجی فەیسبووکیدا زیاتر لە بیست هەزار لایکی هەیە و رۆژانە زیاتر لە 100 لایکی بۆ زیاد دەبێت. نهێنییەکەش ئەوەیە کە شنیار دەرگایەکی جیاوازی بۆ کچانی کورد کردووەتەوە، نوێترین و باشترین جۆری میکیاژ و رێنمایی پاراستنی پێست دەخاتەڕوو. هەر تەنیا کچانی کورد سوودیان لە شنیار وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەورووپییەکانیش سەردانی پەیجەکەی دەکەن. شنیار دەربارەی ئەم کارەی بۆ (رووداو) دەدوێت.



**رووداو: چۆن بوو بیرت لەم کارە کردەوە و لەکەیەوە ئەم کارە دەکەی؟**

**شنیار:** من تاکە کوردم کە لە رێگای ماڵپەڕی یوتیوپەوە ڤیدیۆی فێرکاریی چۆنیەتی میکیاژ و پاراستنی پێست بە زمانی کوردی بڵاودەکەمەوە. بەو هۆیەشەوە بینەرێکی یەکجاری زۆرم بۆ خۆم کۆکردووەتەوە. ئاواتم ئەوەیە بگەڕێمەوە کوردستان و کچەکانی کوردستانیش لە نزیکەوە بەشێوەیەکی زانستی فێری کاری میکیاژ بکەم. کاری جوانکاری هەم وەکو پیشە و هەم وەکو حەز و خولیا دەبینم.

**رووداو: بە تەنیا ئەم کارە دەکەی، یان کەسێک هاوکاریت دەکات؟**

**شنیار:** سەرەتا ماڵەوە زۆر هاوکارییان کردم، ئێستاش هاوسەرەکەم زۆر پاڵپشتیم دەکات، ماوەیەکی زۆرە دەستم بەو کارە کردووە و هەموو قسەکانیشم بە زانستی بووەو لە خۆمەوە نەبووە، بەڵکو لە ئەزموون و گەڕان و کارکردنم بووە، دەمویست لە رێگای ئینتەرنێتەوە ئەو شتانەی من دەیزانم بە کچانی کورد بگات و سوودی لێ وەربگرن.

**رووداو: بەنیاز نیت بگەڕێیتەوە کوردستان لەوێ ئەو کارانە بکەیت؟**

**شنیار:** زۆر حەز دەکەم بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام جارێ تەنیا بەسەردان دەگەڕێمەوە، واتە بەیەکجاری نییە و خۆشحاڵیش دەبم ئەم کارە لە کوردستان بکەم، بەڵام من لە رێگای ئینتەرنێتەوە لە هەموو خەڵکی نزیکم و باشتر سوودم لێوەردەگرن.


**رووداو: تۆ وەک شارەزایەکی جوانکاری، رۆحی جوانی لەچیدا دەبینی؟**

**شنیار:** بەڕای من رۆحی جوانیی هەموو مرۆڤێک پێکەنین و زەردەخەنەیە کە بەهیچ میکیاژێک نایگۆڕمەوە. تۆ دەتوانی لوتت بچووک بکەیتەوە، چاوت گەورە بکەی، لێوت ئەستوور بکەیت، بەڵام ئەوانە قەت ناتوانن جێی پێکەنینێکی راستەقینە بگرنەوە.

**رووداو: جوانیی کچانی کورد لەچیدا دەبینی؟**

**شنیار:** شانازی بە جوانیی کچانی کوردەوە دەکەم، دەبێت ئەوانیش شانازی بە جیاوازیی جوانی خۆیانەوە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لێدەکەم لاسایی خەڵکی دیکە نەکەنەوە، چونکە شێوازی خۆیان زۆر جیاواز و جوانە.





# "ئەی رەقیب" کێشە دەخاتە نێوان هونەرمەندان و پەرلەمانتاران

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

رۆژی دەستپێکردنەوەی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان بە مارشی ئەی رەقیب کرایەوە، بەڵام پاش تەواوبوونی مارشەکە بەشێک لە پەرلەمانتاران رەخنەیان لە مارشەکە گرت، بەهۆی ئەوەی وەک ئەوان گوتیان دەستکاری ئاوازەکە و جێگۆڕکێ بە تێکستەکە کراوە، بەڵام دابەشکاری مارشەکە دەڵێت ئەو پەرلەمانتارانە هیچ لە میوزیک نازانن.

رابوون مەعروف، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان لە میانەی بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ) لە تەلەڤزیۆنی رووداو یەکەم کەس بوو رەخنەی توندی لەو گۆڕانکارییە گرت و بە توندی گلەیی لەو کەسانە کرد کە مارشەکەیان لە پەرلەمان پەخشکرد. رابوون گوتی "هەر گۆڕانکارییەک لە مارشی نەتەوەیی دەبێت بەپێی یاسا بێت، بەڵام هونەرمەندێک لەخۆیەوە هاتووە دەستکاری بەشێکی ئاوازی مارشەکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگۆڕکێی بە تێکست کردووە و ئەو وشانەشی لابردووە کە دەڵێت دینمانە ئاینمانە هەر نیشتیمان، بەڕاستی نەدەبوو ئەمە بەسەر پەرلەماندا تێپەڕێ".

بەڵام دابەشکاری میوزیکی مارشی ئەی رەقیب کە هونەرمەند هیوا تەڵعەتە، رەخنەکانی ئەو پەرلەمانتارەی رەتکردەوە و گوتی "بەداخەوە ئەو برادەرە هیچ لە میوزیک نازانێت و قسەش لەسەر میوزیک دەکات، لەوەش سەیرتر چۆن دەبێت ئەندام پەرلەمان بێت و تاوەکو ئێستا مارشی ئەی رەقیبی لەبەر نەبێت و ریزبەندی شیعرەکە نەزانێت و رەخنەش بگرێت".

هیوا تەلعەت گوتیشی "باشترە ئەم کارە بۆ هونەرمەندان بەجێبهێڵن".

هیوا رەخنە لە بەرپرسانی کوردستان دەگرێت لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا هەر کار بەو مارشە کۆنەی ئەی رەقیب دەکەن کە وەک ئەو دەڵێت بە نەشازی و بەیەک ئامێری کیبۆرد تۆمار کراوە، ئەو بەردەوام بوو گوتی "70 ساڵ بەسەر کۆماری کوردستان و 24 ساڵیش بەسەر راپەڕینی خەڵکی کوردستان تێپەڕ دەبێت، کەچی هێشتا هەر ئەو مارشە نەشازە لێدەدرێتەوە، بەڕاستی زۆر عەیبە کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە میوزیکێکی ئەکادیمی چاک بکات، لەبەر ئەوەی ئێستا رۆژانە وەفدی گەورەی جیهانی دێن بۆ کوردستان، بەڵام گوێ لەو مارشە نەشازە دەگرن، ئێمە وەک هونەرمەندانی کوردستان چیدی قەبوڵ ناکەین بەمشێوەیە بەردەوام بێت".

دەربارەی لابردنی ئەو کۆپلەیەی کە دەڵێت "دینمانە ئاینمانە هەر نیشتیمان"، هیوا دەڵێت "ئەم مارشەی کە من دابەشکردنم بۆ کردووە، یەک خولەکە، ناکرێت هەموو شیعرەکە پێشکەش بکرێت، ئەگەر هەمووی بخوێندرێت دەبێتە شەش خولەک، کەواتە ئێمە دوو کۆپلەمان پێشکەش کردووە، ئەم دێڕەی باسیان کرد، دەکەوێتە کۆپلەی سێیەم بۆیە نەگوتراوە، ئێمە دەستکاریمان نەکردووە، بەڵکو لە سیستەمی پەروەردەش کە چەند ساڵە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت بەمشێوەیە بووە". ئەو گوتیشی "هەر وەک باوە نابێت مارشی نیشتیمانی لە یەک خولەک زیاتر بێت، چونکە میوان و خەڵک ناتوانن شەش خولەک بە پێوە بوەستن".

هیوا تەڵعەت داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی کۆتایی بەو مشتومرە بێت، پێویستە بە زووترین کات پرۆژە یاسایەک بۆ پێداچوونەوە و یەکلاکردنەوەی مارشی نەتەوەیی تاوتوێ بکات، دەقە شیعریەکە و شێوازی ئاوازەکە بە یاسا بچەسپێنێ.

کامەران سوبحان، سکرتێری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ناکۆکیەکی زۆر لەسەر مارشی ئەی رەقیب هەیە، ئەو پێیوایە ئەمە بووەتە گرفت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ دەڵێت "پەرلەمان بیر لەوە دەکاتەوە بە یاسایەک ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، دیارە لەلایەن هونەرمەندانی کوردستان چەند نموونەیەک بۆ پەرلەمان نێردراوە، وەک خالید سەرکار دابەشکردنی پرۆفیشناڵی بۆ کردووە و چەند جارێکیش نمایش کراوە، دواترینیان ئەوەی هیوا تەڵعەت بوو، بەڵام لەلایەک ئیسلامییەکان بە سووکایەتی بە ئاین دەیبینن و لەبەری هەڵناستن و هەندێک ئەندام پەرلەمانی دیکەش بە بیانووی دەستکاریکردنی نیگەران بوونە، بۆیە لەبەرنامەی پەرلەماندایە بە هاوکاری هەموو لایەک چارەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە و بە یاسایەک رێکیبخات".

زۆر کەس پێیانوایە نابێ لەبەر کەمینەیەکی ئیسلامی دەستکاری ئەو مارشە مێژووییە بکرێ، چونکە مارشی تەنیا خەڵکی هەرێمی کوردستان نییە و ئەگەر دەستکاری بکرێ پارچەکانی دیکەی کوردستان پێوەی پابەند نابن.

# تەنگەزار و کچەکەی ئەلبوومێکی گۆرانی بۆ منداڵان بڵاودەکەنەوە

**یادێ جوان**
**رووداو- بەرلین**

هونەرمەند و مامۆستای زمانی کوردی، جوان تەنگەزار ئەلبوومێکی گۆرانی بۆ منداڵان بڵاوکردەوە. هەموو گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکە بەدەنگی گۆرانیبێژ جوان تەنگەزار و لۆرین هێژای کچی تۆمارکراون.

ئەو ئەلبوومە لە هۆنراوە و ئاوازی جوان تەنگەزارە و هەر خۆی کاری ئامادەکردن و دەرکردنی ئەلبوومەکەی کردووە.

ئەلبوومەکە 9 گۆرانی بە شێوەزاری کرمانجی لەخۆدەگرێ کە بەپێی هەست و نەستی جیهانی منداڵان نووسراون.

تەنگەزار تاوەکو ئێستا سێ ئەلبوومی بۆ منداڵان دروستکردووە. بەڵام بەهۆی دەستکورتی و نەبوونییەوە ئەو ئەلبوومە پێویستی بە سپۆنسەر هەیە و ئەگەر سەربکەوێت، حەز دەکات بەداهاتی یەکەم ئەلبوومی، ئەلبوومی دووەم و سێیەم وەکو دیاری پێشکەشی منداڵانی کورد بکات.

ئەم هونەرمەندە کە ماوەی چەندین ساڵە لە بەرلین دەژی، جگە لە گۆرانیبێژی لە سێ کۆرسی جیاجیا وانەی زمانی کوردی بە منداڵان و گەورەکان دەدات. تەنگەزار دەڵێت: "گۆرانی بۆ منداڵان وەکو چیرۆکی منداڵان بۆ خەون و خەیاڵی منداڵ زۆر گرنگە. چیرۆک و ستران نەک تەنها هەستی منداڵان بەهێز دەکەن، بەڵکو بۆ منداڵان وەکو قوتابخانەیە".

هەروەها دەڵێت "ماوەیەکی درێژە ئەوەندەی لەدەستم بێت، دەمەوێت ببمە لێکۆڵەری زمان، میوزیک و رۆشنبیری کوردی. ساڵی 2008 بڕیارم دا هیچ بەرهەمێک لەبواری میوزیکدا پێشکەش نەکەم تاوەکو بۆ منداڵانی کورد شتێک نەکەم. بەم بەرهەمە خۆم ئازاد دەکەم".

هونەرمەند لەو باوەڕەدایە کە بەرهەمی کوردی بۆ منداڵان لە بازاڕدا نییە، ئەم بەرهەمە بۆشاییەک پڕدەکاتەوە و بۆ منداڵان و دایک و باوکانی کورد مایەی خۆشحاڵییە.


جوان تەنگەزار بەردەوام دەبێت: "من لە زۆر خەڵکی هەرێمە جیاجیاکانی کوردستانم پرسی کە ئەوان گۆرانی منداڵان دەزانن یان نا، دەیانگوت گۆرانی منداڵان زۆرن. بەڵام ئێستا لەبیرمان نەماون. ئەگەر ئێمە لە گەورەکان یان کەسانی دیکەش بپرسین، ئەوا زۆر گۆرانی منداڵانمان بۆ دەڵێنەوە. زۆر گۆرانی هەبوون، بەڵام تۆمار نەکران و ئەرشیف نەکران و لەئەنجامدا ونبوون. یان بوونەتە موڵکی گەلانی دیکە".

جوان تەنگەزار دەڵێت ئەم بەرهەمەی بۆ ئەو منداڵانەیە کە توانا و حەزی گۆرانیگوتنیان هەیە و پێیوایە دەبێتە پەیامێک کە لەمنداڵییەوە دەست بە هونەر بکەن. لەبارەی گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومە و ناوەڕۆکی ئەم گۆرانیانە هونەرمەند تەنگەزار دەڵێت: "لەم ئەلبوومەدا 9 گۆرانی هەیە، 6 گۆرانی بەدەنگی من و 3 گۆرانیش بەدەنگی کچەکەم تۆمارکراون. گۆرانیەکانی ئەلبوومەکە بۆ هەموو منداڵانە لە تەمەنی یەک تاوەکو 10 ساڵی. هەروەها بۆ گەورەکانیشە کە تازە دەست بە فێربوونی زمانی کوردی دەکەن. هیوادارم کە ئەلبوومەکە ببێتە کەرەستەیەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە باخچەی منداڵان، خوێندنگە و کۆرسەکان".

گوتیشی کە ئامادەکاری بۆ دوو ئەلبوومی دیکەش کردووە بۆ منداڵان و ئەوانیش لە داهاتوودا بڵاودەبنەوە. هاوکات ئامادەکاری بۆ فەرهەنگێکی کوردی- ئەڵمانی دەکات و بۆ منداڵانیش پەرتووک ئامادە دەکات، باس لەوەش دەکات کە هەموو کارەکانی ئەلبوومەکە تەواو بووە و داوا لە دامودەزگا کوردییەکان دەکات بەتەنها جێی مەهێڵن بۆ ئەوەی بتوانێت چاپیان بکات.

ئەو کەسایەتی و دامودەزگایانەی کە دەیانەوێت پشتگیری لەم پرۆژەیە بکەن، دەتوانن لەرێگەی ئەم ئیمەیلە (ciwantengezar@gmail.com) پەیوەندی بە جوان تەنگەزارەوە بکەن.




RÛDAW
LEGEL Ranj
بەسپۆنسەری ئاسیاسێل
بەردەوامە
اسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
/AsiacellComnnect

## ژنە سواڵکەرێک گیانی لەدەستدا



**ڕووداو-هەولێر**

کاژێر 7:15ی بەیانی 2014/9/4 لە سەر شەقامی 100 مەتری هەولێر، لە چوارریانی پاساپۆرتی هەولێر، شۆفێرێک بە ئۆتۆمبێلەکەی ژنێکی کوشت، ئەو ژنە ناوی (چ. ر. ع) 26 ساڵ بوو، لە سەر شەقامەکان سواڵی دەکرد، شۆفێرەکەیش ناوی (م. غ. خ) بوو، ئۆتۆمبێلێکی لە جۆری مارسیدس ترێلە پێبوو، پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە، دوای گیان لەدەستدانی ئەو ژنە، دادوەر بڕیاریدا بە دەستگیرکردنی شۆفێرەکە، بە پێی ماددەی 24ی هاتوچۆ، ئێستا شۆفێرەکە لە زیندانە.

# دڵشاد گەرمیانی بۆ ژنە ئێزدییەکانیش دەچێتە لای داعش

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامادەیی نیشاندانی دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بۆئەوەی کە بە یاوەریی چەند مامۆستایەکی ئاینیی بێلایەن بچێتە مووسڵ و پێشمەرگە دەستبەسەرکراوەکانی لای داعش وەربگرێتەوە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەنێو میدیادا هەبوو، بەڵام پرسیاری ئەوەشی ورووژاند کە بۆچی تاوەکو ئێستا چارەنووسی ژنانی ئێزدی هیچ مامۆستایەکی ئاینی نەجوڵاندووە بۆئەوەی هەوڵێکی لەوجۆرە بدەن.

سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی دەڵێ "لە وتارەکانماندا ئەوەندە باسی داعشمان کردووە، وامان لێهاتووە ئیتر خەریکە بیرمان دەچێتەوە باسی ئەرک و پێویستی و پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام بکەین". نەجمەدین قادر، هاوسۆزیی خۆیانی بۆ ژنانی کوردی ئێزدی دەستبەسەرکراو لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دووپاتکردەوە. ئەو گوتی ئێستا کێشەی داعش و کردەوەکانی تەواوی مزگەوتەکانی کوردستان و وتارە ئاینییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چونکە وەک ئەو گوتی "ئەوەی داعش دەیکات پێش ئەوەی دەستدرێژی بێت بۆ سەر گەلی کورد، دەستدرێژییە بۆ سەر ئاینی ئیسلام خۆی".



رفاندن و بە بارمتەگرتنی سەدان ژنی کوردی ئێزدی و ئەو چیرۆکانەی باس لە دەستدرێژی و تەنانەت فرۆشتنیان دەکەن لە بازاڕی کۆیلەییدا، جیهانی تووشی شۆک کردووە. ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ لەویارەوە ڕایگەیاند کە ئەوە دەچێتە خانەی تاوانی جەنگ و تەنانەت جینۆساید لەدژی کەمینەیەکی ئاینی.

هێشتا هیچ ئامارێکی دروست لەلایەن دەزگایەکی حکومی یان ڕێکخراوێکی ناحکومی لەبارەی ژمارەی ئەو کچ و ژنە کوردە ئێزدییانەی ڕفێندراون لەلایەن داعشەوە، بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام دەگوترێ کە ژمارەیان لە 500 کەس زیاترە.

نەجمەدین قادر، سەبارەت بە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ژنە ئێزدیانەی لەلایەن داعشەوە ڕاگیراون، دەڵێ "داعش گوێ لە قسەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناگرێ، ئیتر چۆن گوێ لە ئێمە دەگرێ". ناوبراو دەڵێ "ئەگەر داعش لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بڕۆیشتایە، پێش ئێمە گوێی لە پێغەمبەرەکەی و بەرنامەی ئاینەکەی دەگرت".

دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێ، ئەو ناتوانێ بڵێ ئەو کچ و ژنە ئێزدییانە "غەنیمە"ن یان نا "ئەوە پەیوەندی بە مامۆستایانی ئاینییەوە هەیە و من ناتوانم بڵێم غەنیمەیە یان نا". بەڵام ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بچێتە سۆراخی ئەو ژنانەش "ئەگەر کەسوکاری ژن و کچە ئێزدییەکان، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی داوام لێبکەن، ئامادەم ئەم مەسەلەیە لەگەڵ چەکدارانی داعش بکەمەوە".

لەدوای ئەو ئامادەیی دەربڕینە بۆ سۆراخ و ئازادکردنی پێشمەرگەکانی لای داعش، ڕەخنەی ئەوە لە دڵشاد گەرمیانی گیرا کە پەیوەندی لەگەڵ چەکدارانی داعش هەیە، بۆیە وا بەو ئاسانییە دەڵێت دەچمە لایان و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم، بەڵام گەرمیانی ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە "ئەوەی من دەیکەم، کارێکی پڕ مەترسییە و لەوانەیە گیانی خۆمی لەسەر دابنێم، بەڵام ئەمە لەپێناو خودای گەورە دەکەم و بۆ دنیاو ناو و ناوبانگ نایکەم، هیچ جۆرە پەیوەندییەکیشم لەگەڵ چەکدارانی داعش نییە".

لە 1/9 /2014 گرووپێک بەناوی (فایڤ پلەس) بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی ئەو کچ و ژنانە دروست بوو کە لە 5 ژنە چالاکوانی خۆبەخش پێکهاتوون.

گرووپە نوێیەکەی ژنان، نایانەوێت کارەکانیان وەک هەموو ئەو گرووپانەی دیکە بێت کە بۆ داکۆکیکردن و بەهاناوەچوونی ژنان کار دەکەن، ئەوان جگە لە دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەو کارەساتەی بەسەر ژنانی ئێزدیدا هاتووە، چەند چالاکییەکی جیاوازتر ئەنجام دەدەن.

شلێر باپیری، ئەندامێکی گرووپەکە گوتی "ئێمە دەمانەوێت بە داتاو لێکۆڵینەوە کاربکەین، بۆ ئەوەی ڕایەڵێک بین بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکاندا".

هەروەها گوتی "ئێمە بۆ داکۆکیکردن لەو ژنە ئێزدیانە، هەڵمەتێکی جیهانیی واژۆ کۆکردنەوەمان دەستپێکردووە، هەروەها نامەیەکمان بۆ سەرۆک ئۆباما و بۆ یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە تاوەکو بتوانن پاڵپشتمان بن و دەنگی ژنانی کوردستان بگەیەنین بە جیهان".



# ژنە خانەنشینەکان دەڵێن نەیانزانیوە بەرپرسی سەربازین

**تەرزە عەبدوڵڵا و ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو – سلێمانی**

دوای ئەوەی وەزارەتی دارایی بڕیاری دامەزراندنی دوو کارمەندەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە، شەپۆلێک لە ئاشکراکردنی لیست لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێکرد و لەو نێوەدا زۆر لیستی خانەنشینکردنی نایاسایی بڵاوکرانەوە، بەڵام هیچکام لەو لیستانە هێندەی لیستەکەی ژنان کە بە لیستی (404) ناسرا، دەنگدانەوەی لەنێو میدیا و لەنێو خەڵکدا نەبوو.

هەندێک لەو ژنانەی ناویان لەو لیستی خانەنشینییەدا هاتبوو، دەڵێن لە بارێکی دەروونیی ناخۆشدان و چاوەڕوانیان نەکردووە کە ئەوان بەو شێوەیە دەکرێنە ئامانج لە شەڕێکی سیاسیدا.

یەکێک لەوانەی ناوی لەنێو لیستەکەدایە و داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەرەتاوە دەمزانی خانەنشین کراوم، بەڵام نەمدەزانی بە پلەی سەربازی ئەو مووچەی خانەنشینیەم پێدەدرێ و واتێگەیشتبووم کە لەسەر فەرمانگەیەکی حکومیم".

هەروەها دەڵێ، ڕۆژانە ڕووبەڕووی توانج و تانە و تەشەر دەبێتەوە و وێنەکەی خۆی دەبینێ کە خەڵک کردوویانە بە کاریکاتێر و دەستەواژە و وشەی بریندارکەری لەتەنیشتەوە نووسراوە "زۆر ئازارم دەدات و لەڕووی دەروونییەوە زۆر کاری تێکردووم، بەڵام من 21 ساڵ خزمەتم هەیە و بە مافی خۆمی دەزانم ئەو مووچەیەم هەبێت". بڕواشی وایە کە دەبێت حیزبەکەی وەڵام بداتەوە و بەرگرییان لێبکات "چونکە ئێمە حیزبەکەی خۆمان ئەو کارەی بۆ کردووین، خۆ من داوام نەکردووە بەو شێوەیە خانەنشینم بکەن".

لیستی 404، هێشتا بابەتێکی گەرمی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە لەپشتییەوە شەڕێکی سیاسی گەرم بەڕێوە دەچێت. ئەوەی کە سەیرە لەنێو لیستە بڵاوکراوەکەدا، هەرچەندە پلەی سەربازیی خانەنشینکراوەکان وەک یەک نین، بەڵام دەبینرێ هەندێک لەوانە پلەی سەربازیی خوارتریان هەیە و مووچەی بەرزتر وەردەگرن لەچاو ئەوانەی بە پلەی بەرزتر خانەنشین کراون.

یەکێک لە ژنە خانەنشینکراوەکان دەڵێ، هەرچەندە من بە نووسراوی فەرمی داوامکرد خانەنشینییەکەم هەڵبوەشێنرێتەوە، کەچی ناوی من لە لیستەکەدا هاتووە.

مریەم سەمەد کە ئەندامی فراکسیۆنی سەوزە لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ خانەنشینکردنم لە پرۆسەیەکی گشتیدا بووە لەساڵی 2013 و من بە شەخسی ئەو داوایەم پێشکەش نەکردووە، بەنووسراویش بڕیاری خانەنشینکردنی خۆم هەڵوەشاندووەتەوە".

ئەو پەرلەمانتارەش یەکێکە لەوانەی دەیەوێ سکاڵای یاسایی لەدژی عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان تۆمار بکات و دەڵێ "دەکرا لیژنەکان لە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بڕۆن، نەک بکرێتە ناوزڕاندن".

ئەگەرچی گومەکە لەلایەن پەرلەمانتارێکی گۆڕانەوە شلەقا، بەڵام پەرلەمانتارێکی دیکەی گۆڕان دەڵێ کە پرۆژەیان ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی مووچەدا.

د.شێرکۆ حەمە ئەمین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە کە دەبێت پرۆژەی یاسای خانەنشینکردنی یەکگرتووی عێراق لە کوردستان یەکلایی بکرێتەوە کە لە 7/5 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە "ئەگەر حکومەت دادپەروەر بێت، دەبێت پرۆژەکە قبوڵ بکات، چونکە بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە ئیدی خزم خزمێنە لە مووچە و خانەنشینیدا کۆتایی دێت".

لە ساڵی 1996 دوە هێزی پێشمەرگەی ژنان لەسەر داوای ژمارەیەک کادری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەزراوە، ئێستا ئەوان پێیان دەگوترێ فەوجی دووی ژنان کە سەر بە یەکەی 106ی هێزەکانی 70یە، ناهیدە ئەحمەد، فەرماندەی فەوجی ژنان دەڵێ بە 15 ساڵ خزمەتی سەربازی ئەو پلەیەی وەرگرتووە و ئێستا پلەی عەقیدی هەیە. ئەو پێیوایە کوردستان بە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەڕوات و "کاتی ئەوە نەبوو ئەو لیستە بڵاوبکرێتەوە، کاتی ئەوەیە یەکڕیزیی نیشتمانی ڕابگەیەنین".

ناهیدە ئەحمەد، فەرماندەی فەوجی ژنان، بە ڕەوای نازانێ "کەسێک لەبواری سیاسی ئیش بکات و بەپلەی سەربازی خانەنشین بکرێ، کەسێک نە خولی بینیوە و نە خوێندنی سەربازیی خوێندووە و نە ڕۆژێک دەوامی کردووە چۆن دەبێت مووچەی سەربازی وەربگرێت"، گوتیشی "لەو ناوانە تێیدایە هێندەی یەک ڕۆژی پێشمەرگەیەکی ژن، هیلاک نەبووە".

بەبڕوای ناهیدە، ئەوە کاری پەرلەمان و حکومەتە لێپرسینەوە لەو مەسەلەیە بکات و بەدوایدا بچێت، نەک هەرکەسە و لای خۆیەوە هەڵوێستی خۆی ڕابگەیێنێ.

(ڕووداو) هەوڵی دا لێدوانی زیاتری ئەو کەسانە وەربگرێت کە ناویان لەنێو لیستەکەدایە، بەڵام پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە چاوەڕوانی بڕیاری حیزبەکەیان دەکەن تاوەکو ڕوونکردنەوە بدەن، هەرچەندە خۆشیان ڕەخنە لەوە دەگرن کە نەدەبوو حیزبەکەیان بەپلەی سەربازی خانەنشینیان بکات، بەڵکو پێویست بوو لەسەر وەزارەتێکی دیکە خانەنشینیان بکەن.

ڕێکخراوەکانی ژنانیش هاتوونەتە سەر هێڵ بۆ بەرگریکردن لەو ژنانە. بەهار مونزیر، چالاکوانی ژنان، دەڵێ ئەوە هەڵوێستێکی ناشرین بوو بەرامبەر بە ژنان کرا، بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی وێنەکانیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نووسینی کۆمێنتی ناشیرین لەسەریان. ئەو دەڵێت "ئەوە گەندەڵیی کەسەکان نییە، ڕاستە ئەوە پارەی خەڵکە دەدرێت بەوان لەکاتێکدا چەندین ژنی بێکار و بێ مووچە هەن، بەڵام سیستمی حوکمڕانی گەندەڵە".

ئەگەرچی ئەو لیستەی بڵاوبووەتەوە بەشی زۆریان میدیاکار و کادرەکانی یەکێتین، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، زۆربەی پارتەکانی دیکەش هەمان کاریان کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کادر و لایەنگری خۆی لە نێو وەزارەتەکاندا بەپلەی سەربازی خانەنشین کردووە، حیزبی شیوعی و زەحمەتکێشان نزیکەی 200 کەسیان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکان بەپلەی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر بۆ دامەزرێنراوە، حیزبی سۆسیالیست نزیکەی 900 کەس و بزووتنەوەی ئیسلامیش 700 کەس و کۆمەڵی ئیسلامی زیاتر لە 250 کەس.

# لە 6 مانگدا 9 ژن خۆیان سووتاندووە

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی دەڵێ "شێوازی کارکردنی ئێمە لە بەدواداچوونەوە گۆڕاوە بۆ بەرەنگاربوونەوە". وەک ئەو دەڵێت، ئێستا ئەوان ڕاستەوخۆ دەست بە لێکۆڵینەوە لەو کێشانە دەکەن کە دێتە بەردەمیان.

هێشتا ئامارەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە باشووری کوردستان بەرزن، هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە حکومەت بەردەوام پشتیوانی خۆی بۆ ئەو ڕێکخراوانە دووپاتدەکاتەوە کە لە بواری کێشەکانی ژنان کاردەکەن.

سەرکەوت عومەر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی، پێیوایە هێشتا تێڕوانینە نەریتی و کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکی بەرچاوی توندوتیژیی دژی ژنانن "بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان، بە دوو قۆناغ ڕووبەڕووی ئەو جۆرە توندوتیژییانە دەبینەوە کە بەرامبەر ژنان دەکرێت، بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان دەکەین و لە کێشەکان دەکۆڵینەوە ئەگەر لەناو خێزان بێت یان دەرەوەی خێزان".

ناوبراو ژنان و کچانی ستەملێکراو دڵنیا دەکاتەوە کە ئێستا میکانیزمی کارەکانیان گۆڕاوە و زووتر بەدەم ئەوانەوە دەچن و باسی زیادکردنی نووسینگەکانیان دەکات "لەو شوێنانەی نووسینگەمان هەیە و لەو شوێنانەش نووسینگەمان نییە، کێشەکان دەچنە بنکەکانی پۆلیس و لەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت"، گوتیشی "زۆرینەی کێشەکان لەنێو ئافرەتانی 18 بۆ 40 ساڵن و زۆرتر کێشەی خێزانین".

شەڕی داعش و سەرقاڵبوونی خەڵک بەو کێشەیە و لەلایەکی دیکەوە، کەمیی مووچە و هاتنی هەزاران خێزانی ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئەمساڵ ژن و کێشەکانی لە نێو میدیا و خەڵکدا کاڵتر کردووە، هەرچەندە ئامارەکان هێشتا وا پێشان دەدەن کە ڕێژەی تاوان و کێشەکانی ژن بەرزن.

سەبارەت بە هاتنی هەزاران خێزانی ئاوارە کە تا چەندە ئەوانی بە کێشەی زیاترەوە سەرقاڵ کردووە، سەرکەوت عومەر دەڵێ، لای ئێمە هیچ ژن و کچێکی عەرەب دۆسیەیان بۆ نەکراوەتەوە کە سکاڵایان دژی مێرد یان برا و باوکیان تۆمار کردبێت "بەڵام ڕاپۆرتەکانی لای پۆلیس ئاماژە بە بوونی زۆر کێشە و تاوانی وەک توندوتیژی و دزی و تاوانەکانی دیکە دەدەن بە هۆی هاتنی ئاوارەکانەوە".

سەرکەوت عومەر دەڵێ، لە نێو کەمپەکانیش نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەکەنەوە "لە عەربەت ئۆفیسێکمان کردووەتەوە بە هاوکاری ڕێکخراوی (DHRD) و (UNHCR) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان".

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سلێمانی دراوەتە (ڕووداو)، لەماوەی 6 مانگی ئەمساڵدا، 639 حاڵەتی توندوتیژیی جۆراوجۆر بەرامبەر بە ئافرەتان لە سنووری ئەو پارێزگایە تۆمارکراون. بەپێی ئامارەکە بەراورد بە 6 مانگی سەرەتای ساڵی 2013، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە کە لەو ساڵەدا 646 حاڵەت بووە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە 6 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، 9 ئافرەت خۆیان سووتاندووە و 2 ئافرەت ڕفێنراون و 247 حاڵەتی لێدانی ئافرەتان هەبووە و 15 ژن منداڵەکانیان لێسەندراوەتەوە و 104 ئافرەت هەڕەشەیان لێکراوە و 8 ئافرەت خۆیان دەرمانخوارد کردووە و 14 ژنیش سکاڵایان تۆمار کردووە کە هاوسەرەکانیان ناپاکییان لەگەڵ کردوون.

ڕووناک فەرەج، کە چالاکوانێکی ژنە، دەڵێت بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژنان تەنیا کاری ڕێکخراوەکانی ژنان نییە، دەبێت ئاستی کۆمەڵگە بگاتە ئەوەی کە ئەم توندوتیژییانەی بەرامبەر ژن دەکرێت، توندوتیژییە بەرامبەر نێرینەش".

کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ڕۆژانە 6 بۆ 7 کێشە ڕوویان تێدەکات. زۆربەشیان هی ئەو کچانەن کە لە تەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری دەکەن "زۆربەی ئەو ژنانە لە تەمەنێکی منداڵدان، تەمەنیان لە نێوان 18 بۆ 23 ساڵە".



## گەنجێک براکەی خۆی دەکوژێت

**رووداو-هەولێر**

لە نێو بازاڕی ئیسکانس کەرکووک، رۆژی 2014/9/3 گەنجێک برایەکی خۆی کوشت و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵات، بە پێی زانیارییەکانی پۆلیسی شارەکە "ئەو گەنجە تەقە لە برایەکەی خۆی دەکات و یەکسەر دەیکوژێت، لە هەمان کاتدا برازایەکیشی بریندار دەکات، هێشتا بۆمان روون نەبووەتەوە هۆکاری تەقەکردن و کوشتنی براکەی چی بووە، بەڵام فەرمانی گرتنی بکوژ دەرچووەو لە هەوڵی گرتنی داین".

# دوو کەس چیرۆکی هەوڵی خۆکوشتنی خۆیان دەگێڕنەوە

## ویستیان خۆیان بکوژن، بەڵام بوونە بابەتی بەرنامەی "چیرۆکی سەرکەوتن"

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

دوو کەس لەوانەی بەشداری (چیرۆکی سەرکەوتن)ی تەلەڤزیۆنی (رووداو)یان کردووە، پێشتر هەوڵیانداوە خۆیان بکوژن. یەکێک لەوان دەڵێت "ئەو کاتەی ویستم خۆم بکوژم، کێشەی زۆرم هەبوو، نەمدەزانی ئەو کێشانە سەرەتای سەرکەوتنێکی گەورە دەبن کە لە تەواوی کوردستان دەنگدەداتەوە".

رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO ساڵانە 10ی ئەیلوولی دیاریکردووە بۆ رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خۆکوشتن. ئەو رێکخراوە جیهانییە لە راپۆرتی ئەمساڵدا رایگەیاند کە ساڵانە 800 هەزار کەس خۆیان دەکوژن، واتا لە 40 چرکەدا کەسێک خۆی دەکوژێت.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، تا ئێستا تەنیا 28 دەوڵەت پلانی ستراتیژییان هەیە بۆ رێگریکردن لە خۆکوشتن، ئەو رێکخراوە کە 10 ساڵە لێکۆڵینەوە و داتا کۆدەکاتەوە لەسەر خۆکوشتن، دەڵێت لە کۆماری چین، خۆکوشتن دووەم هۆکاری مردنە و زۆربەی ئەوانەی خۆیشیان دەکوژن تەمەنیان لە نێوان (15-29) ساڵە، بەڵام لە جیهاندا زیاتر ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە 70 ساڵ بەسەرەوەن، زۆرترین حاڵەتی خۆکوشتنیش لە وڵاتە هەژارەکانە. رێژەی خۆکوشتنی پیاوان سێ هێندەی ژنانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان.

د.عیزەددین عەبدولسەمەد، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین و لێکۆڵەر لە بواری خۆکوشتن، بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) باسی لەوە کرد کە لەسەر ئاستی جیهان بۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆکوشتن چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێت "گەورەترین چالاکی ئەمساڵ لە رێگەی پایسکل سوارییەوە دەبێت و بە نێو شەقام و کۆڵانەکاندا هۆشیاری بڵاودەکەنەوە".



ئەو کۆمەڵناسە باس لەوە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان هیچ رێکخراو و دەزگا و لایەنێکی حکومی چالاکی ئەنجام نادات "دەکرێت زۆر شت بکەن بێ ئەوەی پارەی تێبچێت کە ئەوان دەڵێن بودجە نییە، خۆکوشتن بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە نێو ژناندا. تا پیاوێک خۆی دەکوژێت 4-5 ژن خۆیان دەکوژن، خۆکوشتن لە نێو گەنج و هەرزەکارانی کوردستان لە زیادبووندایە".

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر کە لێکۆڵینەوە دەکەن لەسەر خۆکوشتنی ژنان، ئومێدی بەوە هەیە کە ئەمساڵ خۆکوشتن بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمی کردووە "ژنان زیاتر خۆیان دەسووتێنن، لە 6 مانگی ساڵی 2014 لە پارێزگای هەولێر، 19 ژن خۆیان سووتاندووە، 7 ژنیش خۆیان کوشتووە، کەچی لە شەش مانگی سەرەتای 2013 (28 خۆسووتاندن و 13 خۆخنکاندن) مان هەبوو، بەپێی ئەو ئامارە دیارە خۆکوشتن کەمی کردووە".

مەلا ئیدریس کەریم، وتارخوێن لە مزگەوتی رەحمە لە هەولێر، بە (رووداو)ی گوت "خۆکوشتن پێوەندی بە هۆشیاری تاکەکەسەوە هەیە، خۆکوشتن لە ئیسلامدا حەرامە، چونکە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت لە رەحمی خوا نائومێد بووە. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) نائومێدبوون لە رەحمی خوا یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، بۆیە ئەو کەسانەی بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، با خۆڕاگر بن، رەنگە داهاتوویەکی گەش چاوەڕێیان بکات".

ئەو مەلایە باس لە چەندین فەرموودەو ئایەتی قورئانی دەکات کە رێگری دەکەن لەوەی موسڵمان خۆی بکوژێت "خۆکوشتن تێکدانی بینای خوای گەورەیە، مرۆڤ دروستکراوی خوایە. بۆیە خۆکوشتن حەرامە، چونکە کۆتایی بە شتێک دێنێت کە خوای گەورە دەستیپێکردووە".

خۆیان نەکوشت و بوونە چیرۆکی سەرکەوتن

دوو لەو کەسانەی بەشداری بەرنامەی (چیرۆکی سەرکەوتن)ی (رووداو)یان کرد، پێشتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ئەو بەرنامەیە تایبەتە بەو کەسانەی لە ژیانی خۆیان لە بوارێکدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

حەسەن یوسف، کە یەکەم نابینایە لە هەرێمی کوردستان بڕوانامەی ماستەر بەدەستبێنێت، گوتی "6 ساڵ لەمەوبەر ویستم خۆم بکوژم، سەرەتا 48 کاژێر نان و ئاوم نەخوارد، لەبەرئەوەی باری ئابووریم زۆر خراپ بوو، لە هەموو روویەکەوە ژیانم ناخۆش بوو، بەڵام هانیاندام خۆم نەکوژم و گەورەترین گۆڕانکاری لە ژیانمدا روویدا، ئێستا دەزانم ئەو ژیانە ناخۆشە سەرەتایەک بوو، بۆ هاتنەدی گۆڕانکارییە گەورەکان".

کۆڤان حەسەن، یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی بەشداری بەرنامەکەی کردووە، ئەو بە هۆی کورتیی باڵایەوە، وەک خۆی دەڵێت زۆر کەس سووکایەتی پێکردووە بۆیە دەڵێت "لە ژیان بێزار بووم، چەندین جار ویستوومە خۆم بکوژم، بەڵام لە چوار ساڵی رابردوو گەورەترین دەسکەوتم بەدەستهێناوە، لە بواری یاری گۆڕەپان و مەیدان ئێستا پاڵەوانی جیهانم، زیاتر لە 90 مەدالیا کە 23 یان مەدالیای زێڕن لە وڵاتانی جیهان بەدەستمهێناون، ریکۆردی جیهانی بۆ فڕێدانی رم بە ناوی خۆمەوەیە کە هیچ کورتە باڵایەک لە جیهاندا نەیتوانیوە ئەوەندە بهاوێژێت، ئێستا شەرمیش دەکەم لەوەی رۆژگارێک بیرم لە خۆکوشتن کردووەتەوە".



رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر

## تەنیا تەڵاقی دەوێت

ئافرەتێک لەگەڵ مێردەکەی رەوانەی بەردەم لیژنەی ئاشتەوایی کرابوون بۆ پێکهاتنەوە، سەرەتا ئافرەتەکە دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: پێنج ساڵە شووم بەو پیاوە کردووە، دوو منداڵمان هەیە، بەڵام ژیانم لەگەڵی هیچ خۆش نییە، رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێت، پاش ئەوەی سێ جار تۆراوم، بەڵام هەر هاتوومەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەڵێت باش دەبم لەگەڵت، بۆیە چوومەتەوە لای و دەیشمزانی چوونەوەکەم ئەنجامی باشی نابێت، بەڵام ناچارم لەبەر ئەوەی دایک و باوکم نەماوە و تەنیا برایەکم هەیە، ئەویش ماڵ و منداڵی خۆی هەیە. براو و برازانم زوو زوو دەیانگوت: ماڵی خۆت باشترە و منداڵت هەیە، منیش دەمگوت: با برام تەواو قەناعەتی بێت کە مێردەکەم شەڕانگێزە و باش نییە لەگەڵم.

ژنەکە گوتی جگە لە داوای تەڵاقدان، داوایەکی دیکەیشم لەسەر تۆمار کردووە، پیاوەکەم بەردەوام دەخواتەوە، ئەگەر باوەڕ ناکەن وا ئالوودەی خواردنەوە بووە شەوان بە رشانەوەوە دەخەوێت، هەر لە خەو هەڵدەستێت دەست بە خواردنەوە دەکات، شوکر بۆ خوا، ئێستا برام و برازنەکەم خۆیان دەڵێن: نابێ بچیتەوە لای و منداڵەکانیشت بۆ بەخێو دەکەین.

ئافرەتەکە لەبەردەم پیاوەکەی دەگریا و دەیگوت: هیچم لێت ناوێت، تەنها تەڵاقم بدە، منداڵەکانم پێ بدە، بەڵام پیاوەکەی قسەی دیکەی هەبوو، دەیگوت: هەرچەندە دووجار منت بە گرتن دا، بەڵام تۆم خۆشدەوێت، وەرەوە واز لە مەشرووب دێنم، کار دەکەم، ژیانت خۆش دەکەم، دەزانم خەتابارم بەڵام چیبکەم، تۆش دەبێت یارمەتیم بدەیت، بەڵام ژنەکەی دەیگوت نەخێر من چاکت دەناسم، هەرگیز نایەمەوە لات، لە لای برای خۆم دەبم، تاوەکو تەڵاقت لێ وەردەگرم، پێم خۆشە بێ کێشە تەڵاقم بدەیت، بەڵام پیاوەکە دیار بوو بەم قسانە تووڕە بوو، گوتی: هەرگیز تەڵاقت نادەم، لە دەمی من نایەتە دەرەوە، منداڵەکانیشت لێ وەردەگرمەوە.

دوای هەوڵێکی زۆر کە پێکنەهاتن، پێمانگوتن کە مەسەلەی تەڵاق و لە باوەشگرتنی منداڵ، پێوەندی بە دادگای باری کەسییەوە هەیە، پێویستە لە دادگا داوا بەرزبکرێتەوە بۆ لێکجیابوونەوەتان، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی، لە برگەی یەکەمی ماددەی 40 دا هاتووە، بۆ هەر یەکێک لە ژن و مێرد هەیە داوای لێکجیابوونەوە بکەن، ئەگەر یەک لەم هۆکارانە هەبێت. ئەوەی ئەو ئافرەتە باسی دەکات، لە برگەی یەکدا هاتووە، کەوا مێردەکەی بەردەوام دەخواتەوەو ئالوودەی مەشرووب بووە. لەو برگەیەدا هاتووە (ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان زیان بە ئەوەی دیکە یان منداڵەکانیان بگەیەنێت، بە شێوەیەک کە نەتوانن لە ژیانی هاوسەری بەردەوام بن) خووگرتن بە مادەی سەرخۆشکەر و ماددە هۆشبەرەکان بە زیان گەیاندن دەژمێردرێت، بە مەرجێک خووپێوەگرتنەکە بە راپۆرتێکی فەرمی لە لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ بسەلمێنرێت.

لێرەدا بە پیاوەکە راگەیاندرا، ئەگەر خۆشت تەڵاقی نەدەیت، ئەوا دادگا لێکتان جیادەکاتەوە، ئەگەر بزانرێت ژیانتان ناگونجێت و زیان بە یەکتر یان منداڵەکانتان دەگەیەنن.

*بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

# پۆلیس و داواکراوێک لەناو ماڵێکدا دەکوژرێن

## باوکی داواکراوەکە: پۆلیس نەیهێشت کوڕە بریندارەکەم ببردرێتە نەخۆشخانە

## پۆلیسی هەولێر: داواکراوەکەمان بە برینداری بردە نەخۆشخانە

**رووداو-هەولێر**

کاتێک پۆلیسی هەولێر دەچێتە سەر ماڵێک بۆ دەستگیرکردنی داواکراوێک، رووبەڕووبوونەوە لەنێوان پۆلیس و داواکراوەکەدا روودەدات. لەئەنجامیشدا پۆلیسێک و تۆمەتبارەکە دەکوژرێن. پۆلیسی هەولێر دەڵێت "یەکەمجار داواکراوەکە تەقەی کردووە"، بەڵام باوکی تۆمەتبارەکە دەڵێت "لەناکاو بە جلی مەدەنی هاتنە سەر ماڵمان و تەقەیانکرد". چالاکڤانێکی بواری مافەکانی مرۆڤیش دەڵێت: "ئەگەر پۆلیس بە پلان کاری خۆیان کردبووایە، بەبێ خوێنڕشتن تۆمەتبارەکە دەگیرا".

نیوەڕۆی رۆژی 2014/9/5، لە گەڕەکی کوێستانی هەولێر، بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی پۆلیس و خاوەن ماڵێک دوو کەس دەکوژرێن. پۆلیسەکە ناوی زانا زۆردار رەحمان بوو. لە ساڵی 2004وە پۆلیس بوو و خێزاندار بوو. باوکی کوڕێک و کچێکە بە ناوەکانی (زانیار و سیدرا). گەنجەکەش ناوی نەبەرد بوو و دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو.

کەمال ئەحمەد، باوکی نەبەرد، دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر رووداوەکەدا، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی هەینی بوو، خەریکی دەستنوێژ شووشتن بووم. لەناکاو کەسێکی مەدەنی هاتە نێو ماڵەکەمان و دەمانچەیەکی لەسەر سەرم دانا. گوتی: کوڕەکەت لەکوێیە؟ گوتم: ئێستا لە ژوورەوە بوو. گوتی: هەستیتەوە دەتکوژم، کوڕەکەت فەرمانی گرتنی هەیە. گوتم: خۆ کەسی نەکوشتووە و کەسیشی بریندار نەکردووە. دەتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. بیرمە هەموویان جلی مەدەنییان لەبەربوو، کلاشینکۆف و دەمانچەشیان پێبوو".



نەبەرد کەمال ئەحمەد

باوکی گەنجە کوژراوەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "هەرچەند تکام لێکردن و گوتم: راوەستن، تەقە نەکەن، هەرچیتان دەوێت بۆتان دەکەم، خۆ ناکرێت فەرمانی گرتنتان هەبێت تەقە بکەن. پێمگوتن: کاکە ئەو فەرمانی گرتنە لەسەر شەڕکردن بووە، ئاسایش و پۆلیس کەفالەتی کوڕەکەمیان کردووە و ئازادیان کردووە، هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دەیانگوت: بە فەرمانی دادوەر هاتووینەتە ژوورەوە. کەچی هیچ نووسراوێکیشیان پێنەبوو و هیچ ئاگاداریان نەکردینەوە. کوڕەکەم لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکە بوو. چەکی پێبوو. دوو پۆلیس تەقەیان لێکرد، ئەویش تەقەیکرد. پۆلیسێک بریندار بوو. ئەوان بریندارەکەی خۆیان برد، بەڵام نەیانهێشت کوڕەکەم بە برینداری ببەمە نەخۆشخانە، هەتا گیانی لەدەستدا و ئەو ماڵە پڕبوو لە خوێن".

بەپێی قسەکانی رائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، ئەو گەنجە فەرمانی گرتنی هەبووە و سەرەتا ئەویش تەقەی کردووە، دوای بریندارکردنیشی بردراوەتە نەخۆشخانە. رائید کاروان ئەو گوتانەی لە پەیجی خۆی بڵاوکردەوە و دەڵێت: "مەفرەزەیەکی پۆلیسی بنکەی ئاشتی بە مەبەستی دەستگیرکردنی داواکارێک کە فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، چوونەتە ماڵەکەی. داواکراوەکە تەقە لە پۆلیس دەکات و یەکێک لە پۆلیسەکان بریندار دەکات. دواتر لەلایەن پۆلیسەوە تەقەی لێدەکرێت و داواکراوەکە بریندار دەبێت. دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی ی هەولێر، بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە هەردووکیان گیان لەدەستدەدەن". سەرچاوەیەکی ئاگادار لە رووداوەکەش بە (رووداو)ی گوت: "ئەو گەنجە چەندین کێشەی هەبووە و چەند جارێک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە".

شوان سابیر، چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ و یاساناس، کە چەندین ساڵ لە دادگاکانیش کاریکردووە، بە (رووداو)ی گوت: "هێشتا زۆر شت لە رووداوەکەدا لێڵە. بۆیە ناتوانیت بڕیار بدەیت کە ئەوە بۆ روویدا. بەڵام ئەو گەنجە کە فەرمانی گرتنی هەیە، ئایا تاوانەکەی هێندە گەورە بوو کە بەوشێوەیە هێرش بکەنە سەر ماڵەکەی؟ ئایا تۆمەتبارە بە تیرۆر؟ ئایا مەترسیی لە سەر ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان دروستکردبوو؟ یان تەنیا کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی هەبوو؟ هەرکاتێک وەڵامی ئەو پرسیارانە روون ببێتەوە، دەردەکەوێت کە کامەیان سەرپێچیی یاسایان کردووە".



زانا زۆردار رەحمان

ئەو چالاکڤانە دەڵێت "ئەگەر ئەو گەنجە چەندین جاری دیکەیش فەرمانی گرتنی دەرچووبێت، ئەگەر تاوانەکەی هێندە مەترسیدار نەبێت، ناکرێ حورمەتی ماڵەکەیان بەو شێوەیە بشکێنرێت. هەرچۆنێک بێت، دەبێ ببردرێتە نەخۆشخانە، کەچی باوکی دەڵێت نەیانبردووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەوە تاوانە کە داواکراوەکە رێگری کردووە لەوەی نەیهێشتووە پۆلیس دەستگیری بکەن". شوان سابیر دەربارەی تەقەکردنی گەنجەکەش لە پۆلیس گوتی: "ئەو گەنجە مافی ئەوەی نییە تەقە لە پۆلیس بکات. تەقەکردن لە دەزگای ئەمنی تاوانە، بەڵام ئەگەر هەر تەقەیکرد، بەپێی یاسا دەبێ پۆلیس گوللە لە پشتێنی بەرەو خوارەوە بدەن". هەرچەندە ئەو چالاکڤانە پێیوایە "تۆمەتبارەکە بەدڵنیاییەوە سەرپێچیی یاسایی کردووە، چونکە پێشتر ئاگادارکراوەتەوە و نەچووەتە بنکەکانی پۆلیس". بەڵام لەو رووداوەدا هەست بە "کەمئەزموونیی پۆلیس" دەکات: "زیرەکایەتیی پۆلیس لەوەدا دەردەکەوت کە لە کەمینێکدا ئەو داواکراوەیان دەستگیر کردبووایە، بەبێئەوەی زیانی هەبێت. ئەگەر پۆلیس پلانی تۆکمەی بۆ دانابا، دڵنیام لەوەی بەبێ خوێنڕشتن دەستگیر دەکرا".

کوشتنی ئەو پۆلیس و ئەو گەنجە لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. بە جۆرێک کە زۆر کەس هێرشیان دەکردە سەر پۆلیس. هەروەها لەبەرئەوەی پۆلیس تەواوی وردەکاریی رووداوەکەی بڵاونەکردووە، زیاتر قسەی باوکی کوژراوەکە بڵاوکرانەوە. شوان سابیرلەوبارەوە دەڵێت: "ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە و هەرکەسە و را خۆی نووسیوە و هێرشی کردووەتە سەر پۆلیس، ئەوە بێویژدانییە و سەرپێچی یاساییشە. کاتێک هێشتا لێکۆڵینەوە تەواو نەبووبێت، ناکرێ داواکراو یان پۆلیس تۆمەتبار بکرێت. پێویستە پۆلیسی هەولێر چۆنێتیی رووداوەکە ئاشکرابکات. متمانەشم بە دادگا هەیە کە بتوانێت راستیی رووداوەکە ئاشکرا بکات".

# 700 خوێندکاری کورد نایانەوێ بگەڕێنەوە بەغدا

ژیان سابیر
ڕووداو- سلێمانی

ئەوەی بەهائەدین حەسەن لەماوەی 4 ڕۆژدا لەنێو گرتووخانەیەکی میلیشیا شیعەکان بەسەری بردووە، هەرگیز بیری ناچێتەوە و دەترسێ بەگەڕانەوە بۆ بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، تووشی چارەنووسێکی خراپ ببێتەوە "لەوێ هەمیشە نزیکی لە مەرگ، لە چوارچێوەی چەند دیوارێک دەماینەوە و بەدەگمەن نەبێ نەدەهاتینە دەرەوە".

ئەو خوێندکارە کوردە چیرۆکی دەستگیرکردنی خۆی و 3 هاوڕێی دیکەی دەگێڕێتەوە کاتێک 3 مانگ لەمەوبەر لەلایەن گرووپێکی میلیشیای شیعەکانەوە دەستگیرکران و ماوەی 4 ڕۆژ ئەشکەنجەیان داون و دواتر هەریەکێکیان لەبەرامبەر 10750 دۆلاری ئەمریکی ئازاد کران "پێیاندەگوتین باجی کردەوەی حوکمەتەکەتان بدەن".

بەهائەدین حەسەن و 3 هاوڕێی دیکەی، بەرلەوەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی خوێندن ئەنجامبدەن، ویستوویانە بە سەردانێک لە بەغداوە بگەڕێنەوە سلێمانی، بەڵام لە ڕێگا دەکەونە نێو بۆسەی ژمارەیەک چەکداری ملیشیا شیعەکان و لە ئۆتۆمبیلەکە دایاندەگرن و سەرەتا هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکەن. لەترسی دووبارەبوونەوەی ڕووداوی لەم جۆرە، ئێستا ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کورد، ئەوانەی لە زانکۆکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق دەیانخوێند، بە نائومێدییەکی زۆرەوە دانیشتنیان لە ماڵەوە هەڵبژاردووە.



(فۆتۆ : سیڤان محەممەد سەلیم)

یەکێکی دیکە لەو خوێندکارانە دەڵێ، ئەو خوێندکارانەی لە بەغدا دەخوێنین، لەسەر ئەرکی خۆمان هاتووین و وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرپرس نییە لێمان "بەڵام ئێمە داواکارین لەو بارودۆخە نەخوازراوەدا یارمەتیدەری ئێمە بن".

ئەنوەر سەباح گوتیشی، هەوڵێکی زۆر درا لەلایەن جێگری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق و بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، وەک دوو کورد بۆ ئەوەی ئەم تاقیکردنەوانە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەین و نەگەڕێینەوە بۆ ئەو شارانەی باشوور لەبەر سەلامەتیی گیانی خۆمان "بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، بۆیە ناچار بووین بگەڕێینەوە بەغدا".

دوای دەستپێکردنی شەڕی داعش و تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و ئەمنی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و هەندێک ناوچەی دیکەی عێراق، ژیانی خوێندکارانی کورد لەو شارانە کەوتە مەترسییەوە کە زیاتر لە مانگێک پەرلەمانتاران پێیانەوە سەرقاڵ بوون و دواجار بەکۆششی پەرلەمانتارێکی کورد لەبەغدا و لەسەر بودجەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فڕۆکەیەک بۆ هێنانەوەی بەشێکی زۆریان تەرخان کرا.

ئەو خوێندکارانە هەوڵێکی زۆریان دا لە باشووری کوردستان تاقیکردنەوەکانیان ئەنجام بدەن، یان وەربگیرێن بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بەغدا، بەڵام ئەوە سەرینەگرت کە بەقسەی بەهائەدین حەسەن، ژمارەیان 700 خوێندکارە "ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێ خوێندکارەکانمان گەڕاونەتەوە بۆ خوێندنەکەیان لە کۆی نزیکەی 700 خوێندکار".

بەهادین حەسەن کە خوێندکاری بەشی زانستە ئیسلامییەکانە لە زانکۆی عێراقییە لە بەغدا، نیگەرانە لەوەی لایەنی پەیوەندیدار کاری جدیی بۆ نەکردوون و تەنیا فۆرمێکیان پێداون بەبێ هیچ بەڵێنێک کە ئومێدی ئەوەیان هەبێت خوێندن تەواو بکەن "پەیوەندی دەکەین بە زانکۆی بەغدا، ئەوانیش بێ وەڵامن لە داواکارییەکانمان،حکومەتیش بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی پێداین و تاوەکو ئێستا نادیارە". گوتیشی "من و زۆر لە هاوڕێکانم بڕیاری ئەوەمان دا نەگەڕێینەوە بۆ بەغدا، چونکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک، ئامادە نیم ژیانم بخەمە مەترسییەوە".

د.ئاراس فەریق ، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێ خوێندنی ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆکانی بەغدا و کەرکووک و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەخوێنن، بەدەرە لە کاری وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و ئێمە ناتوانین هیچ شتێکیان بۆ بکەین "تەنها کارێک کە کردوومانە، فۆرمێکمان پێداون، ئەویش ئومێدی تەواومان پێنەداون، چونکە ئەو خوێندکارانە خۆیان سەربەخۆ چوونەتە ئەو شارانە بۆ خوێندن و لەبەر کەمیی نمرەکانیان بووە". گوتیشی "ئێمە هیچ ڕێککەوتنمان نییە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، بۆ وەرگرتنی ئەو خوێندکارانە".

# بەرهەمی پێنجوێن بێ بازاڕە

## جووتیارێک: لە بەرهەمی ساڵێکم 25 هەزار دینارم قازانج کرد



جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو ــ پێنجوێن

ساخنەکردنەوەی بەرهەمی جووتیارانی قەزای پێنجوێن کێشەیەکە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە. پار، ئەم کاتانە، جووتیارانی ئەو ناوچەیە لەسەر شەقام کۆبوونەوە و نارەزایەتییان نیشاندا. ئەوان داوایاندەکرد هەرنەبێ حکومەت لە وەرزی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵیدا بۆ ماوەی 2 مانگ دەرگای سنوورەکانی دابخات. چونکە، وەک ئەوان دەیانگوت، تاوەکو دەرگای ئەو سنوورە کراوەبێت و حکومەت چاوی لەسەر بەرهەمی هاوردەکراو بێت، دەبێ ئەوان بەرهەمەکانیان هەر لە دەشتەکاندا بمێننەوە و کڕیاریان نەبێت.

قادر حاجی سابیر، جووتیارێکی گوندی (هۆمەرەسێنان)ە. ئەو بەدەم ئاودێریکردنی پارچە زەوییەکەیەوە، کە کردوویەتی بە شووتی و تەماتە، دەیگوت کێشەی ئەوان سنوورە و هەبوونی خاڵێکی سنووریی نێودەوڵەتییە لە قەزاکەیاندا: "ئەو تەماتە جوانەی هەمانە 250 دیناری عێراقیمان بۆ ناکات. ناشتوانین بیبەینە شارە گەورەکان. چونکە بە هەرچەندێک بیفرۆشین، هەموو پارەکە دەڕوات بۆ کرێکەی".

ئەو جووتیارە بە تووڕەبوونەوە سەیری بەرهەمەکەی دەکرد و دەیگوت: "گوناه نییە ئەو بەرهەمە جوانە لەم زەوییەدا هیچ نەکات؟" ئینجا سەیرێکی ئەو جادەیەی کرد کە بەرەو سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوات و باسی ئەوەیکرد کە لەودیو سنوور ناهێڵن بەرهەمی سووتەمەنی و گۆشت بێتە کوردستان: "کەچی ئەو بەرهەمانەمان بۆ دەنێرن کە دەزانن بە ناردنیان بەرهەمی خۆماڵیمان لەناودەچێت".

قەزای پێنجوێن، بەدووری 96 کیلۆمەتر، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، ئێستا خاوەنی 13 هەزار و 396 دۆنم زەوی چێنراوی بەروبوومی هاوینەیە. لەو ژمارەیەش 8 هەزار و 260 دۆنمی بەرهەمی تەماتەیە و 4 هەزار و 15 دۆنمی دیکەی شووتیی تێدا چێندراوە. پێنجوێن بە درێژایی 147 کیلۆمەتر هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

قادر حاجی سابیرـی جووتیار کاتێک بیستوویەتی حکومەتی کوردستان ناهێڵێ لە وەرزی هاویندا بەروبوومی ئێرانی بهێندرێتە باشووری کوردستان، زەوییەکانی کردووەتە شووتی و تەماتە، بەڵام ئێستا کە بەرهەمەکان پێگەیشتوون و کاتی بازاڕە، وەک خۆی دەڵێت، تەنیا ماندوێتیی بۆ ماوەتەوە. چونکە ڕۆژانە ئەو بارهەڵگرە گەورانە دەبینێ لە ئێرانەوە شووتی و میوە دێنن و "بازاڕەکەیان بۆخۆیان قۆرخکردووە".

جووتیارانی ئەو سنوورە پێیانوایە ئەمڕۆ تەنیا شتێک کە ئەوانی بە گوندەکانیان و ژیانی گوندنشینییەوە بەستبێتەوە، زەوییەکانیان و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیانە، بەڵام ئەو دڵشکانە گەورەیەی تووشی هاتوون بەهۆی زۆر هاوردەکردنی بەروبوومی بیانی و ئێرانی، وایلێکردوون لە زەوییەکانیان بێ هیوا بن.

شێخ مارف ئەمین، جووتیارێکی دیکەی ناوچەی پێنجوێنە. ئەو دەڵێت باری ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب، شووتیی بردووەتە بازاڕی سەوزە و میوە (واتە عەلوە)ی شاری سلێمانی. وەک خۆی باسیکرد، دواتر کە حیسابیکردووە تەنیا 20 هەزار دیناری عێراقیی بۆ ماوەتەوە: "بێجگە لە تێچوونی پارەی بەنزین و پەینی کیمیایی و ماندووبوونی ساڵێک، ئەو پارەیەم بۆ ماوەتەوە، ئەگەر ئەوەش حساب بکەم کەواتە زەرەرم کردووە".

سامان کەریم، جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێنجوێن، دەستخۆشی لە جوتیارانی دەشتی پێنجوێن دەکات کە توانیویانە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە باشترین بەرهەمی کشتوکاڵی هاوینە بەرهەمبهێنن، هاوکات لەخەمی ساخکردنەوەی بەرهەمی جوتیاراندا بوو: "دەبێ بەرهەمی هاوردەکراو سنووردار بکرێت، بۆئەوەی چیدیکە جوتیاران زەرەر نەکەن". ئەمەش لەکاتێکدایە کە قایمقامی قەزای سلێمانی بڕیاریداوە بەرهەمی دەرەکی سنووردار بکرێت. بۆیەش بۆ مانگی ئەیلوول تەنیا ڕێگە بە هاوردەکردنی 800 تۆن مریشک درا، بەمەرجێک ساخکردنەوەی ڕێژەی 10%ی بەروبوومی ناوخۆی مریشک ڕەچاوبگرێت. هەروەها بڕیاردرا ڕێگە بە هاوردەکردنی 200 تۆن ماسی بدرێت و گۆشتی سووریش بەپێی پێویستی خواستی هاووڵاتیان ڕێگە بە هاوردەکردنی بدرێت"، بەڵام هەمان بڕیار بۆنموونە بۆ هاوردەکردنی شووتی و تەماتە و بەرهەمە هاوینەکانی دیکە نەدرا.

محەممەد قادرـی جوتیاریش دەڵێت بەرهەمی کێڵگەی خۆی هێناوەتە عەلوەی سلێمانی و بۆی ساخنەبووەتەوە: "پێم گوناه بوو بە زەرەر بیفرۆشم، بەڵام دوایی گوتم زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە".

هەرچەندە قەزای پێنجوێن بە سەدان دۆنم زەویی بەپیتی کشتوکاڵیی هەیە و لە ساڵی 2014، لە دەشتی پێنجوێن، 21 جۆر بەروبوومی هاوینە چێنراوە و زۆرترین پانتایی دەشتەکە شووتی و تەماتەیە، بەڵام جوتیارانی ئەو ناوچەیە لە وەرزی پێگەیشتنی بەروبوومدا هەستناکەن ئەو ئارەقەی ڕشتیان شایانی ئەوەبوو بیرێژن..

لە سلێمانی قەدەغەیە و لە هەولێر ڕێگەپێدراوە

# لە کوردستان کچان زیاتر لە کوڕان تاتۆ دەکەن

ژیان سابیر
ڕووداو- سلێمانی

لەبەرئەوەی چەند جارێک لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە شوێنی کارەکەی پێداخراوە، ئێستا لە ماڵەکەی خۆیدا تاتۆ بۆ خەڵک دەکات و دەشڵێت لەسەر ئەو کارەی بەردەوام دەبێت "خۆ تا ئێستا کەس بە تاتۆ نەمردووە و کەس تووشی هیچ نەبووە".

شەنگال سەردار، ماوەی 7 ساڵە تاتۆ لەسەر جەستەی کوڕان و کچان دەکات، لە کتێبەکەی بەردەستیدا چەندین جۆر تاتۆ هەن کە پێشانی کڕیارەکانی دەدات بۆئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرن. بەڵام ئەو نیگەرانە لەوەی هێشتا کۆمەڵگە و کەلتووری کوردی و ڕێگرییە ئاینییەکان ناهێڵن کارەکەی بەئاشکرا بکات.

لە یەکێک لە سەنتەرەکانی تاتۆکردن لە سلێمانی کە ئەویش بە ئاشکرا کار ناکات، سۆزان دانیشتووە و چاوەڕوانە بچێتە ژوورەوە. ئەو کچە دەیەوێ لە جیاتی تاتۆیەک 3 تاتۆ لەسەر جەستەی بنەخشێنێ،



بەڵام وەکو ئەوە وایە پارەکەی ئاو بیبات "ناهێڵم ماڵەوە بزانن، دەبێ جلوبەرگێکیش لەبەربکەم کە تاتۆکان داپۆشێ و دیار نەبن".

سۆزان دوودڵە لەوەی کام جۆرە تاتۆیە هەڵبژێرێ، بڕیاریداوە لەسەر شانی و پشتی ملی و قۆڵی تاتۆکان دابنێ، لە کۆتاییدا بڕیاری دا تاتۆی پەپوولە هەڵبژێرێ "دەمێکە حەزم لە تاتۆیە" هەربۆیە ئاساییە بەلایەوە بۆ هەر تاتۆیەک بڕی 60 دۆلار بدات.

سۆزان خۆزگە دەخوازێ تاتۆکردن بە کارێکی



نەشیاو نەزانرایە، چونکە وەک خۆی دەڵێ، کاتێک لەماڵەوە دێتە دەرەوە، دەبێت جۆرە جلێک لەبەر بکات کە تاتۆکانی بشارێتەوە.

ساڵانێکە گەنجانی ڕۆژئاوایی خوویان داوەتە ئەو هونەرە و واتێدەگەن جوانی دەبەخشێتە جەستەی مرۆڤ، بەڵام لەڕێگەی هەڵبژاردنی تاتۆکانیشەوە



بیرکردنەوەی کەسەکان دەردەکەوێ. هەرچەندە دواتر لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان خەڵکیان ئاگادارکردەوە لە زیانەکانی، بەڵام هێشتا بەشێک لە هونەرمەند و وەرزشوانە دیارەکانیش بە تاتۆوە دەبینرێن. تاتۆ لەم ساڵانەی دواییدا پەڕییەوە بۆ باشووری کوردستانیش.

شەنگال دەڵێت ئەگەر لە سەنتەرێک یان لە شوێنێکی گونجاودا کاری بکردایە، کارەکانی باشتر دەبوون "بەڵام ڕێگەمان پێنادرێ و جیاوازی دەکرێت لە نێوان دوو شاردا، لە هەولێر ئەم کارە قەدەغە نەکراوە و دەتوانی ئازادانە ئەو کارە بکەی، بەڵام لە سلێمانی قەدەغە کراوە، ئەمە جێی پرسیارە".

نرخەکانی تاتۆ دەگۆڕێن، وەک شەنگال دەڵێ، گەنجی وا هەیە هەموو جەستەی دەکاتە تاتۆ و نزیکەی شەش هەزار دۆلاری بە تاتۆ خەرج کردووە "بەڵام ئێستا کچان زیاتر لە کوڕان تاتۆ دەکەن". گوتیشی، تاتۆکردن مەترسیدار نییە، لەڕێگەی ئامێرێکەوە دەکرێت و دەرزی بەکاردەهێنرێت کە لە ئامێرەکە دەبەسترێ، من دەرزییەکان دەگۆڕم و دەرزی کەسێک بۆ کەسێکی دیکە بەکارناهێنم.

بەڵام پزیشکێکی نەخۆشییەکانی پێست، قسەکانی ئەو تاتۆسازە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ لەبەر نەبوونی چاودێریی تەندروستی لەسەر تاتۆکردن، ئەگەری بڵاوبوونەوەی زۆر نەخۆشی مەترسیدار هەیە.

د.کارزان دەڵێ "تاتۆکردن زیانی زۆر بە پێست دەگەیەنێت، ڕەنگە ئەو دەرزییەی بۆی بەکارهێنراوە، میکرۆبی پێوە بێت".


لەگەڵ ئەوەشدا، شەنگال باس لەوە دەکات کە کچان دوو هێندەی کوڕان سەردانی دەکەن بۆ تاتۆدانان و دەشڵێت "ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاتۆ دەکەن بەردەوام زیاتر دەبێت".

سەگرمە غەغوور، تەمەن 20 ساڵ، یەکێکە لەو گەنجانەی تاتۆی داناوە، ئەو دەڵێ، زۆربەی ئەو نەخشانەی کە دادەنێم وێنەی ئافرەتە. هەروەها دەڵێ، تەنها وەک حەزێکی خۆم ئەو وێنانە هەڵدەبژێرم. سەگرمە دەڵێت هەریەک لەو تاتۆیانەی بە 100 دۆلار بۆ دانراوە.

"تاتۆکردن خێراترین و باوترین ڕێگەیە بۆ گواستنەوەی ئایدز"، د.کارزان جەمال، سەبارەت بە زیانە تەندروستییەکانی تاتۆدانان دەڵێت بە دوو شێوە کاریگەری لە پێست دەکات "بەشێوەی ڕاستەوخۆ کە دەبێتە هۆی حەساسیەت، نەخۆشێکی زۆرمان بینیوە کە دوای دانانی تاتۆ تووشی حەساسیەت هاتوون، یان شوێنی تاتۆکە تووشی هەوکردن بووە".

هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆش کە وەک ئەو گوتی دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکانی وەک ئایدز، هەروەها لابردنی تاتۆش زیانی تەندروستی هەیە، جگە لە ناشرینکردنی شوێنی تاتۆکە. ئەو تاتۆیانەی بە دەست دادەنرێن ئاسانتر لادەبرێن لەچاو ئەو تاتۆیانەی بە ئامێر دادەنرێن، چونکە وەک د.کارزان باسیکرد، قووڵیی ئەو شوێنەی تاتۆکەی لێدەدرێت یان هەندێ ڕەنگی وەک زەرد و سوور، کاری لابردنەکەی قورستر دەکات.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (325) دووشەممە 2014/9/8



## راوچی خراپ 71 خەڵات وەردەگرێ

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی راوچییەکی خراپ کە کاری دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفەیە، لە کەنەدا خەڵاتی باشترین فیلمی نێودەوڵەتی وەرگرت.

سەهیم عومەر بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لە خولی 38ەمین فێستیڤاڵی مۆنتریالی نێودەوڵەتی لە کەنەدا کە یەکێکە لە باشترین پێنج فێستیڤاڵە مەزنەکانی جیهان، خەڵاتی لیژنەی دادوەری وەک باشترین فیلم بە فیلمەکەی من بەخشرا". لە نێو زیاتر لە چوار هەزار فیلم، تەنیا 13 فیلم بۆ ئەم فێستیڤاڵە هەڵبژێردرابوون، فیلمەکەی سەهیم یەکێک بوو لەو 13 فیلمە. سەهیم گوتیشی "ئەم فیلمەی من بە سپۆنسەری بەلجیکا و دوبەی و هەولێر بەرهەمهاتووە و لەچەندین فێستیڤاڵی دیکە وەرگیراوە، بەو خەڵاتەوە کۆی خەڵاتەکانی من دەگاتە 71 خەڵاتی نێودەوڵەتی".

## هێڵی لەڤ جلی کوردی دەباتە فێستیڤاڵی تۆرنتۆ



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هێڵی لەڤ وەکو ئەکتەر بە جلی کوردییەوە بەشداری فێستیڤاڵی سینەمایی تۆرنتۆ لە کەنەدا دەکات.

لە 39یەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی تۆرنتۆ لە کەنەدا، فیلمێکی کوردی بەناوی مەردان دەچێتە سەر پەردەی سینەماکان، کچە کوردێکیش بە نوێنەرایەتی کوردستان بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا کرد.

هێڵی لەڤ بە (ڕووداو)ی راگەیاند "من وەکو ئەکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵم لە فیلمی سینەمایی مەردان بینیوە کە لە دەرهێنانی بەتین قوبادی و بەهمەن قوبادیش پرۆدیوسەری فیلمەکە بوو، بەڵام لەبەر سەرقاڵیی بەهمەن و پێنەدانی ڤیزا بە دەرهێنەر، من بەتەنیا ئامادەی فێستیڤاڵەکە بووم".

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی تۆرنتۆ یەکێکە لە فێستیڤاڵە گرنگ و پلە یەکەکانی سینەمای جیهان. لەم خولەی خۆیدا بە نمایشکردنی 300 فیلم، فیلمسازانی زیاتر لە 60 وڵاتی جیهان بەشدار دەبن و لە 6 تاوەکو 14ی ئەیلوول بەردەوام دەبێت.

## داليا ڕێبوار دەگاتە پلەی پێنجەم



**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی داليا ڕێبوار حەسەن بووە شاجوانی ئینتەرنێتی کوردستان بۆ ساڵی 2013، ئێستا کێبڕکێ لەگەڵ پاڵێوراوی 150 وڵات دەکات بۆ بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی مەزنی نێودەوڵەتی miss grand international کە بڕیارە مانگی داهاتوو لە تایلەند سازبکرێت.

داليا ڕێبوار لە پەیجی تایبەتی خۆی رایگەیاندووە " 16ی ئەم مانگە بەرەو تایلەند بەڕێدەکەوم بۆ بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیە کە تاوەکو ئێستا لە ڕێی ماڵپەڕی سەرەکیی پێشبڕکێیەکە ئەنجامێکی باشم هێناوە بە کۆکردنەوەی لایک، لەنێو زیاتر لە 100 شاجوانی جیهان من ئێستا لە پلەی پێنجەمدام ، لەگەڵ ئەوەشدا داواکارم لە خەڵکی زیاتر هاوکاریم بکەن لە کۆکردنەوەی لایک".

شاجوانی ئینتەرنێتی کوردستان تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و لەشاری مۆسکۆ لەدایکبووە و لە سوید گەورە بووە و بڕوانامەی ماستەری لە بواری کۆمەڵناسی بەدەستهێناوە.

## عادل هەورامی دەیکاتە سینگڵ




**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عادل هەورامی بڕیاریداوە ئەمجارە لەبەر کۆپیکردنی ئەلبوومەکەی، گۆرانیەکانی تەنیا بە سینگڵ بڵاوبکاتەوە.

عادل هەورامی رایگەیاند "دوای ئەوەی خەرجییەکی یەکجار زۆر دەکەین بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێک، کەچی بە ئاسانی کۆپی دەکرێت و هیچ داهاتێکی بۆ ئێمە ناگەڕێتەوە، بۆیە لەمەودوا بڕیارمدا تەنیا بە سینگڵ گۆرانی بڵاوبکەمەوە، چونکە هەم باشتر دەگاتە بینەر و هەم خەرجیەکی زۆریش بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە".

عادل دەربارەی نوێترین بەرهەمی گوتی "ئێستا چەند گۆرانییەکم لەبەردەستە کە هەموویان فۆلکلۆری هەورامین. لەم ماوەیەدا کارەکان تەواو دەبن و کلیپیان بۆ دەکەم".

## سەفامەنیش گۆرانی بۆ ئاشتی دەڵێت



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

حوسێن سەفامەنیش گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێک بۆ هەموو جیهان و بەتایبەتی بۆ جیهانی عەرەبی دەنێرێ.

ئاراس جەواد، بەڕێوەبەری کارەکانی حوسێن بە (ڕووداو)ی راگەیاند "بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی کە دەکاتە ڕۆژی 2014/9/21، لە ڕێی گۆرانیەکەوە پەیامی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیان دەنێرین کە هونەرمەند حوسێن سەفامەنیش لە کرماشان کاری بۆ کردووە و منیش تێکستەکەم بۆ نووسیوە".

گوتیشی "گۆرانیەکە بەناوی کۆتری سپییە کە هێمایە بۆ ئاشتی و برایەتی، ئەم پەیامەی ئێمە بەشێکی زۆری بۆ وڵاتانی عەرەبە و بەم گۆرانییە نیازپاکی گەلی کورد بۆ هەموو جیهان نیشاندەدەین".

## بێرین ڕێستورانت دەکاتەوە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی تورک بێرین سات کە بە فاتمە لە نێو خەڵکی ناسراوە، دەست بەکارکردن لە چێشتخانەیەک دەکات.

دوای ئەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیری لەگەڵ گۆرانیبێژی پۆپی تورکی کینان ئۆغلو سازکرد، بڕیار دەدەن دەست بەکاری بازرگانی بکەن، بۆیە ئێستا کۆمپانیایەک بۆ بازرگانی و بەڕێوەبردنی ڕێستورانت دادەمەزرێنن و یەکەمین ڕێستورانتیان لە زانکۆی بێلکێنت لە ئیستەنبوڵ کردەوە و بێرین خۆی سەرپەرشتی دەکات.

ئەم کۆمپانیایە برای سات سەرپەرشتی دەکات و بەناوی "BidonGida" دەبێت کە کاری بازرگانی لە بواری کەلوپەلی خۆراک و کڕین و فرۆشتنی ڕێستورانت و کافێ دەکات.



## شەزا حەسوون دەیەوێ بگەڕێتەوە عێراق

**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسوون هیوا دەخوازێت ئەم کارەساتەی بەسەر گەلی عێراقدا هاتووە بە زووترین کات کۆتایی بێت و ئەویش بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

ئەم قسانەی شەزا لە کاتێکدا بوو کە سەردانی ئاوارەکانی سووریای لە ناوچەی بیقاع لە لوبنان کرد و هاوکاری گەیاندە ئەوان.

شەزا گوتیشی "زۆر خەمبار بووم کە ئەو ئاوارانە و بەتایبەت منداڵەکان لە دۆخێکی خراپدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەوەش دەزانم کە منداڵانی وڵاتەکەشم ئەمڕۆ بە دۆخێکی هاوشێوەدا گوزەر دەکەن، بۆیە هیوا دەخوازم خودای گەورە ئاشتی و ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەم و بە زووترین کات منیش بگەڕێمەوە عێراق و سەردانی منداڵەکانی ئەوێش بکەم".



## بیپاشا دەوامی زانکۆیەک رادەگرێ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری فیلمە ورووژێنەرە هیندییەکان بیپاشا باسو بەهۆی سەردانیکردنی زانکۆیەک لە هیندستان دەوامی تەواوی زانکۆیەکەی راگرت.

دوای ئەوەی نوێترین فیلمی لە سینەماکان بڵاوکرایەوە، بیپاشا دەستیکردووە بە گەڕان بۆ پەیداکردنی بینەر بۆ فیلمەکەی، لەکاتی سەردانیکردنی ئەو زانکۆیە بەهۆی ئەوەی هێزێکی زۆری پۆلیسی لەگەڵدا بووە، پشێوی و قەرەباڵغی زۆری ناوەتەوە و بەشێکی زۆری قوتابیانیش بۆ بینینی ئەو هاتبوونە بەردەم زانکۆ.

بیپاشا باسو کە زیاتر بە ئەکتەرە ورووژێنەرەکە بەناوبانگە، یەکەم ئەکتەر بووە دیمەنی سێکسی لە فیلمەکانیدا بە ئاشکرا نیشاندراوە، بۆیە هەواداری زۆری هەیە.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکانتان بکەن، چاوەڕێ بکەی لەوە باشترە بڕیارێکی خێرا بدەی. هەلت بۆ دەڕەخسێ پەیوەندییە خێزانیەکانت ڕێکبخەیتەوە و پێویستییەکانی ماڵ پڕ بکەیتەوە.

**گا**
مەهێڵە بێزاریت ببێتە هۆی هەڵچوونت، بیرو بۆچوونەکانت راشکاوانە لەگەڵ ئەو کەسانە باس بکە کە مامەڵە یان کارێکیان لەگەڵ دەکەیت. دۆخێکی هێمن دروست بکە و خۆت لە کێشە و گرفت بەدوور بگرە.

**جمک**
کاتی ئەنجامدانی کارەکانە، چەند پێشنیازێکی زۆر باشتان بۆ دەکرێت. لەڕووی جەستەییەوە چالاکتر دەبن، بەرپرسیارێتیتان لەم هەفتەیەدا زیاتر دەبێ و کارەکانی ماڵیش سەرقاڵتان دەکات.

**قرژاڵ**
ئەو گۆڕانکاریانەی دێنە پێشەوە کەشی لەبار دەڕەخسێنن بۆ کارکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. ئەو کارانەی دەستتان پێکردوون تا ئەنجامی کۆتایی فەرامۆشیان مەکەن. لە هەوڵەکانتان بۆ باشکردنی دەرامەت بێ هیوا مەبن.

**شێر**
هەوڵەکانتان لەسەر بەدەستهێنانی دەرامەت چڕبکەنەوە و لەو ڕووەوە بەخت هاوکاریتان دەکات. لەو جۆرە کارانە خۆتان ماندوو مەکەن کە بۆ ئێستا پێویست نین. هەنگاوەکانت باشن، کاتێکی زۆرت لەبەردەستە، خۆت بۆ گرنگترین کار ئامادە بکە.

**گوڵەگەنم**
تیشکی هەتاو لە بورجەکەتدایە و ئەوەش یارمەتیت دەدات بۆئەوەی کارەکانت ڕێکبخەیتەوە و خۆت بۆ پرۆژەیەکی گەورە ئامادە بکەی. گۆڕانکارییە نوێیەکان ئاسوودەت دەکەن، بەڵام هەندێک راڕا دەمێنی.

**تەرازوو**
دووپشک: ئەو هەموو کار و هەنگاوانەی دیاریتکردوون کاتی زیاتریان پێویستە، بەڵام دڵنیابە لەکۆتاییدا دەگەنە ئەنجامێکی باش. حەزو ئارەزووتان زیاتر دەبن و پێویستتان بە پشووە.

**دووپشک**
لە ترس و راڕایی ڕزگارتان بووە و ئێستا کارەکان کەوتوونەتە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان. لەم هەفتەیەدا گەڕان و پەیوەندیتان زۆر دەبێت. هەندێکتان کەسانی تازە دەناسن. کارەکانی دیکە هەندێکیان بەوەستاوی دەمێننەوە هەتا وادەی ئەنجامدانیان دێت.

**کەوان**
گۆڕانکارییەکان بەقازانجت دەشکێنەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە دەتوانن پەیوەندیتان لەگەڵ کەسێک دەستپێبکەنەوە کە پێشتر لەیەک دابڕابوون. ئەو کاتانەی هەست بەماندووبون دەکەیت، پشوویەک وەربگرە. دواکەوتنی کارەکان خەمی ناوێت.

**کارژۆڵە**
لەم کاتەدا توانایەکی بەهێزت هەیە بۆ کۆنترۆڵی هەستەکانت و دەتوانی خۆت گەشبین بکەیت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەڕێوەچوونی باشتری هەنگاوەکان و رادەی سەرکەوتنت. فرسەتێکتان بۆ دێتەوە پێش کە لە رابردوودا جارێک لەدەستتان چووە.

**سەتڵ**
لەو دڵتەنگییە ڕزگارتان دەبێت کە ماوەیەکی زۆرە ڕووبەڕووتان بووەتەوە. گەڕان و دیدارەکانتان زۆر دەبێت و هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو دەبیستن. زیاتر بیر لەدۆخی ئێستا دەکەنەوە نەک داهاتوو.

**نەهەنگ**
گرفتە خێزانییەکان بەرەو چارەسەر دەچن، پەیوەندیت بەخەڵکانی نوێوە زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی دەتوانن هاوکاریت بکەن. هێمنانەتر لە جاران مامەڵەی خێزانەکەت بکە هەتا دڵخۆشیان بکەیت.

وردەکاری شکستی ئەمریکا لە رزگارکردنی رۆژنامەنووسە رفێندراوەکان

# ئەردۆغان نەیهێشت ئەمریکا لە خاکی تورکیاوە ئۆپەراسیۆن بکات

## ئەگەری هەیە دەوڵەتی ئیسلامی لەو ئۆپەراسیۆنە ئاگادار کرابێتەوە



**فازڵ هۆرامی**
**رووداو- وۆڵ ستریت جۆرناڵ**

بۆ جێژنی سەربەخۆیی ئەمساڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەریتانیا (4/7/1776)، باراک ئۆباما پلانێکی تایبەتی هەبوو. تیمێک لە کۆماندۆی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان چەند هەفتەیەک پێش 4ی تەمموز بە فەرمانی ئۆباما لە فرۆکەخانەیەکی سەربازی لە ویلایەتی کارۆلاینای باکوور خەریکی راهێنان بوون بۆ ئۆپەراسیۆنێکی تایبەت کە بریار بوو تەنیا 20 خولەک بخایەنێت.

لە کۆتایی ساڵی 2012 دوو رۆژنامەنووسی ئەمریکی جەیمز فۆلی و ستیڤن سێتلۆف لەسەر سنووری تورکیا و سووریا رفێندرابوون و لەلایەن گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش لە سووریا زیندانی کرابوون. بەپێی زانیاری سیخوڕەکانی CIA لە سووریا، ئەو دوو رۆژنامەنووسە و چەند رفێندراوێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی سووریا لە شوێنێکی عەنبارکردنی نەوت لە نزیکی رەقە راگیرابوون.

بەرپرسانی ئەمریکا ئاگاداری مەترسی ئەو ئۆپەراسیۆنە بوون، کە ئەگەر بێت و سەرنەگرێت ئەوا گیانی ئەو رۆژنامەنووسانە دەخرێتە مەترسییەوە.

### چۆنیەتی ئەنجامدانی هێرشەکە:

ئیدارەی ئۆباما بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە هەمان مۆدێلی هێرشەکەی سەر ئەبۆتئابادی لە پاکستان بەکارهێنا، کە مانگی 5ی 2011 تیمێکی کۆماندۆی ئەمریکی بە چەند هەلیکۆپتەرێکی تایبەتەوە رۆیشتنە ناو باڵەخانەیەک لەو شارە و لەکۆتاییدا ئوسامە بن لادنی سەرۆکی قاعیدەیان کوشت.

بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی ئەو دوو رۆژنامەنووسە بە رێکوپێکی ئەنجام بدرێت، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پێنتاگۆن پێویستی بە دوو تیم هەبوو: یەکەم تیم هێرشەکە جێبەجێدەکات و تیمەکەی دیکە تیمی پشتیوانییە کە لە وڵاتێکی نزیکی سووریا جێگیر دەبن بۆ ئەوەی ئەگەر کێشەیەک پێش هات لەکاتی هێرشەکە، تیمی دووەم فریای تیمی یەکەم بکەوێت.

بۆ ئەو مەبەستە ئیدارەی ئۆباما داوا لە تورکیا دەکات کە مۆڵەت بدرێت بەو دوو تیمە کۆماندۆیە لە خاکی تورکیاوە ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام بدەن. حکومەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان ئەو داواکارییە رەت دەکاتەوە بەبیانووی ئەوەی تورکیا نزیکەی 50 هاووڵاتی هەیە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە موسڵ رفێندراون.

دوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسلامی دەستی بەسەر بەشێکی زۆری عێراق و سووریادا گرت، پێنتاگۆن ویستی فرۆکەی چاودێری بنێرێتە سەر خاکی سووریا بۆ ئەوەی زانیاری زۆرتر وەربگرێت لەسەر ئەو گرووپە چەکدارە، بەڵام چونکە کۆشکی سپی ئامادە نەبوو ئەو مۆڵەتە بدات، پێنتاگۆن ئەو داواکاریەی پێشکەشی ئۆباما نەکرد. بەرپرسێکی بەرگریی ئەمریکی لەسەر ئامادەکاری ئەو کۆماندۆیانە کە بەشێکن لە هێزی تایبەتی دەلتا، بە وۆڵ ستریت جۆرناڵی گوت: "زۆر پێداچوونەوەیان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە کرد، بەڵام چاوەڕێی بڕیاری کۆتاییان دەکرد". لەبەر نەبوونی زانیاریی پێویست، بەرپرسانی بەرگری ئەمریکا دوودڵ بوون لە سەرکەوتنی ئەو ئۆپەراسیۆنە. هێزی دەلتا لە ئۆپەراسیۆنی شکستخواردووی 1993 لە سۆماڵ بەشداربوون کە دوایی کرا بە فیلمێکی هالیوودی بە ناوی "بلاک هۆک داون".

### شەوی ئۆپەراسیۆن لە رەقە

سەرەتای هاوین دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمریکا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو رۆژنامەنووسانە لە باڵەخانەیەکدان لە بنکەیەکی نەوتی لە باشووری رەقە. بەپێی ئەو زانیاریانەی سیخوڕەکانی ئەمریکا بە بەرپرسە ئەمریکییەکانیان راگەیاندبوو، ئەو رۆژنامەنووسانە چەند مانگێک لەو شوێنە راگیرابوون. بەپێی زانیاریەکانی بەرپرسانی ئەمریکا، ئەو باڵەخانەیە چوار ژووری گەورەی تێدابووە لەگەڵ توالێت و مەتبەخ کە بۆ راگرتنی ئەو رۆژنامەنووسانە و رفێندراوەکانی دیکە بەکارهاتووە.

دوو رۆژ پێش ئەو هێرشە، ئەو پلانە دەدرێت بە وەزیری بەرگری چاک هەگڵ و باراک ئۆباما بۆ پەسەندکردنی ئۆپەراسیۆنەکە. گوتەبێژی پێنتاگۆن جۆن کێربی دەڵێت لەو کاتەوە ئەو پلانە درا بە ئۆباما و چاک هەگڵ تا ئەنجامدانی پلانەکە تەنیا دوو رۆژی نێوان بوو. ئۆباما مۆڵەتی دا کە پێنتاگۆن بە هاوکاری CIA ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدەن.

بۆ ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەرپرسانی ئەمریکا شەوی 3ی تەممووزیان هەڵبژارد کە شەوێکی بێ مانگ بوو، شەوی بێ مانگ نهێنی ئۆپەراسیۆنەکە دەپارێزێ، ئەگەرچی بەرپرسانی ئەمریکا بە تەواوەتی دڵنیا نەبوون کە ئەو رۆژنامەنووسانە لەو شوێنە بن. بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکی زۆرتر دابینکرا، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن ئەم جۆرە هێرشانە هەموو جارێک مەترسی لەگەڵدایە و تەنانەت کاتێک کە لە 2011 ئوسامە بن لادنیان کوشت لە پاکستان، دڵنیانەبوون لەوەی بن لادن لەو شوێنە بێت. بۆ ئەوەی کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەست بەو ئۆپەراسیۆنە نەکەن، وەزارەتی بەرگری ئامادە نەبوو فرۆکەی بێ فرۆکەوان بۆ چاودێری بنێرێتە ئاسمانی ئەو گرتووخانەیە لە نزیکی شاری رەقەی رۆژهەڵاتی سووریا.

دوای ئەوەی کە تورکیا رەتیکردەوە هاوکاری ئەمریکا بکات لەو ئۆپەراسیۆنە، ئەمریکا ئەو دوو تیمەی نارد بۆ وڵاتێکی دیکە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە. بەرپرسێکی تورکیا بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی گوتووە کە ئەمریکا داوای نەکردووە تورکیا لەو ئۆپەراسیۆنە هاوکاری بکات.

نیگەرانیی ئیدارەی ئۆباما لە سەرکەوتنی ئەو ئۆپەراسیۆنە وایکرد کە تەنیا چەند کەسێک و چەند ئەندامێکی کۆنگرێس لەو پلانە ئاگادار بن و تەنیا زانیارییەکی زۆر کەمیان پێدرا.

دوای ئەوەی کە زیاتر لە 30 کۆماندۆی ئەمریکی دەگەنە ئەو بنکە نەوتیەی ئەو باڵەخانەی تێدابووە کە رۆژنامەنوسەکانی تێدا راگیرابوون، پاسەوانانی ئەو شوێنە دەستدەکەن بە تەقە و یەکێک لە کۆماندۆ ئەمریکییەکان بە سووکی بریندار دەبێت.

ئەگەرچی بڕیاربوو ئەو کۆماندۆ ئەمریکیانە تەنیا 20 خولەک لەو شوێنە بن، بەڵام نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر ئەو شوێنە وایکرد کە هەموو سووچێکی ئەو شوێنە بگەڕێن بە دوای رفێندراوەکاندا و بۆ یەک کاژێر لەوێ مانەوە.

کۆماندۆکانی هێزی دەلتا توانییان بەڵگە بدۆزنەوە کە ئەو رۆژنامەنووسانە لەوێ راگیراون و پێیانوایە کە 72 کاژێر پێش ئۆپەراسیۆنەکە لەو شوێنە گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

بەرپرسانی ئەمریکا بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵیان گوتووە کە ئەگەرچی بەڵگە نییە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بە جۆرێک لەو ئۆپەراسیۆنە ئاگادار کرابنەوە. دوای زیاتر لە مانگێک لە سەرنەکەوتنی ئەو ئۆپەراسیۆنە، هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، وای کرد کە رۆژی 8ی ئاب ئەمریکا دەست بکات بە هێرشی راستەوخۆ بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی.

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیش وەک وەڵامێک بۆ ئەو هێرشانە، رۆژی 19ی ئاب ڤیدیۆی سەربڕینی جەیمز فۆلی رۆژنامەنووسیان بڵاو کردەوە. چەند رۆژ دوای کوژرانی جەیمز فۆلی، ئۆباما بڕیاری دەرکرد و فڕۆکە سیخوڕیەکانی ئەمریکا ئێستا لە ئاسمانی سووریا چاودێریی گرووپی داعش دەکەن.

---

نیویۆرک تایمز:

# قەتەر، ژاپۆن، ئیمارات و نەرویج بە پارە پشتگیریی ئەمریکا دەکڕن

**رووداو- نیویۆرک تایمز**

رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی کۆمەڵێک زانیاری ئاشکرا کرد لەسەر چەند وڵاتێک کە پارەیان داوەتە سێ سەنتەری توێژینەوەی بە هەژموونی ئەمریکی بۆ ئەوەی کار لە بڕیارەکانی حکومەتی ئەمریکا بکەن.

هەریەک لە قەتەر، نەرویج و ئیمارات پارەیان داوەتە سەنتەری برووکینز، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی و سەنتەری ئەتلانتیکی ئەمریکی.

زۆر جار حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ بڕیاردان پشت بە راوێژ و زانیاری ئەو سەنتەرانە دەبەستن. ئەو سەنتەرانە بەپێی یاسا دەبێت سەنتەری زانستی و بێ لایەن بن.

نیویۆرک تایمز دەڵێت زانیاری دەستکەوتووە کە قەتەر، ئیمارات، ژاپۆن و نەرویج پارەیان بە چەند سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەمریکی داوە و لە بەرامبەردا ئەو سەنتەرانە راپۆرتی ئەرێنییان دەربارەی ئەو وڵاتانە نووسیوە.

بە گوێرەی سەرچاوەکانی نیویۆرک تایمز، قەتەر لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پەیمانی داوە کە 14 ملیۆن دۆلار بە سەنتەری برووکینزی ئەمریکی ببەخشێت.

لە بەرامبەردا، برووکینز هیچ راپۆرتێکی نەرێنی لەسەر حکومەتی قەتەر نەنووسێت. ئیمارات خەرجی دروستکردنی بینای "سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی"ی ئەمریکی لە ئەستۆ گرتووە کە تەنها چەند کۆڵانێک لە کۆشکی سپییەوە دوورە.

ئەتلانتیک کانسل کە سەنتەرێکی توێژینەوەیە و زۆر جار حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکا راوێژی پێ دەکات، لە 25 وڵاتی بیانی پارەی وەرگرتووە. بە گوێرەی نیویۆرک تایمز، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا 64 وڵاتی بیانی بڕی 92 ملیۆن دۆلاریان داوەتە 28 سەنتەری توێژینەوەی ئەمریکی، بۆ ئەوەی پشتگیری سیاسی ئەو وڵاتە بیانیانە بکەن و نزیکیان بکەنەوە لە حکومەتی ئەمریکا.

### بەکرێگیراوی بۆ وڵاتێکی بیانی یاساییە

بە گوێرەی پارێزەرانی ئەمریکا، کەسێک، کۆمپانیایەک، یان دەزگایەک دەتوانێت ببێتە بەکرێگیراوی وڵاتێکی بیانی، بەڵام لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەت کە لە ساڵی 1938 کۆنگرێسی ئەمریکی پەسەندی کردووە. ئەم یاسایە لە دژی هەڵمەتی پروپاگەندەی رژێمی نازی ئەڵمانیای ئەوکات بوو کە بە پارە دەیانویست بانگەشە بۆ فاشیزم بکەن و هەوڵبدەن حکومەتی ئەمریکا پشتگیری سەربازیی راستەوخۆی بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا نەکات لە دژی ئەڵمانیا. پسپۆڕانی یاسایی نیویۆرک تایمز دەڵێن، ئەو پارەیەی قەتەر و ئیمارات بە سەنتەرەکانی توێژینەوەی دەدەن، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو یاسایەوە. بە گوێرەی چەند پارێزەرێکی ئەمریکی کە بۆ نیویۆرک تایمز قسەیان کردووە، ئەم کارە لە دژی یاساکانی ئەمریکایە، چونکە ئەو سەنتەرانە وەکو بەکرێگیراوی بیانی خۆیان رانەگەیاندووە و هەر بە بێلایەن خۆیان رادەگەیەنن و حکومەتی ئەمریکاش راوێژیان پێدەکات.

### "بەکرێگیراوی هیچ وڵاتێک نین"

سەنتەری برووکینزی ئەمریکی هەر زوو وەڵامی نیویۆرک تایمزی دایەوە و لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە "ئێمە بەکرێگیراوی هیچ لایەنێکی بیانی نین". سەنتەری برووکینز لە بەیاننامەکەدا بە توندی وەڵامی ئەو راپۆرتەی نیویۆرک تایمز دەداتەوە و دەڵێت "لە ساڵی 1916ەوە و لەو کاتەوەی سەنتەرەکەمان دامەزراوە، ئێمە بەردەوام بووین لە ئەنجامدانی توێژینەوەی بێ لایەن و زانستی". بەڵام سەلیم عەلی کە توێژەرێکی ئەو سەنتەرە ئەمریکیەیە، بە نیویۆرک تایمزی گوتووە "ئەگەر ئەندامێکی کۆنگرێس راپۆرتێکی برووکینزی بەکارهێنا، دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەو راپۆرتە هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە پێشان نادات". سەلیم دەڵێت لە کاتی چاوپێکەوتنی وەرگرتنی وەزیفە لە سەنتەری برووکینز پێیانگوتم "نابێت لە دژی قەتەر هیچ شتێک بنووسی".

نووسەرانی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز دەڵێن چەند بەرپرسێکی بیانی پێیانگوتوون کە ئەو پەیوەندیانەی ئەوان هەیانە لەگەڵ سەنتەرەکانی راوێژکاری و توێژینەوەی ئەمریکا رێگەیەکە بۆ زیادکردنی هەژموونی ئەوان لە نێو هەزاران وڵاتی دیکە کە دەیانەوێ سەرنجی حکومەتی ئەمریکی بۆ خۆیان رابکێشن. گوتەبێژێکی باڵیۆزخانەی ژاپۆن لە ئەمریکا گوتوویەتی "ژاپۆن وڵاتێکی سەرنجڕاکێش نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی گەشەی ئابووریی وڵاتەکەمان کەمی کردووە".

زۆربەی وڵاتان کێبڕکێ لەسەر پشتگیریی ئەمریکا دەکەن. ئەمەش شتێکی سەیر نییە کاتێک تەماشای باڵادەستیی ئەمریکا دەکەیت لە جیهاندا. واشنتن تەنها پایتەختی 51 ویلایەتەکەی ئەمریکا نییە، بەڵکو بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی، واشنتن پایتەختی 700 بنکەی سەربازیی ئەمریکییە لە 172 وڵات، بێجگە لەو 557 هەزار باڵەخانەی سەربازی و دیپلۆماسیەی کە حکومەتی ئەمریکا لە پێنج هەزار شار و شارۆچکە و ناوچەی جیهان هەیەتی. هەزاران نوێنەری کۆمپانیا زەبەلاحەکان و دیپلۆماتکارانی وڵاتە جیاوازەکان لە واشنتنی پایتەختی ئەمریکا هەوڵدەدەن دەنگیان بگاتە ئەو چەند سەد کەسە باڵادەستەی ئیدارەی ئەمریکا و کۆنگرێس. ئەمە بێجگە لە کەسانی بیرۆکراسی و فەرمانبەدە باڵاکانی هەر یەک لە وەزارەتەکانی خەزانە و بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا کە کار لە بڕیارەکانی ئەمریکا دەکەن.

---

جگە لە قوربانیانی شەڕی ئێستای داعش

# عێراق زیاتر لە 3 ملیۆن کەمئەندامی هەیە



**عادل فاخر**
**رووداو- بەغدا**

جگە لە قوربانیانی شەڕی ئێستا لەگەڵ چەکدارانی داعش، زیاتر لە سێ ملیۆن کەس لە سەرتاسەری عێراق کەمئەندامی جەستەیین، ئەمە لەکاتێکدا نە پێداویستی تایبەتیان بۆ دابینکراوە و نە یاسایەک جێبەجێ دەکرێ بۆ هاوکاریکردنیان.

بە گوتەی پزیشکێک، شەڕ و دەرئەنجامەکانی، لەگەڵ رووداوەکانی هاتوچۆ لەو هۆکارە سەرەکیانەن کە لە پشت ئەم ژمارە گەورەیەی کەمئەندامانەوەن لە عێراق.

"قسەکردن لەسەر پێداویستیەکانی ئەم کەسانە بۆ تەنیا کەیسێک یان چەند کەیسێکی کەم نییە"، دکتۆر بەسام شەریف حوجەیمی بە (رووداو)ی گوت "ئەمە قسەکردنە لەسەر بارودۆخی نزیکەی 12%ی خەڵکی عێراق، ئەوەش دەکاتە زیاتر لە سێ ملیۆن عێراقی لە هەموو بەشەکانی وڵات بە هەرێمی کوردستانیشەوە".

حوجەیمی کە ئەندامی پێشووی لیژنەی ژینگە و تەندروستی بوو لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت "لە ئاکامی شەڕی تیرۆر و نەبوونی چاودێریی راستەقینەی تەندروستی، کەمئەندامان بەدەست ئازارەکانی کە مئە ند ا مییە و ە دەناڵێنن".

زۆر لەو پزیشکانەی کە چارەسەری خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، دەڵێن حکومەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی پێداویستی بۆ ئەم کەسانە. سەرەڕای ئەوەش ئەم کەسانە قوربانیی شەڕ و سیاسەتەکانن.

دکتۆر زیاد تارق کە بەرپرسێکی تەندروستیە، گوتی "وەزارەتەکەیان بایەخی تایبەت دەدات بە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت".

دکتۆر ستار سەعدی کە بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستیە، گوتی "وەزارەت کاردەکات بۆ کردنەوەی سەنتەری زیاتر بۆ کەمئەندامان لە بەغدا و هەروەها لە پارێزگاکانی دیکەش چەند پرۆژەیەک لەژێر کارکردندایە".

بەڵام حوجەیمی لۆمەی پەرلەمانی عێراقی کرد کە بەهۆی ململانێی نێو کوتلە سیاسیەکانەوە هەرگیز دامەزراوەیەکی بەهێز نەبووە و لە پشتگوێخستنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەرپرسە.

"پەرلەمانی عێراق هۆکارە لەپشت ئەوەی ئەم خەڵکانە هیچ هاوکاریەکیان بۆ دابین نەکرێ". ئەو گوتی "داوا و ناڕەزاییم پێشکەشی حکومەتی عێراقی کردووە لەسەر ئەوەی کە پەرلەمان رێگری لە کارەکانم دەکات بۆ تێپەڕاندنی یاسایەک بۆ بەرگریکردن لە مافی کەمئەندامان".

ئەو گوتی دوو ساڵ لەمەوبەر عێراق بووەتە ئەندام لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ چاودێریکردنی خەڵکانی کەمئەندام دابمەزرێنێ.

یاسای ژمارە 38 بۆ چاودێریکردنی خەڵکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، لە ساڵی 2013 پەسەندکرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

"یاساکە بە مردوویی مایەوە، چونکە حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ جێبەجێکردنی یاساکەو دامەزراندنی کۆمیسیۆنێک بۆ بایەخدان بە کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت" حوجەیمی وا دەڵێت.

ئەو گوتی "زیاتر لە سێ ملیۆن عێراقی بەدەست کاریگەری کەم ئەندامیەوە دەناڵێنن، بەڵام حکومەت زۆر بە دەگمەن دەستی خستووەتە سەر ئەم بابەتە". هەروەها تووڕە بوو لەوەی کە هەندێ لە بڕیار بەدەستان تێناگەن لەوەی تەنیا پارەو یارمەتی بەس نییە بۆ کەمئەندامان. وەک ئەو دەڵێت "وا دەردەکەوێ پەرلەمانتاران لەوە تێنەگەن کە ئەم کەسانە پێویستیان بەوەیە جارێکی دیکە بێنەوە ناو کۆمەڵگە".



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## پەروەردەی تەندروست

قسە بە دوو جۆر دەچێتە مێشکی منداڵەوە، یان بە شەق، یان بە قسەی خۆش و ئارامگرتنی زۆر و پشووی درێژ و لەخۆبووردەیی مامۆستایان، کاتێک وەزارەتی پەروەردە زمانی هەڕەشە و دارو زللەی لە مامۆستایان سەندەوە، چی پێ بەخشین؟

بەداخەوە کە ئێمە هەژارین لە توێژینەوەدا، بەڵام بەپێی ئەو هەموو کارەسات و تراژیدیایانە بێت کە لە میدیاکانەوە دەیبیستین، برا برا دەکوژێت و باوک کوڕ دەکوژێت و مێرمنداڵ ژنی دراوسێ، بەوەدا دیارە پەروەردە لە چ قەرانێکدایە.

پەروەردە ئەگەر تەندروست بێت، ڕەوشتی نەتەوەش دەگۆڕێت، منداڵ ئەگەر باش فێر بکرێ، دەتوانێ دایە و بابەی خۆی فێری ددان شووشتن بکات، فێری میهرەبانی و ڕێزگرتنیان بکات، فێریشیان بکات لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە بوتڵی ئاو و پاشماوەی خۆراک فڕێنەدەنە نێو شەقامەکان.

لەڕێی پەروەردەوە دەتوانرێ نەوەیەک بەرهەمبهێنرێ بڕیاری تەندروستانە بدات و دەروونێکی تەندروستی هەبێت، هەروەها کاریگەرییان لەسەر دەوروبەریشیان هەبێت. لەڕێی پەروەردەوە دەتوانێ ڕۆشنبیریی تەندروستی خەڵکی بگەیەنرێتە ئاستێک کە خۆی لە نەخۆشی بپارێزێ. پاک و خاوێن بێت و خاوێنیش ببەخشێتەوە. مافەکانی خۆی بزانێت کاتێک نەخۆش دەبێت، یان کاتێکیش دەبێتە پزیشک و چارەسەری نەخۆش دەکات. ئەوەی لە مێشکی منداڵێکدا دەچەسپێنرێ، ئیتر دەبێتە بەرنامەی ژیانی، مامۆستایان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر منداڵان زیاتر بێت وەک لەوەی باوان هەیانە.

هەرچەندە لە قوتابخانەکاندا وانەکانی وەرزش و هونەریش زۆرجار دەکرێنە قوربانی وانەکانی دیکە، بەڵام وانەی تەندروستی هەر بوونی نییە، سەردانی تیمی تەندروستی لە ساڵێکدا جارێک یان دوو جار، جێی وانەیەکی تایبەت بە تەندروستی لەنێو بەرنامەی خوێندندا ناگرێتەوە. دەتوانرێ لە وانەکەدا زانیاری سەرەتایی بدرێ دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی، دروستیی دەروون، هەروەها پەروەدەی دەروونی، ئەگەر ئەوەش زۆر قورسە، خۆ دەتوانرێ سەردانی تیمە تەندروستییەکان بۆ قوتابخانەکان زیاتر بکرێ، بابەتەکان هەمەجۆرتر بکرێن، تاقیکردنەوە بۆ پیسی و کاریگەریی خراپی جگەرە لەبەردەم خوێندکاراندا ئەنجامبدرێ وەک ئەوەی لە هیندستان دەکرێ، لە مێشکی منداڵاندا بە تەواوەتی بچەسپێنرێ و لە بەرچاویاندا بە تەواوی بسەلمێنرێ کە دووکەڵی جگەرە دژی خەمۆکی نییە، بەڵکو هۆکاری تووشبوونە بە دەیان نەخۆشی کوشندە و شێرپەنجەکان، دەکرێ بەپێی تەمەنی منداڵان باسی فریاگوزاریی سەرەتایی بکرێ.

کارکردن لەسەر بیروباوەڕ، پێشبینی، پاڵنەرەکان، ڕەوشت، بیرکردنەوەی تەندروستی منداڵ، کاریگەریی گەورەی لەسەر داهاتوویەکی زۆر نزیک دەبێت.

کاتێک تسۆنامی لە ژاپۆنی دا، دەرزییەک تاڵان نەکرا، کاتێکیش لە یاری جامی جیهانیدا دۆڕان، لە جیاتی کورسی شکاندنی یاریگا، دەستیان بە پاککردنەوەی پاشماوەی ئامادەبووان کرد. ژاپۆنییەکان خەڵکێکی تەمەندرێژ و تەندروستن، پەتاو نەخۆشی تێیاندا کەم بڵاودەبێتەوە، جگە لەوەی لەڕێی داهێنانەکانیانەوە خزمەتی جیهان دەکەن، ژاپۆنییەکان خاوەنی ئۆکیناواشن کە تەمەندرێژترین خەڵکی سەرزەوین، ئەوانە هەمووی لەڕێی پەروەردەوە کراون.

هیوادارم وەزیری پەروەردە و تەندروستی هێندە هاوڕێی یەک بن، جگە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، کاتێکیش دابنێن باسی پەروەردەی تەندروستی تێدا بکەن.

---

دوای بەدواداچوونی (ڕووداو) بڕیاری لەسەر درا:

# سەنتەرێکی پێشکەوتووی تالاسیمیا لە هەولێر دەکرێتەوە




**بەختیار حەمید و سەروەر سالار**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای بەدواداچوونی بەرنامەی (نۆڕین) ی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، سەنتەرێکی تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشانی تالاسیمیا لە شاری هەولێر کرایەوە. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر نکوڵیی لەوە ناکات کە (ڕووداو) پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی ئەو سەنتەرە بۆ تووشبووانی تالاسیمیا لە هەولێر و دەوروبەری.

تالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆماوەیی خوێنە و تێیدا کەسی نەخۆش تووشی تێکشکان و شیبوونەوەی خڕۆکە سوورەکانی خوێنی دەبێت. ئەمەش لەلایەکەوە تووشی کەمخوێنی دەکات و دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام خوێنی تێبکرێت، لەلایەکی دیکەوە بڕێکی زۆری ماددەی ئاسن لە شانەکانی لەشیدا (دڵ و گورچیلە و کوێرە ڕژێنەکان) کۆدەکاتەوە و پەکیاندەخات. واتە گواستنەوەی خوێن لە نەخۆشییەکە ڕزگاری ناکات، بەڵکو چارەسەر بەوە دەبێت لە سەرەتای تەمەنەوە چاندنی مۆخ بۆ کەسەکە بکرێت کە ئەو نەشتەرگەرییەش تا ئێستا لە کوردستان ناکرێت.

سەنتەرە نوێیەکەی هەولێر لە شارۆچکەی عەنکاوە دامەزراوە کە 25 تەختی خەواندنی تێدایە و بە گوتەی بەرپرسان، زۆربەی هۆکارەکانی دەستنیشانکردن و چارەسەری تالاسیمیای تێدایە.

د.ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەو سەنتەرە نوێیە بە (ڕووداو)ی گوت "سەنتەری تالاسیمیا لە هەولێر لەلایەن حکومەتی ئیتاڵیاوە دروستکراوە و لەلایەن خێرخوازێکی شاری هەولێرەوە پێداویستییەکانی بۆ دابینکراوە". ئەو پیرۆزباییشی لە تووشبووان کرد کە بوونە خاوەنی سەنتەرێکی پێشکەوتووی لەو جۆرە.

بەرنامەی نۆڕین لە تەلەفزیۆنی ڕووداو لە ڕۆژی جیهانیی تالاسیمیادا تیشکی خستە سەر کەموکورتییەکانی بنکەی چارەسەری تالاسیمیا لە هەولێر و ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لەوەی بەرپرسانی تەندروستیی هەولێر پەرە بە بنکەکە بدەن و بیکەنە سەنتەرێکی پێشکەوتوو.



( فۆتۆ: بنار)

د.سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر لەبارەی بڕیاری دروستکردنی سەنتەری چارەسەری نەخۆشانی تالاسیمیا بە (ڕووداو)ی گوت "دوای بەدواداچوونەکانی بەرنامەی نۆڕین کە لە ڕۆژی جیهانیی تالاسیمیا گرفتەکانی نەخۆشانی تالاسیمیای وروژاند، ئێمە وەک کاردانەوەیەک و بەشێوەیەکی کاتی ئەم سەنتەرەمان دروستکرد، سەرەڕای ئەوەی کە پرۆژەی سەنتەرێکی گەورەی تایبەت بە تالاسیمیا لە شاری هەولێر بەردی بناغەی دانراوە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە پرۆژەکە دواکەوتووە و بە سستی دەڕوات".

تالاسیمیا زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاستدا بڵاوە و کوردستانیش دەکەوێتە ئەو ناوچەیەوە. ساڵی 2010 و لەسەر ئاستی جیهاندا 18000 کەس بەهۆی تالاسیمیاوە گیانیان لەدەستداوە.

نەخۆشییەکە سێ پلەی هەیە: گەورە و مامناوەند و بچووک. ئەوانەی تالاسیمیای گەورەیان هەیە، ئەستەمە بگەنە تەمەنی پێگەیشتن و لە دەیەکانی سەرەتای تەمەنیاندا دەمرن. مامناوەندەکانیش ماوە نا ماوەیەک تووشی کەمخوێنی دەبن و کەمتر بەرگەی حاڵەتە پڕ فشارەکانی وەک سکپڕی و هەوکردن دەگرن. هەرچی تووشبووانی تالاسیمیای بچووکن، ئەوە بە "هەڵگری تالاسیمیا" دەناسرێن و هەست بە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی ناکەن، بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەی هەڵگردا بکەن، ئەوا 50% ئەگەری هەیە منداڵەکانیان تووشی تالاسیمیای گەورە ببن. بۆیە گرنگە بەر لە هاوسەرگیری پشکنینی خوێن بۆ هەردوو هاوسەرەکە بکرێت تا بزانرێت هەڵگری تالاسیمیان یان نا.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، 2210 کەس لە هەرێمی کوردستان لە سەرجەم سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تووشبووی تالاسیمیای گەورە تۆمار کراون، ئەمە جگە لە 100 کەس لەناو ئاوارەکانی سووریا و 210 تووشبووی دیکەش لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە کە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

دڵزار عەبدولڕەحمان بەرپرسی لقی هەولێری کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان سەبارەت بە ئاماری تووشبووانی ئەو نەخۆشییە بۆ (ڕووداو) قسەی کرد "لە سنووری پارێزگای هەولێر 550 ئەندامی تۆمارکراومان هەن و بەپێی زانیارییەکانمان بەگشتی 700 تووشبووی تالاسیمیا لە سەنتەری تالاسیمیای هەولێر چارەسەر دەکرێن، چونکە جگە لە ئەندامانی ئێمە، ئاوارەکانیش تووشبووی تالاسیمیایان تێدایە و هەر لێرە چارەسەر دەکرێن".

دڵزار دەڵێت حکومەت هاریکار بووە لە کەمکردنەوەی ژمارەی تووشبووان "هەم پشکنینی پێشوەختە بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە هاوسەرگیری دەکەن، هەم دەستکراوە بە ناردنی تووشبووان بۆ دەرەوەی وڵات و ئەنجامدانی چاندنی مۆخ بۆیان کە تاکە ڕێگای چاکبوونەوەیە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیش، لە سەنتەری تالاسیمیا و نەخۆشییە بۆماوەییەکانی خوێنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکەدا 1074 حاڵەتی تالاسیمیای گەورە تۆمارکراون و لەساڵی ڕابردوودا سەنتەرەکە 12082 جار پێشوازی لە نەخۆشانی تالاسیمیا کردووە و چارەسەری پێشکەش کردوون.

ئێستا لە سلێمانی، بە پشکنینی تایبەتی دەتوانرێت بزانرێت کە ئاخۆ ئەو منداڵەی لە سکی دایکیدایە تووشبووی تالاسیمیایە یان نا.

---

# سکچوون کوشندەیە بەڵام چارەسەری ئاسانە

**د.زانیار نووری عوسمان***

### بە چی دەگوترێ سکچوون؟

سکچوون واتە زیادبوونی قەبارە یان کەڕەتەکان یان شلیی پیسایی. لە هەمووی گرنگتر زیادبوونی شلی یان ڕێژەی ئاوە لە پیساییدا.

### بۆچی کوشندەیە؟

هەموو سکچوونێک ئەگەری هەیە ببێتە هۆی وشکبوونەوەی ئەو کەسە، هەروەها کەمبوونەوەی خوێکانی ناو لەشی مرۆڤ کە ئەمانەش دەبنە هۆی دابەزینی پەستانی خوێن و تەنانەت خراپبوونی لێدانی دڵ و ملنان بەرەو مردن.

هۆکارەکانی دابەش دەبن بۆ دوو گرووپ: سکچوونی بەردەوام کەمتر لە هەفتەیەک و سکچوونی بەردەوام زیاتر لە چوار هەفتە.گرنگترینیان:

گرووپی یەکەم: مشەخۆر واتە پەتا، خواردنی خۆراکی پیسبوو، دەرمان.

گرووپی دووەم: کۆڵۆن، هەوکردنی کۆڵۆن، دەرمان، بەدهەرسی.

### چی بکرێت؟

پێویست ناکات بۆ هەموو سکچوونێک بچیت بۆ لای پزیشک! ئەوەت لەبیر بێت هەندێک حاڵەت هەیە کەمێک پیسایی شل دەکاتەوە، لەوانە:

دڵەڕاوکێ، خواردنی وەکو شیر و ئایسکرێم و شەربەتەکان و هەنگوین و میوەکان و زۆری دیکە.

### کەی بچینە لای پزیشک؟

تەنها گەر ئەم حاڵەتانەت هەبوو دەستبەجێ سەردانی پزیشک بکە:

1ـ بینینی کێم یان خوێن لەناو پیسایی.

2 ـ تا

3 ـ نیشانەکانی وشکبوونەوە وەکو زۆر تینووبوون، گێژخواردنی سەر.

4 ـ سکچوون بۆ زیاتر لە چوار هەفتە.

5 ـ سکچوونێک خەبەرت بکاتەوە لە خەو.

6 ـ دابەزینی خێرای کێش.

7 ـ سکچوونی بەردەوام (زیاتر لە 10 جار لە ڕۆژێکدا بۆ نموونە)

8 ـ ڕشانەوە و ئازاری زۆری نێو سک.

گەر تەنیا خاڵی 4 و 6 بوون، ئەوا بڕۆ بۆ نەخۆشخانە ڕاوێژکارییەکان، گەر ئەوانی دیکە بوون باشترە دەستبەجێ بڕۆیت بۆ بەشی فریاکەوتن.

### پزیشک چیت بۆ دەکات؟

بەپێی هەڵسەنگاندنی حاڵەتەکەت دەبێت، هەندێک جار پێویست بە هیچ پشکنینێک و چارەسەر ناکات گەر هۆکارەکەی ڤایرۆس بێت یان باری تەندروستیت باش بێت و هەندێک جار پشکنینی دەوێت. هەر بۆیە دڵگران مەبە گەر پزیشک نەیناردی بۆ پشکنینی خوێن یان پیسایی یان ئەگەر چارەسەی بۆ نەنووسیت!

لەبیرت بێت: زۆربەی سکچوونەکان پێویستی بە خواردنەوەی خوێاوە (ئەوەی لە کیسدایە)، ئەمە گرنگترین چارەسەری سکچوونە نەک دەرمان. خوێاو هەرچەندە تامی ناخۆشە بەڵام باشترین وەستێنەری سکچوونە، هەرگیز پەستانی خوێن بەرزناکاتەوە بە ڕادەیەکی مەترسیدار.

تێبینی: ئەمە تەنها باسکردنی سکچوونە بۆ تەمەنی 13 ساڵ بەرەوژوور و بۆ منداڵ جیاوازە.

***هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو**



### خۆت لەمانە بەدوور بگرە:

1ـ نەچوون بۆ نەخۆشخانە کاتێک نیشانە خراپەکانت هەبوو.
2 ـ چارەسەر وەرگرتن لە غەیری پزیشک.
3 ـ خواردنی وەستێنەرەکانی سکچوون وەکو ئینترۆستۆپ یان فلاجیل بێ گەڕانەوە بۆ پزیشک، ئەگەری هەیە ببێتە هۆی وەستانی ڕیخۆڵەت.
4 ـ داواکردنی هەڵواسینی ئاو لە بری خواردنەوەی خوێاو.

---



# وریای پێڵاوی منداڵەکانتان بن

ڕێژەیەکی بەرزی منداڵان کاتێک لەدایک دەبن پێیەکانیان تەواوە، بەڵام ڕێژەی تەنیا 40%ی گەورەکان پێیەکانیان ساغە، پزیشکان دەڵێن هۆکاری نادروستیی قاچی گەورەکان بۆ لەپێکردنی پێڵاوی تەنگ دەگەڕێتەوە لە تەمەنی منداڵییاندا.

بەپێی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان، 50%ی منداڵانی جیهان پێڵاوی زۆر تەسکیان لەپێ دەکرێت، ئەوەش کاریگەریی خراپی درێژخایەن جێدەهێڵێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەدوای تەمەنی منداڵی.

لێکۆڵەرانی نەمسایی، سەلماندوویانە کە سێیەکی ئەو پێڵاوانەی منداڵانی تەمەن سێ بۆ شەش ساڵ بۆماڵەوە و بۆ دەرەوەش لەپێی دەکەن، پێڵاوی تەنگن. دایکان و باوکان دەزانن کە نابێت پێڵاوی منداڵەکانیان بچووک بێت، بەڵام پزیشکان و شارەزایان دەڵێن پێویستە پێڵاو 10 بۆ 12 ملیمەتر گەورەتر بێت لە قاچی منداڵ، ئەوەش ئەوەیە کە دایکان و باوکان نایزانن، دەبێت لە بەردەم پەنجەکاندا 4 ملیمەتر بۆشایی هەبێت.

زۆرجار لە کاتی کڕینی پێڵاودا، دایکان و باوکان گوێ لە منداڵەکانیان دەگرن لە کاتی تاقیکردنەوەی پێڵاوەکانیاندا، بەڵام پسپۆڕان دەڵێن نابێت متمانە بە قسەی منداڵان بکرێت، چونکە منداڵانی خوار تەمەن شەش ساڵ و نیو ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕاستی بدەنەوە.

کۆمەڵەی پزیشکیی ئەڵمانی دەڵێ: منداڵانی خوار تەمەن 6 ساڵ و نیو دەبێت هەر چوار مانگ جارێک پشکنینی پێڵاویان بۆ بکرێت، چونکە هەر مانگێک ملیمەترێک قاچیان گەورەتر دەبێت.

# قەیرانی دارایی لە کوردستان و سیاسەتی دەستگرتنەوە

**عومەر ئەحمەد**

هێندە تێنەپەڕیوە کە جیهان پاش دارِمانی کەرتی خانووبەرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای ساڵی 2008 رووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەوە. بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ئەمریکا، بەو پێیەی ئابووریی جیهان بە توندی گرێدراوی ئابووریی ئەمریکایە، سستیی ئابووری رووی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپی و ئاسیایی کرد. وەک رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، زۆربەی ئەو وڵاتانە بە وڵاتە زلهێزەکانیشەوە روویانکردە دارشتنی سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابووری و ئاکامەکانی ئێستا دەرکەوتوون و ئابووری ئەو وڵاتانە بەرەو نۆژەنبوونەوە ئاراستەی گۆڕیوە.

هەرێمی کوردستانیش لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی نەناردنی بەشە بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، تووشی قەیرانێکی دارایی هاتووە. ئەو قەیرانەی کە تا ئێستاش بەردەوامە و لەگەڵ بەڕێوەچوونی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، دیار نییە لایەنی راسپێردراو بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ بودجەی بڕاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنێرێتەوە یان نا.

لەبەر ئەو ئەگەرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یارمەتی و بەشداریی پەرلەمانی کوردستان دەبێت ژوورێکی کۆنترۆڵکردنی قەیران دامەزرێنێ. بەردەوامی و زیادبوونی گوشارە داراییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش تێوەگلانی لە شەڕێکی جیهانیی دژی تیرۆردا، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە پێکهێنانی وەها ژوورێک تەنانەت زۆر درەنگ کەوتووە. لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی روونی ئابووری بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی ئێستای دارایی هەرێمی کوردستان هەندێ کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش سەریانهەڵداوە.

لەکاتی دواکەوتنی پێدانی مووچەی هاووڵاتیان و هەروەها گرانبوونی نرخی بەنزین، تێبینی کرا لێکتێنەگەیشتنی زۆر هەیە لە نێوان پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا، هەربۆیەش کاردانەوەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە زۆر جیاواز بوو. دەبینرا کاردانەوەکان ئەو پشوودرێژییەی بەدواوە نەبوو کە هاووڵاتیان هەردەم وەک هاوکاریکردنی حکومەت بە درێژایی چەندین دەیە دەریانبڕیوە، رەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا ژوورێکی کۆنترۆڵکردنی قەیرانی دانەمەزراندووە تا بتوانێت بەرنامە و ستراتژی حکومەت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە روون بکاتەوە.



حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابووری باشتر رووبەڕووی ئەو قەیرانە داراییەی ئێستا ببێتەوە، ئەوەش بە یارمەتی پەرلەمانی کوردستان و بە روونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویست بوون بۆ دەربازکردنی ئەو قەیرانە.

لە زانستی ئابووریدا، سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابووری (Austerity Policy) بە پلانێک دەگوترێت کە حکومەتی وڵاتان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و کورتهێنانی بودجە، ناچار دەست بە کەمکردنەوە یان نەهێشتنی هەندێ لە خزمەتگوزارییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان بکات. ئەو بەرژەوەندییە گشتییانە لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو پاڵپشتییە داراییانە بێت کە لە کەرتی وزەو سووتەمەنی تا ئێستا پێشکەشی هاووڵاتیانی کردووە. بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین دەیتوانی بەشێک لە پلانێکی بەرفراوانی دەستگرتنەوەی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

دەستگرتنەوەی ئابووری هەندێ جار قەرزکردن لە وڵاتانی دیکەشی بەدواوە دێت، ئەو کارەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە بری پێدانی نەوتی خاو لە داهاتوودا ئەنجامیداوە. کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکان بۆ ئەو کارانەی کە زۆر پێویست نین، لایەنێکی دیکەی سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابوورییە کە حکومەت بە دروستی پەیڕەوی کردووە، ئەوەی کە جێی تێبینییە، ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەی دراون تاک بە تاک دراون و لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی هەمەلایەن نین کە بۆ هەموو لایەنێک و هەروەها لەبەردەم رای گشتیدا روونکرابێتەوە، هەربۆیە لەکاتی جێبەجێکردنیدا رووبەڕووی کاردانەوەی جیاواز دەبێتەوە.

ئەگەر پلانی دەستگرتنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی ژووری کۆنترۆڵکردنی قەیران هەر لەسەرەتای بڕینی بودجەکەیەوە بە فەرمی راگەیێندرابایە و روونکرابایەوە، لایەنەکانی بەشداربوو لە حکومەت بە جۆرێکی دیکە کاردانەوەیان دەبوو، رای گشتیش باشتر پێشوازی و هاوکاری جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی دەکرد. خۆ ئەگەر بۆ هاووڵاتییان بەباشی روونبکرێتەوە کە سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابووری تەنیا رێگەچارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە داراییە، رەنگە هاووڵاتیان تەنانەت ئامادەش بن وەک یارمەتیدان، باج لەسەر ئەو مووچەیە بدەن کە لە حکومەت وەریدەگرن، هەروەها زیاتر هاوکاری حکومەت دەبوون لە کەم بەکارهێنانی وزەو سووتەمەنی و هەروەها پاک و خاوێن راگرتنی شارەکان بەوپێیەی بارێکی گرانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

## نەوتی کوردستان سووکە یان قورسە؟

# ”داعش نەوتی قورسی لەژێر دەستدایە“



**محەممەد هادی**
**رووداو – هەولێر**

نەوتی باشووری کوردستان، وەک شارەزایانی بواری نەوت باسیدەکەن، لەڕووی کوالیتییەوە نەوتێکی باشە. ئەو نەوتە لە بازاڕەکانی جیهاندا خواستی لەسەرە و بە گرنگیدانی زیاتری کۆمپانیاکان و هەوڵدان بۆ هێنانی تاوەر و ئامێری تایبەت بۆ جیاکردنەوە و دەرکردنی ئەو ماددە زیادانەی کە لەگەڵ نەوتی خاو دێتە دەرەوە، لە چەند ساڵی داهاتوودا کوردستان دەتوانێت نەوتێک هەناردە بکات کە شوێن بۆ خۆی بکاتەوە لە بازاڕەکانی جیهاندا.

باشووری کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ ناوچە نەوتییەکانی دیکەی جیهان، ناوچەیەکی تازەی نەوتییە. تاوەکو ئێستا لە باشووری کوردستان 57 بلۆکی نەوتی یاخود ناوچەی نەوتی دۆزراونەتەوە کە کاری گەڕان و دەرهێنانی نەوتی تێدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکانەوە. بەهۆی ئەوەی کە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و هەڵکەندن و گەڕان لەدوای نەوت لە کوردستان پرۆسەیەکە تەمەنی چەند ساڵێکە و هێشتا نەبووەتە تەمەنێکی پڕئەزموون، نەوتی کوردستان وەک نەوتی هەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان لە سەرەتای دەرهێنانیدایە و جۆری نەوتەکەشی لە بازاڕە جیهانییەکاندا قبوڵکراوە. پەیمانگەی نەوتی ئەمریکی کە ناسراوە بە API، کۆمەڵێک پێوەری تێدایە کە چڕیی نەوتی پێ دەپێورێت و جۆری نەوتەکە دیاریدەکات. ئەمەش بەشێوەیەکە کە ئەگەر نەوتێک پێوەرەکانی APIی زۆر بێت، ئەوە جۆری نەوتەکە سووکە و زیاتر خواستی لەسەرە، وەک نەوتی تەکساس و نەوتی برێنت. ئەمەش لەکاتێکدایە کە جاران نەوت بە رەنگەکەی جیادەکرایەوە کە سووکە یان قورسە. ئەگەر رەنگەکەی رەش بووایە، نەوتەکە بە قورس دادەنرا، تا رەنگی نەوتەکەش بەرەو سەوزی رۆیشتبووایە، زیاتر بە نەوتێکی سووک دەزاندرا.

نەوت بەگشتی لەڕووی چڕییەوە جیاوازە و هەندێک جۆری نەوت هەیە چڕییەکەی زۆرە. هەندێکی دیکە هەیە چڕییەکەی کەمە. شارەزایانی بواری وزە دەڵێن ئەو نەوتەی چڕیی زۆر بێت پێیدەڵێن نەوتی قورس و ئەوەی چڕیشی کەم بێت بە نەوتی سووک دەناسرێت. نەوتی قورس چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین نەوتی قورس API کەمە و رێژەی کاربۆنی زۆرە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەری زۆری کبریت لە نەوتی قورس زیاترە، بەڵام نەوتی سووک بە پێچەوانەی ئەوەیە. هەردوو جۆری نەوتی قورس و سووک، بەپێی ئەو تەکنەلۆژیا و ئەو مەبەستەی کە بۆی بەکاردێن، سوودیان هەیە. هەندێک کات نەوتی قورس خواستی لەسەر زیاترە، هەندێک کاتیش نەوتی سووک خواست و داواکاریی زۆری لەسەرە. یوونس ئەنوەر رواندزی، ئەندازیاری کیمیایی ئەو مژارەی زۆرتر بۆ (رووداو) روونکردەوە و گوتی: ”بەشی هەرە زۆری نەوتی کوردستان لە جۆری نەوتی قورسە، کە APIیەکەی لەنێوان (17 تاوەکو 24 )دایە، بەڵام لە زۆر ناوچەش نەوتی سووک هەیە کە API یەکەی دەگاتە 50 و زیاتر. بە جۆرێک کە تاوەکو لە سنووری مووسڵ دوور بکەوینەوە، نەوتەکە سووکتر دەبێت، لە هەمان چینی زەویدا و ئەگەر نزیکش ببینەوە جۆری نەوتەکە قورس دەبێت. ئەو ناوچە نەوتییانەی کە لەژێر دەستی داعشدان نەوتەکانیان لە جۆری نەوتی قورسن“. ئەو شارەزایە گوتی: "نەوت دوای ئەوەی لە زەوی دێتە دەرەوە، نابێ بچێتە بازاڕەکانەوە تاوەکو چەند ماددەیەکی زیانبەخشی هەیە لێی جیانەکرێتەوە و لە هەر کێڵگەیەکدا بەپێی سروشتی زەویی کێڵگەکە جۆری نەوتەکەی دیاریدەکرێت، کە ئایا نەوتەکە سووکە یان قورس“.

ئەو ئەندازیارە پترۆکیمیاییە باسی جیاوازیی جۆرەکانی نەوتی کوردستانی کرد و گوتی: ”رێژەی API لە نەوتی کێڵگەکانی شێخان 18یە، بەڵام لە بیرە نەوتەکانی شیواشۆک رێژەی API دەگاتە دەوروبەری 50. ئەمە یەکێکە لە بەرزترین بڕەکانی API لە بیرە نەوتەکانی جیهان“. هەروەها ”بۆ دەرهێنانی نەوت چەند بچێتە ناو قووڵایی زەوییەوە جۆری نەوتەکەی باشتر دەبێت، بۆیە نەوتی کوردستان API زۆر بەرزی نییە، بەهۆی ئەوەی کە هەڵکەوتەی جیۆلۆجیی کوردستان بەو شێوەیەیە کە لە هەندێ شوێ چینەکانی نزیک لە رووی زەوی نەوتەکەی قورسە و لە هەندێک شوێنی دیکە نەوتەکە سووکە.

چەند بەرەو قووڵایی زەویش بچین نەوتەکە سووکتر دەبێت“. یوونس ئەنوەر رواندی دەڵێت: ”لەبەرئەوەی لە باشووری کوردستان زۆر لە کێڵگە و بیرەکان نوێن و لە چینەکانی نزیک زەوین، هەروەها بەهۆی سروشتی زەوییەوە، لە هەندێک ناوچەش بە قووڵتربوونەوە بۆ ناخی زەوی، جۆری نەوتەکە بەرەو سووکتر دەگۆڕدرێت“. سەبارەت بە رێژەی کبریت، کە مادەیەکە لەناو نەوتی کێڵگەکانی باشووری کوردستاندا هەیە، ئەو شارەزایە دەڵێت: ”بەپێی ستانداردی جیهانی، دەبێ رێژەکەی 0.05 لەسەدا زیاتر نەبێت، بەڵام لە هەندێک لە کێڵگەکانی نەوتی باشووری کوردستاندا ئەو رێژەیە دەگاتە 1 لەسەد. لەکاتێکدا نەوتی تێکساسی ئەمریکا، کە یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی نەوت لە جیهاندا، رێژەکەی 0.024 لەسەدە. هەروەها نەوتی برێنتیش رێژەکەی 0.037 لەسەدە، کە پێیاندەڵێن نەوتی شیرین“. سەبارەت بە جیاوازیی ناوچە شاخاوییەکان و دەشتاییەکان بۆ کوالیتیی نەوت، یوونس ئەنوەر رواندزی گوتی: ”رێژەی کبریت لەو ناوچانە زیاترە کە ناوچەی شاخاوین، بەڵام لەو ناوچانە رێژەی خوێ کەمە. لە ناوچە دەشتاییەکانیش رێژەی کبریت کەمترە و رێژەی خوێ زیاترە. ئەم دوو مادەیەش ئەگەر لە رێژەی ئاسایی خۆیان زیاتر بێت کاریگەری لەسەر جۆری نەوتەکە دەبێت و دەبێت رێژەکەی کەمبکرێتەوە بەرلەوەی بچێتە بازاڕەکانەوە“.

سەبارەت بە گازی گۆگردیدی هایدرۆجین $H_2S$ (کە گازێکی خنکێنەرە لە رێژە بەرزەکاندا) ئەویش بە هەمان شێوەی کبریت رێژەیەکی دیاریکراوی هەیە، کە نابێ زیاتر بێت لە 10 بەش لە ملیۆنێک. ئەگەر رێژەی گازی گۆگردیدی هایدرۆجین یاخود $H_2S$ لەم رێژەیە زیاتر بوو، ئەوا ئەو نەوتە لە بازاڕەکان قبووڵ ناکرێت، چونکە زیانبەخش دەبێت بۆ مرۆڤ و کەلوپەلە پیشەسازییەکان. لەوبارەیەوە شارەزاکەی پێترۆکیمیاوی بە (رووداو)ی گوت: ”یەکێک لە پێوەرە جیهانییەکانی نەوت ئەوەیە کە رێژەی گۆگردیدی هایدرۆجین کەمتر بێت لە دە بەش لە ملیۆنێک. ئەگەر رێژەکەی زۆر بوو، بە هیتەر و تاوەر ئەو رێژەیە کەمدەکرێتەوە و دەگەیەندرێتە ستانداردی جیهانی. لە باشووری کوردستان، لە هەندێک کێڵگە، بەتایبەتی لە کێڵگەی شێخان، رێژەی گۆگردیدی هایدرۆجین لە نەوتی خاودا زۆرە، بەڵام توانراوە کەم بکرێتەوە. ئەویش بە دانانی تاوەر و هیتەر. ئێستا بەشێک لە کۆمپانیاکان تاوەریان داناوە بۆئەوەی رێژەکە کەم بکەنەوە لە نەوتدا تاوەکو ئاسانتر و باشتر بفرۆشرێت“.



هۆشیار سیوەیلی

# کوردستان لە ناوەندی ستراتیژی شەڕی دژی تیرۆردا

کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی (ناتۆ) کە لە ویلایەتی وێڵز لە بەریتانیا ئەنجامدرا و ڕۆژی هەینی رابردوو تەواو بوو، دوو کێشەی سەرەکی تاوتوێ کرد کە کێشەی ئۆکرانیا و داعش بوون. دوای کۆبوونەوەکە، سەرۆک ئۆباما ڕایگەیاند کە بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیەدا بە توندی پێداگیری لەسەر کراوە. سەرۆک و سەرکردەکانی تریش بەتایبەتی دەیڤد کامیرۆن هەمان پێداگرییان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەوڵەتە تیرۆریستە کردەوە. سەرۆک ئۆباما ڕایگەیاند کە لەناو ئەندامانی ناتۆدا هاوپەیمانییەکی 10 لایەنە پێکهێنراوە: ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئوسترالیا، ئیتالیا، پۆڵەندا، دانیمارک و تورکیا. بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە بەردەوامە. جۆن کیری ئەم هەفتەیە سەردانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بۆ ئەوەی ئەو هاوپەیمانییە فراوانتر بکات و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەش لەخۆبگرێت. لە میانەی ئەم هەوڵانەدا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ و تەنانەت ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش ڕەزامەندی لەسەر ئەو ڕۆڵە و هەماهەنگی سەربازیی نێوان ئەمەریکا و وڵاتەکەی دەربڕیوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکەیان. هەرچەندە کۆشکی سپی هەموو جۆرە هاوکارییەکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕەتکردەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی لایان وایە بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئێران لەو جەنگەدا هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی داعش زەحمەت دەبێت. هەرچەندە ڕەنگە سعودیە و ئیسرائیل نیگەرانی بەرامبەر بەم ڕۆڵەی ئێران دەربڕن و ڕازیکردنی تورکیاش بۆ بەشداریکردن لەم هاوپەیمانییەدا ئاسان نەبێت، بەڵام دەکرێ ئیدارەی ئەمەریکا بە ڕێگەی دیکە ئەم نیگەرانییانە خاوبکاتەوە.

هەرچەندە سەرۆک ئۆباما لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو کە ئیدارەکەی ستراتیژییەکی ڕوون و تۆکمەی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام پێدەچێ بە جددی کار لەسەر گەڵاڵەکردنی ئەو ستراتیژییە بکەن و پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەش بەردی بناخەی ستراتیژییە نوێیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ. ئەو ستراتیژییە وەک نەخشەڕێگایەکی بەرەنگاربوونەوەکە و بەرچاوڕوونیەکیش بۆ لایەنەکانی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتیەکە پێویستە و لە هەمان کاتدا ئەو ستراتیژییە پێویست و گرنگە بۆ ئەوەی گەلی ئەمەریکی بەگشتی و کۆنگرێس بەتایبەتی پشتگیری پلانەکانی ئۆباما بکەن. هەرچەندە بەپێی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرۆک بۆی هەیە لە پێناوی پاراستنی هاووڵاتیانی ئەمەریکیدا چالاکی سەربازیی خێرا و سنووردار لەڕووی قەبارە و کاتەوە ئەنجامبدات، بەڵام بۆ بەردەوامی و فراوانترکردنی ئەو کار و چالاکیانە پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنگرێس هەیە. هەربۆیە پێویستە ئەو ستراتیژییە بەشێوەیەک بێ کە کۆدەنگیەکی بەرچاو لەناو هەردوو بەشەکەی کۆنگرێسدا دروست بکات و لەسەر ئاستی جەماوەریش کەمترین بەرهەڵستی بکرێ، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی کۆنگرێس نزیک بووەتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش دوو مەسەلەی جەوهەری گرنگن کە بریتین لە نەناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر خاکی عێراق و کەمکردنەوەی خەرجیە داراییەکانی جەنگەکە. کەواتە چەندین خاڵی بنەڕەتی هەیە کە دەبێ ستراتیژییە نوێیەکەی ئەمەریکا لەخۆیان بگرێ: یەکەمیان بریتییە لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی تا دەکرێ فراوانی نێودەوڵەتی بۆ بەشداری لە هێرشە ئاسمانییەکاندا و پێدانی ڕەواییەکی نێودەوڵەتی بە چالاکییە سەربازییەکان و سووککردنی باری قورسی دارایی جەنگەکە لەسەر ئەمەریکاو دووەمیش بریتییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوانی خاوەن بەرنامەیەکی ئەوتۆ کە جگە لە شیعە، سوننە و کوردیش پێی ڕازی بن و سێیەم خاڵی گرنگیش هەوڵدانە بۆ وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش بە تایبەتی فرۆشتنی نەوت و کۆمەکەکانی دەوڵەمەندە داعشیەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. خاڵێکی دیکەی گرنگ بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بریتییە لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە و بارەگا و هێزە سەربازییەکانی داعش لەناو خاکی سووریا و هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر هێزەکانی داعش لە عێراق. لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لە لایەنەکانی ئەو هاوپەیمانییە نایانەوێ سەربازەکانیان بەشداری هێرشە زەمینییەکان بکەن و سوپای عێراقیش ئەو توانایەی نییە بە تەنیا بەرەنگاری داعش ببێتەوە، بۆیە ئەرکە قورسەکە دەکەوێتە سەرشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. کەواتە خاڵێکی دیکەی گرنگی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی داعش هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە و مەشقپێکردنیەتی تا بتوانێ زەبری کوشندە لە هێزەکانی داعش بدات. بەرپرسانی باڵای ولایەتە یەکگرتووەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ڕێگرتن لە جیهادییە نێودەوڵەتیەکان بۆ پەیوەندیکردن بە دەوڵەتی ئیسلامی و ریسواکردنی ئایدیۆلۆجیە دڕندانەکەیان و لاوازکردنی تۆڕەکانی پەیوەندی و گەیاندنی ڕێکخراوەکە تێهەڵکێشی ئەو پلانە ستراتیژییە فرەلایەنە دەکرێ. ئەگەر توانرا ئەم خاڵانە لە چوارچێوەی ستراتیژییەکەدا یەکبخرێن، ئەوا ڕەنگە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆنگرێس کارێکی زەحمەت نەبێ. ئەوەی گرنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەگشتی سوورن لەسەر لەناوبردنی ئەو هەڕەشە گەورەیەی داعش دروستیکردووە و ناشیشارنەوە کە ڕەنگە ئەم جەنگە جەنگێکی کورت نەبێ. پێدەچێ جگە لە پشتگیریی ناتۆ، ولایەتە یەکگرتووەکان (کە ئەم مانگە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانە) هەوڵی دەرکردنی بڕیارێکی دیکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بدات و ڕەوایی زیاتری نێودەوڵەتی بداتە جەنگە نێودەوڵەتیەکە دژی داعش.

بە پێچەوانەی هەوڵەکانی پێشووتری ئیدارەی ئەمەریکی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فراوان لە جەنگی دژە تیرۆردا، ئەمجارە نەک هیچ هەڵوێستێکی ناڕازی بەرامبەر بە هەوڵەکانی ئەمەریکا بەدیناکرێ، بەڵکو هیچ دەنگێکی ناڕازی جددیش نابیسترێ. ئەمجارە هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییەیە و بگرە لە چەقی هاوپەیمانییەکەدایە و تەنیا هێزی سەربازیی کاریگەرە کە لەسەر زەوی شەڕی داعش بکات. بە پێچەوانەی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لە ساڵی 1990 و هێرشی ساڵی 2003، لەم جەنگەیاندا هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ناوەندی و گەورەی هەیە. لەساڵی 1990 دا، بەرەی کوردستانی تەنانەت پرسە گورگانەیەکیشی پێنەکرا و لە ساڵی 2003 شدا لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا بەشداری هاوپەیمانییە نێودەوڵەتیەکەی نەکرد، ئیدارەی سەرۆک بوش ناچار بوو مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. بەرژەوەندی گەورەی کوردستانە کە ڕۆڵی چاوەڕێکراوی خۆی لەو جەنگە جیهانییەدا بە باشترین شێوە بگێڕێ، چونکە ئەگەر داعش و دەوڵەتەکەی هەڕەشە بن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی بەشدار لەو هاوپەیمانییەدا، ئەوا داعش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر بوون و مانەوەی هەرێمی کوردستان.



عەلی ئیسماعیل نژاد

# سولێمانی و ئامرلی

پاش هەڵگرتنی گەمارۆی ئامرلی، وێنەیەکی قاسم سولێمانی لەگەڵ کەسێکی دیکە لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبێتەوە و باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو وێنەیە لە ئامرلی گیراوە. زۆر کەس ئەو وێنەیە وەکو بەڵگەیەک بۆ ئامادەیی ئێران لە عێراق و شەڕ لەدژی داعش بەکاردێنن. لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوە نییە کە ئەو وێنەیە ڕاستە یان فۆتۆشۆپە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو وێنەیە بەڵگەیەکە بۆ بەشداریی ئێران لە شەڕی داعش؟ ئایا ئەوە هەڵەی ئەمنییە کە وێنەی سولێمانی لە ئامرلی بڵاودەبێتەوە؟

ئەوەی کە ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات هیچ جێگەی باس نییە و هەردوو لایەنیش و تەنانەت ئەمریکاش نکۆڵیی لێناکەن.

بۆ پەیداکردنی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ بەدوای بنەماکانی دەسەڵاتداریی ئێراندا بگەڕێین نەک بەرژەوەندیی ڕووت.

داعش گرووپێکی تیرۆریستییە و لەسەر بنەمای مەزهەبی سوننە دامەزراوە و بە هێزێکی دژە شیعە دەناسرێ. کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریدا وڵاتێکە کە دەسەڵاتداری لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەی 12 ئیمامی دامەزراندووە. لێرەدا با باسێک ڕوون بکەینەوە. داعش و کۆماری ئیسلامی پێگەی کۆمەڵایەتیان لەسەر ئیسلام دامەزراندووە، ئەوە بەو واتایە نییە کە سەرکردەکانیان باوەڕیان بە ئیسلام هەیە یان باوەڕیان نییە، یان ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن ئایا تەنیا خوێندنەوەی ئیسلامە یان نا؟ گرنگ ئەوەیە کە ئەوان ئاڵای پاراستنی ئیسلامیان هەڵکردووە و بەو شێوەیە پێگەیەکیان لەنێو جەماوەری ژێر دەسەڵاتیاندا پێکهێناوە.

ئامرلی شارۆچکەیەکی شیعەنشینە و شەڕی داعش لە نێو عێراقدا شەڕی شیعە و سوننەیە لەسەر دەسەڵاتداری لە بەغدا. قاسم سولێمانی و کۆماری ئیسلامی خۆیان بە پارێزەری دەسەڵاتداریی شیعە لە عێراق دادەنێن و بانگەشە بۆ ئەو کارە دەکەن.

سەرەکیترین هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیەی سولێمانی لە ئامرلی ئەوەیە کە بە حەشیمەتی شیعە لە ئێران و وڵاتانی دیکە بڵێن ئێمە لەسەر پاراستنی ئێوە سوورین و دەستبەردارتان نابین.

ئەوان بەوشێوەیە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەنێو حەشیمەتی شیعەدا زیاد دەکەن و خۆیان بە دەسەڵاتی پارێزەری بەرژەوەندیی شیعە لە دنیادا دادەنێن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان سنوورەکانی دەسەڵاتیان لە سنووری ئێران بەرفراوانتر بکەن.

لەو دابەشکاریی بەرژەوەندییەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کراوە، ئەوە زۆر گرینگە کە کۆماری ئیسلامی لە نێو جەماوەری شیعەدا وەکو دەسەڵاتی پارێزەری بەرژەوەندیی شیعە بناسرێ. بەو شێوەیە دەتوانێ بەرەی خۆی بەتواناتر بکات.

پێش بڵاوبوونەوەی وێنەی سولێمانی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کۆماری ئیسلامی ئەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا دا، بۆ وێنە لە ژمارە 20861ی ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕۆژی 1ی سێپتەمبەری 2014 دەرچوو، ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە و تەنیا باسیان لەوە کرد کە هێزی خۆبەخشی شیعە و لەشکری عێراق گەمارۆی ئامرلییان شکاندووە و هیچ باسێکیان لە هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا نەکرد. ڕوونە کە هۆکاری ئەو باسنەکردنش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خۆیان بە تەنیا دەسەڵاتی پارێزەری بەرژەوەندیی ئاینی شیعە دادەنێن.

هۆکاری دووەمی بڵاوبوونەوەی وێنەی قاسم سولێمانی سەرکردەی سوپای قودس، لە ڕاستیدا هەڕەشەیە لە ڕۆژئاوا.

کەمتر لە سێ مانگ دەرفەت لەبەردەم ئێران ماوە بۆ ئەوەی ڕۆژئاواییەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بە دوای چەکی ئەتۆمییەوە نین و هەتا ئەوکات گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لادەچن. بڵاوبوونەوەی وێنەی سولێمانی لە ئامرلی لە ڕاستیدا بە ڕۆژئاوا دەڵێت کە بە زۆر بژاردە دەتوانن لەسەر چارەنووسی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران شوێنیان هەبێت. بەو شێوەیە وڵاتانی ڕۆژئاوای خاوەن بڕیار لە دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بانگێشتی ململانێیەک لە دەرەوەی مێزی وتووێژ دەکرێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەیەوێت بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بڵێت کە ئێران نوێنەری حەشیمەتی شیعەیە لە جیهاندا، واتە بە پێچەوانەی هۆکاری یەکەم هاوکات کە خۆی بۆ حەشیمەتی شیعە وەکو پارێزەر نیشان دەدا، لەبەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆی بە نوێنەری باوەڕپێکراوی ئەو حەشیمەتە دەردەخات و بەو شێوەیە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خاوەن بڕیار لە دۆسیەی ئەتۆمی بانگهێشتی ململانێ دەکات.

هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی وێنەی سولێمانی لە ئامرلی دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەواڵەی کە لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوبووەوە لەسەر ئەوەی کە دۆسیەی عێراق لە ژێردەستی سولێمانی هاتووەتە دەرێ و ئێران لەو دۆسیەیەدا شکستی خواردووە. سولێمانی بە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هەم ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە و هەمیش دەیەوێت بەو شێوەیە خۆی لەوەی کە لە دروستکردنی داعشدا دەستی هەبووە، بپەڕێنێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش سولێمانی بە شێوەی ناڕاستەخۆ بە لایەنەکانی نێو خۆی کۆماری ئیسلامی دەڵێت لادانی ئەو ئەوەندەش ئاسان و ساکار نییە، بۆیە یەکێ لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەی قاسم سولێمانی لە ئامرلی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیەی کە لەنێو باڵە جیاوازەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. چونکە لە هەواڵی لادانی سولێمانی باسی ئەوە کرابوو کە دۆسیەکە چووەتە ژێر دەستی عەلی شەمخانی کە سەر بە باڵێکی دیکەی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییە.



بەختیار مام شێخ*
لەندەن

ریفراندۆمی سکۆتلاند

# کورد دەبێ لە سکۆتییەکان فێربێت، بەڵام فێردەبێت ؟

لە 15ی ئۆکتۆبەری 2012 ڕێککەوتننامەیەکی مێژوویی لەنێوان وەزیری یەکەمی سکۆتلاند ئەلێکس سامۆند و دێڤید کامیرۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانی مۆرکرا بۆ ئەنجامدانی ریفیراندۆم لەسەر پرسی سەربەخۆیی سکۆتلاند.

میر و دەرەبەگ و بارۆنە گەندەڵە سکۆتییەکان، 307 ساڵ پێش ئەمڕۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بە پارە فرۆشت و پەرلەمانی سکۆتلاندیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام گەلی سکۆتی هەرگیز بێئومێد نەبوون و بەردەوام بەهەموو ڕێگەکان و دوور لە توندوتیژی هەوڵی بێوچانیان داوە بۆ وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی بۆ خاک و میللەتەکەیان.

بۆ یەکەمین جاریش لە مێژوویاندا، سکۆتییەکان لە 1ی ئاداری 1979 یەکەمین گشتپرسییان ئەنجامدا، بەڵام سەربەخۆخوازان لە کۆی 2 ملیۆن و 400 هەزار دەنگدەر، بە 77 هەزار و 500 دەنگ دۆڕاندیان.

گشتپرسی ئەمجارە جیاوازە. چونکە ئەم پرسە، بەڕاستی کۆمەڵگەی سکۆتی دوولەتکرد.

لەبەرئەوەی لێرە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە و یاسا بەرقەرار و سەروەرە، ڕێژەیەکی زۆری خەڵک گرنگییەکی زۆر بە سیاسەت نادەن، بەڵام ئەم پرسە چارەنووسسازە هەموو خەڵکی ئەم وڵاتەی وروژاندووە و کەم تا زۆر کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر ژیانی نەک تەنیا سکۆتییەکان، بەڵکو هەموو تاکێکی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا.

ئەنجامدانی ئەم گشتپرسییە هاوتای نییە لە جیهاندا. هەر بۆیە گرنگییەکی یەکجار زۆری بۆ سەرجەم گەلە ژێردەستەکان و خاکە داگیرکراوەکانی جیهان هەیە.

سکۆتلاند پەرلەمانی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەساڵی 1999 دامەزراوە و لە 128 ئەندام پێکدێت، 64 ئەندام سەر بە پارتی نیشتمانی سکۆتین، 37 ئەندام بۆ پارتی کرێکارانی سکۆتی، 15 ئەندام بۆ پارتی پارێزگاران، 5 ئەندام بۆ پارتی لیبرال دیموکراتی سکۆتی، 2 ئەندام بۆ پارتی سەوز و 3 ئەندامی سەربەخۆ.

جگە لەمەش سکۆتلاند 59 پەرلەمانتاری هەیە لە وێستمنستر (شانشینی یەکگرتوو) کە 40یان سەربە پارتی کرێکارانن.

لەڕووی مێژووییەوە پێگەی سیاسی پارتی کرێکارن لە نێوەڕاست و باکووری بەریتانیا بووە، ئێستاش هەر وایە. ئەگەر لە گشتپرسی 18ی ئەیلول سکۆتییەکان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆکاری تێکدانی هاوسەنگی سیاسی نێوان پارتی کریکاران و پارتی پارێزگاران. چونکە دەرفەتی بردنەوەی پارتی کرێکاران لەهەر هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانی، لە ئایندەدا زۆر زەحمەت دەبێت.

ئەگەر لە 18ی ئەیلول دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن، ئەوا ڕەنگە هەموو ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا، بۆ بەهاری داهاتوو تێکبچێت.

ئەگەر سەربەخۆخوازان ئەمجارە سەرکەون و زۆرینەی دەنگەکانیان هێنا ئەوا بەپێی ڕێککەوتننامەی 15ی ئۆکتۆبەر 2012 ماوەی 18 مانگ دیاریکراوە بۆ قۆناخی گواستنەوەی دەسەڵاتەکان و ئامادەکاری بۆ سەربەخۆیی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لەندەن.

بەڵام جیابوونەوەی سکۆتلاند لە شانشینی یەکگرتوو پشێویەکی زۆری لە گۆڕەپانی سیاسی بەریتانیا دروستدەکات، چونکە تەواوی چەکە ئەتۆمییە ستراتیژیەکانی بەریتانیا لە سکۆتلاند عەمبار و جێگیرکراون، بنکەی کەشتییە ژێردەرياییەکانیش هەر لە سکۆتلاندە. گواستنەوەی ئەمانە پارە و کاتێکی زۆریان دوێت.

سەربەخۆیی سکۆتلاند هەموو حیساباتی شانشینی یەکگرتوو تێکدەدات و تێچوونەکەی یەکجار زۆر دەبێت، هەر لەبەرئەمەش لەندەن هەڕەشەی ئەوە دەکات، ئەگەر سکۆتلاند سەربەخۆیی هەڵبژارد، ئەوا لەندەن ناهێڵێ حکومەتی تازەی سکۆتلاند پاوەندی ئیسترلینی وەک دراوی خۆیان بهێڵنەوە و بەکاربێنن، چونکە بانکی ناوەندی ئینگلیزی پاڵپشتی لەم دراوە دەکات. ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ سەربەخۆیی ئابووری سکۆتلاند، بەڵام وادیارە ئەم هەڕەشەیە سکۆتییەکان زۆر ناترسێنێت.

جگە لەمەش، ئەم سەربەخۆییە ڕەنگە ببێتە هۆکاری تێکدانی هاوسەنگی سیاسی لە شانشینی یەکگرتوودا، چونکە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە پارتی کرێکاران لە هەڵبژارنەکانی بەهاری ساڵی داهاتوودا زۆرینە بێنن و بیبەنەوە، ئەویش بە پاڵپشتی دەنگەکانی سکۆتلاند، بەڵام ئەگەر ئەوان دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا، دەبێ لە 2016دا جیا ببنەوە، هەر بۆیە پارتی کرێکاران زۆرینەی نامێنێت و ڕەنگە پێویست بکات هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری پێشوەخت ئانجامبدرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە.

لە مێژووی هەڵبژارنەکانی سکۆتلاند تاوەکو ئەمڕۆ، ئەو کەسانەی کە خۆیان ناونووسکردووە بۆ دەنگدان، لە هەموو کاتێک زیاتر بووە. ژمارەی دەنگدەرە سکۆتییەکان کە لەسەر لیستی دەنگدان تۆمارکراون 4 ملیۆن و 100 دەنگدەرن.

بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی بەریتانیادا ڕێگە دراوە بە 16 و 17 ساڵان لەم پرسە گرنگەدا دەنگبدەن.

هەر بەریتانییەک کە لە سکۆتلاند بژیت لەسەر لیستی دەنگدان بێت، دەتوانێ دەنگبدات.

دەنگدانیش بە دوو ڕێگە دەکرێت:

دەنگدان بە پۆست: لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت دەنگدان بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ دەنگدان لە ڕێگەی پۆست تۆمارکردووە.

دەنگدانی ڕاستەوخۆ: لە ڕۆژی دەنگدان ڕاستەوخۆ بچن بۆ بنکەکانی دەنگدان.

لە ڕاستیشدا سکۆتلاند دوولەتبووە، چونکە پرسی سەربەخۆیی یان مانەوە لە چوارچێوەی شانشینی یەکگرتوودا شۆڕبووەتەوە بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە، باسیش هەر ئەو باسەیە.

سیاسەتمەدارەکانی وێستمنستەر بەڕاستی تۆقیون لەم پرسە و زۆربەشیان ناوێرن هیچ قسەیەکی لەسەر بکەن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەکە، خێرایی و ئاست و ڕێژەی گۆڕانی ئەوا ڕاپرسیانەیە کە دەزگا جیا جیاکان لەسەر ئەم پرسە ئەنجامیانداوە. هەر بەپێی ئەم ڕاپرسییانە، لە مانگی شەشی ئەمساڵ 39%ی سکۆتیەکان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو و 61% بۆ بەیەکەوەژیان. ئەم ژمارەیەش لەسەرەتای مانگی هەشت گۆڕا بۆ 46 % بۆ سەربەخۆیی و 54% بۆ بەیەکەوەژیان.

بەڵام دوا ڕاپرسی کە دوێنێ 2014/9/6 ئاشکراکرا، دەریخست کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوویاندا ئەوانەی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە 51% و بەیەکەوەژیان 49% بوو، ئەمەش هەموو حیساباتەکانی سەراوژێرکرد.

هەرچەندە ئەم ڕاپرسیانە زۆر ورد نین و پشتیان پێنابەسترێت، بەڵام دەرفەتی سەربەخۆیی و مانەوە لەنێو چوارچێوەی شانشینی یەکگرتوو 50 بە 50یە. کە سەربەخۆخوازان خەونیشیان بەمەوە نەدەبینی. هەردوو بەرە دەرفەتی بردنەوە و دۆڕاندنیان وەک یەکە. بەڵام هەتا دێت دەرفەتی سەربەخۆخوازان بەهێزتردەبێت و جیابوونەوەی سکۆتلاند لە شانشینی یەکگرتوو و جاڕدانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەموو کاتێک نزیکترە.

*ئەندامی شارەوانی کیسنگتن و چێڵسی/لەندەن



تاها سۆڵەیی

# شکۆی شکاو

ئەو شکستە هەمەلایەنەی ڕووی کردووەتە جیهانی ئیسلامی، ئەوەندە قووڵ ڕۆچووە کە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر زیهنیەت و دەروونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی هیچ کاریگەریەکیان نییە لەسەر سیاسەتی ئێستای جیهانی.

تاکەکانی ئەم کۆمەڵگە موسڵمانانەی بە قامچی زۆرداران دەبرێن بەڕێوە، وان لە مەنزیلەی بەینی مەنزیلەتەیندا. خەون بە ڕابردوویەکی پرشنگدارەوە دەبینن، لە واقیعێکی ئێستای تاریک و نوتەکدا. ئەوان وێڵی سەحرایەک بوون لە تەیهی بەنی ئیسرائیل خراپتر.

موسڵمانی ئەم سەردەمە لە زۆرینەی وڵاتانی خۆیاندا قاچاخن، بێزارن، پەراوێزن، پلە دوون ئەگەر خوارتریش نەبن. دەروازەی زیندانەکان والآیە بە ڕوویاندا، لەسەر ڕواڵەت و بیروبۆچوون و ئینتمای سیاسی لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەکورتی "یان خەو یان ڕەو".

ئەمە ئیتر دیفاکتۆیە، شکست بووەتە بەشێک لە پێناسەیان. سەیرەکە لەوەدایە هەندێک لەو موسڵمانانەی لە وڵاتانی خۆیاندا سەرکز و شکێنراون، دوای زەحمەتێکی زۆر کە دەگاتە وڵاتێکی ئەوروپی، لەوێ مافی پەنابەرێتی و ئیمتیازاتی شایستەی دەدەنێ. وای لێدێت ڕەنگ و بۆی بنیادەم بگرێت و ببێتە بەشەر، بەڵام خۆی لێدەگۆڕێت و بیری دەچێتەوە لەکوێوە هاتووە، لە زیندانێکی کراوەی وڵاتی خۆیەوە هاتووە بۆ وڵاتێک کە هەموو شتێکی جیاوازە، کەچی دەیەوێت بەهۆی هەندێ ڕواڵەت و سیمای تایبەتیەوە ئیسلامەتی بنوێنێ لای ئەم (کافرانە)!!. جلێک لەبەر دەکات کە زۆر جیاوازە لە جلی ئەو وڵاتە. نامۆ لە ڕواڵەت و گوفتار و ئاکاردا. لە شوێنی ئیش، یان لە بازاڕدا بانگدان و نوێژ، جاری واش هەیە ڕێگەگرتن بەهۆی نوێژی جەماعەت و مانگرتن و قسەگوتن بە سیستمی سیاسی و ئیداریی ئەو وڵاتە، زمانی زبر و هەڕەشەکردن، جاری واش هەیە ڕق و دەمارگیری لەڕووی هەندێ لەبەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتانەدا. هەندێ لەمانەش مافی هەر مرۆڤێکە و لەسنوورێکی مەعقولدا پارێزراوە، بەڵام ئەمە وێنەیەکە لە ناخی شکستخواردووی ئەو تاکە موسڵمانە غەریبە، وا دەزانێت ئەگەر هەندێ ڕواڵەتکاریی نواند ئەوە عیززەتی موسڵمانی نواندووە، ئیتر بیری چووە ئەوانن مافی ژیانێکی ئاسوودە و شیاویان پێداوە. ئەم ئاکارە ڕواڵەتی و نەشیاوانە هەندێ بەرپرسی هێناوەتە وەڵامدانەوەی هاوشێوەی ئەو زمانەی کە ئەم موسڵمانە قسەی پێدەکات. هەروەکو جولیا جیلارد، سەرۆک وەزیرانی ئوسترالیا کە ناچار بوو وەڵامی کەسێک بداتەوەو پێیگوت: "کە ئەوەندە توند و دەمارگیریت بۆ ناڕۆیت بۆ سعودیە یان ئێران. ئێوە دەڵێن خوا زەوی وڵاتی ئێمەی پیرۆز کردووە بە ئیسلام، زەوی ئێوەی سەرشۆڕکردووە بە کوفر، بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، وڵاتە پیرۆزەکەی خۆتان بەجێهێشتووە و هاتوون بۆ وڵاتە سەرشۆڕەکەی ئێمە لە پێناوی ئازادی، دادپەروەری، ژیانی خۆش و بیمەی تەندروستی، یەکسانی لەبەردەم یاسا و هەلی کار و ئایندەی منداڵەکانتان و ئازادیی ڕادەبڕین...".

بە ڕق و دەمارگیرییەوە قسەمان لەگەڵدا مەکەن. ئەوەی نیتانە پێتان دراوە، یان ڕێزمان بگرن، یان بڕۆن..

گواستنەوەی ڕووداوە کۆنەکان کە لە ژینگە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە، بۆ ئێستا و لە ژینگەیەکی دیکەدا لۆجیک نییە. ئەمە ژیانە لەسەر مێژوو، دووبارەکردنەوەی ئەم مێژووە مەرج نییە لەهەموو بارودۆخ و جوگرافیایەکدا ڕووبدات و ڕاست بێت.

کاتێک ئەم مامەڵانە دەبینین، بۆمان دەردەکەوێت موسڵمان لە قەیراندایە، وەکو خۆی بیرچووەتەوە، ئاگای لە چواردەوریشی نییە، ئەو بە خەیاڵی کۆنەوە بیردەکاتەوە و بەو بایە دەژی کە لای هەندێک لە سەحابەکانەوە هەڵیکردووە. دەیەوێت لاساییکردنەوەیەکی گێڕ و گەواڵی هەندێ کەیسی ڕابردوو بکاتەوە، بۆ نموونە: تاکی موسڵمان دەیەوێت لە وڵاتی کافراندا بەشێوەی (ڕەبعی کوڕی عامر) ڕەفتار بنوێنێ، ڕەبع بە جلوبەرگێکی شڕۆڵەوە، تەپوتۆزی ڕێگاشی لەخۆی نەتەکاندبوو، خۆی کرد بە کۆشکی کیسرادا و ڕووبەڕووی ڕۆستەم بووەوە، بەزمانێکی زبر قسەی لەگەڵدا کرد.."، ئیتر لێرەدا بوار نییە باس لەو وتووێژە بکەین.

ئاخر برای موسڵمان، لای تۆ کەباب هەر بەدەیە و مەلیک هێشتا ماوە، بۆ ناپرسیت هۆی دلێری و بوێریی ڕەبع لە چیدابوو کە بە شکۆوە قسەی کرد و ڕۆستەمیشی سەرسام کردبوو؟ بەکورتی: ڕەبع لە دەوڵەتی مەدەنی شکۆداری مەدینەوە هاتبوو. پێغەمبەری خوا (سەرۆکی ئەم دەوڵەتە مەدەنیە) بوو، باسی لە یەکسانی تاکەکان کردبوو لەبەرامبەر یاسادا و "سوێندی خواردبوو ئەگەر فاتیمەی کچی محەممەد دزی بکات دەستی دەبڕێت". ئەو لە ئەبوبەکری (خەلیفە و حاکمی دەوڵەت)ی بیستووە کە دەیگوت "بێدەسەڵاتی ئێوە لای من دەسەڵاتدارە هەتا مافی بۆ وەردەگرم، دەسەڵاتداریشتان بێ دەسەڵاتە لای من هەتا مافی لێوەردەگرم". ڕەبع سەربازی عومەر بوو، عومەری خەلیفە و حاکمی مەدەنی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە، مافی بۆ قیبتیەک وەرگرت لە سیاسەتوان و وەجاخزادەی قورەیش، کە دەیکێشا بە بناگوێی عەمری کوڕی عاس و کوڕەکەیدا و پێیدەگوت (بگرە لێم هەی کوڕی پیاوە بەڕێزەکان). ڕەبع کوڕی ژینگەیەک بوو کە عومەر تێیدا بەمتمانەوە دەیگوت "لەکەیەوە مرۆڤەکانتان کردووە بە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایک دەبن". کەواتە هەڵوێستی شکۆمەندانەی ڕەبع ئاوێنەی ڕۆشنی ئەو واقیعە شکۆدارە بوو کە ئەو تێیدا پێگەیشتبوو.

مرۆڤ کوڕی ژینگەکەیەتی، کە لە خاک و نیشتمانی خۆیدا دەنگی دلێر بوو، ئەوا ڕووی هەیە لای خەڵکی دیکەش و لەماڵی خەڵکی دیکەدا سەرکز نەبێت. بەڵام لای خۆمان وێران و لای ئەوان قارەمان، ئەمە ئیتر وێنای ئیسلام و موسڵمان ناشیرین دەکات.



گۆران محەممەد

# حکومەتی مەیکەپناس

گەندەڵی وەک عەشق وایە. دوو تەرەفی گەرەکە، ئاخر کە حکومەتێ بە تەخشانکردنی پارەی خەڵک لە مووچەی بندیوار و خانەنشینیی ناموستەهەقدا گەندەڵ بێت، قوربان ئەو کەسەش گەندەڵە کە بە خشپەیی دەیخوا و مێشێکی میوان نییە.

لە ساڵانی رابردوودا، حکومەت باش باش توانیویەتی کارێک بکا خانمانی 404، سووراو و فاوندەیشنیان لێنەبڕێ، تا کریستیان دیۆر وەستابێ، لۆریال بەکارنەهێنن. تا لانکۆم هەبێ، ماکسفاکتۆر چییە. خاڵە ئەگەر ئایلاینەری شانێل هەبێ، مەیبیلاین بۆ چییە؟ کەچی ئەم حکومەتە مەیکەپناسە، هیچ پێشبینی هێرشێکی لەوەی داعشی نەکردووە و نەیتوانیبوو تۆزێ رۆن بۆ کلاشینکۆفە ژەنگاوییەکانی پێشمەرگە دابین بکات. ئۆباڵی راست و درۆ لە ملی ئەوەی بۆی گێڕامەوە، پێشمەرگەیەک دەیگوت: لەکاتی دابەشکردنی فیشەکدا، حەوت فیشەکیان داوەتێ. خاڵە دەڵێن ئەو داعشە سەگبابە زەلامی وای تێدایە، هەر حەوت فیشەکەکەی پێوە بنێی نایکوژێ چ جای ئەگەر سێ لەو فیشەکانە چرووک بوون.

من سەربازیم نەکردووە، بەڵام بیستوومە دەڵێن کاتی خۆی، لە پشکنینی تەندروستیی سەربازیدا، پانیی سینگ، یەکێک بووە لە پێوەرە گرینگەکان، جا لەوانەیە ئەوەی 70 سانتیم بووبێ، داڵ و ماڵێکی لەوە باشتر بووە کە 45 سانتیم بووە و ئەویان پلەیە ملەیە لەوەی دیکە زیاتری پێبڕاوە. قوربان پرسیار ئەوەیە کە ئەو هەموو خانمە بە پلەی سەربازیی بەرز بەرز خانەنشین کراون، داخۆ قەبارەی سینگیان بۆ حسێب کراوە؟ بۆ نموونە ئەوەی سینگی 90 سی بێت، نابێ شتێکی زیاتر بۆ حسێب بکەن لەوەی 75 بی- یە؟ سینگفراوانیش هەقی دەرماڵەی هەیە.

لە راپۆرتێکدا هاتبوو: داعش لە بەرەیەکدا شەڕ ناکەن کە پەکەکەی لێبێت، ئەوان کە هەر یەکەیان بەتەمای بەهەشت و یەک دوو پاس حۆرین، نایانەوێ بەدەستی ژنە پێشمەرگەیەک بکوژرێن، ئاخر دەڵێن ئەوەی بە دەستی ژن بکوژرێ، لچ لە بەهەشت و حۆری نادا. من لە تاکتیکی سەربازیدا کۆڵم، لێ پێدەچێ خراپ نەبێ ئەگەر ئەو چوارسەت ژنە ئەفسەرانەی ساڵانێکە پارەی مفت وەردەگرن، ئەمرۆ لەبەرەکانی شەڕدا، سینگیان بنێن بە گوللەی داعشەوە، مەبەستم چ نییە لە خێر زیاتر، ئاخر ئەو کاتە پارەکەیان حەڵاڵ دەکەن و چیدیکە لە فەیسبووکدا نابنە کەرەستەی کاریکاتێر و پێکەنین. ئەوسا کاک عەلیش ئەوەندە بەدوای ئەم ژنانەوە نابێ کون بە کون و داعشیش لەبری ئەوەی هەر بێن، هەڵدێن.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# کورد دەستی لە بەغدا شووشتووە، بەڵام چۆن!

بە پێچەوانەی جارەکانی رابردوو کە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی بەغدا بە گەرموگوڕی بەڕێوەدەچوون، ئەمجارە کەمتر کەسێک بۆی گرنگە کە چ دەگوزەرێت. خەمی خەڵک ئەوەیە کە بەڵکو ئەگەر حکومەت لە بەغدا پێکهات، بودجە و مووچە بگەڕێتەوە.

کەمتر کەسێک هەیە بۆی گرنگ بێت (جگە لەوانەی کاندیدن) کورد لە حکومەتی داهاتووی بەغدا چ پۆست و پایەیەک وەردەگرێ. ئەزموونی 11 ساڵی رابردوو لەگەڵ بەغدا سەلماندی کە نە دەستوور، نە پەرلەمان و نە پۆست و پلەوپایەکانی کورد ناتوانن وا بکەن کورد لەگەڵ بەغدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکات.

لەناو حیزبە سیاسییەکاندا یەکێتی هێشتا بە حەماس و گەرموگوڕییەوە هەوڵ دەدات رایەڵەکانی لەگەڵ بەغدا و مەرکەزیەتی شیعە مەزهەبدا نەپچڕێت، بەڵام هەر ئەوەش دۆخەکەی وا لێکردووە کە کورد نەزانێ بەرەو کوێ دەڕوات. پارتی بە ساردییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات و پتر لەوەی بیر لە ئێستا بکاتەوە، فکری لای دوای پێکهاتنی حکومەتی بەغدایە. مانۆڕەکانی یەکێتی نیشتمانی لە چەند مانگی رابردوودا کە زیاتر لەوەی ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراویان هەبێت تاکتیکی بوونە، رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەو سەرلێشێواوییە سیاسییەی ئێستا دروست بووە. بە پێچەوانەی هەڵوێست و روانگەکانی بارزانی لە دوو ساڵی رابردوودا، یەکێتی بۆ پەردەپۆشکردنی قەیرانی ناوخۆیی خۆی، لە بەرەی ئێران و شیعەکاندا گەمەیەکی سیاسیی وای کردووە کە هەمیشە وەک مارشی مەهتەری تورکەکان، هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو بۆ دواوە ببینین. ئەو قەیرانەی یەکێتی لە مەسەلەی مەشروعیەتی رێکخراوەیی خۆی تێیکەوتووە، جیا لەوەی دەرفەتی دەستتێوەردانی بۆ هەموو لایەک رەخساندووە، دۆخی سیاسیشی شێواندووە. رەنگبێ ئەوە بە چاوی رووت نەبینرێت و خەڵک هەستی پێ نەکات، بەڵام لە راستیدا دەرهاوێشتەکانی هاوپەیمانییە جۆراوجۆر و رانەگەیەندراوەکانی یەکێتی کە لە پێناوی مانەوەی ئێستایەتی، لە درێژ ماوەدا بۆ هەمووان دەردەکەوێت.

هێنانی میلیشیای شیعە و رێگەدان بە هاتنی کەسێکی وەکو عامری بۆ کەرکووک و سووکایەتیکردنی بە پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە، یەکێکە لەو نموونانەی کە پتر لەوەی سیاسەت بێت، بەرە لەژێر پێ دەرهێنانی گۆڕان و پارتییە کە شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن لە دەرفەتێکی نزیکدا ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی کەرکووک بکەن. سوپایەک کە خۆی هەڵاتووە و کەرکووکی بەجێهێشتووە، ئێستا بە چ چاو و روویەکەوە بۆی هەیە ئیدیعای ئەوە بکات کە دەبێ کەرکووک لە پێشمەرگە چۆڵ بکرێت؟! مەگەر مەبەست ئەوە نەبێ کە ئەو پێشمەرگە و پۆلیسانەی ئێستا دامەزراوە نەوتییەکان دەپارێزن، دەربکرێن و وەک جاران رادەستی عەرەبیان بکەنەوە.

باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی کە ئێستا پارێزگاری کەرکووکیان وەک دەمڕاستی خۆیان دیاری کردووە، شەڕی خۆیان بردووەتە کەرکووکەوە و لەوێ یاری بە ئاگر دەکەن. سلێمانی زوو یان درەنگ دەبێ رادەستی گۆڕان بکرێت و یەکێتی لەوە زیاتر ئەگەر موقاوەمە بکات، دوور نییە گۆڕان لێیان قەبوڵ نەکات. بۆیە دەکرێ یەکێتی بیر لەوە بکاتەوە کە کەرکووک پێگەی بەهێزی ئەوە لە داهاتووی سیاسیدا، بەڵام هی موزایەدە پێکردن و تاکڕەویش نییە. تورک رازینە کەرکووک بێتەوە سەر کوردستان، بە مەرجێک بارودۆخی حوکمڕانی لە کەرکووک وەکو هەولێر و سلێمانی نەبێت و پێکهاتەکانی دیکەش بەشدار بن، بەڵام بەدیوە کوردییەکەیدا، ئەو حوکمەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارێزگاکانی دیکە یەکێتی داوای دەکات، دەبێ لە کەرکووکیش هەبێ، پارێزگار خۆی لێ نەبێتە سەرۆک وەزیران!

لە بارودۆخێکی وەهادا کە کوردستان بە چەندین دەردەوە دەناڵێنێ، بوون بە هۆکاری ئەوەی کە پتر لەوەی هەشە هەستی کوردایەتی و پیرۆزییەکان پەلاماریان بدرێت، باجێکی قورسی دەبێت. تازە کوردستان لە بەغدا بێهیوا بووە و هیوایەکی گەورەتر لەبەغدای پێویستە تا بتوانێ پێی بژیەت. ئەوەی بەشدار نەبێ لە دروستکردنی ئەو هیوایە و هەوڵ بدا لە گۆمی لێڵ گێلە مەلە بکات، دەخنکێ.



قەرەنی قادری

# سروودی ئەی رەقیب و ئیسلامییەکان

لە هەندێ برگەی زەمانیدا و بەپێی هەلومەرج، نەتەوەیەک لە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی خۆیدا چڕدەبێتەوە و وەکو پێناسەیەکی زۆر زەق خۆی دەردەخات. نەتەوەی کوردیش لەم قۆناغەدا ئاڵا و سروودی خۆی هەیە. ئاڵا و سروودی نەتەوەیی کورد باس لە بوونی یەکەیەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات کە ئەمڕۆکە هەرێمی کوردستان مەڵبەندی هەڵدانی ئاڵا و دەڤەرێکی ئازادە بۆ بیستنی سروودەکەی.

سروودی (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان) لەلایەن یونس رەئووف (1918 - 1947) ناسراو بە (دڵدار)، لە 1940ەوە بەرامبەر بە شۆڤێنیزم و ئەو زوڵم و زۆرەی کە دەرحەق بە کورد دەکرا، هۆنراوەتەوە. ئەم سروودە، باس لە بوونی کورد دەکات، بۆیە بوو بە سروودێکی نەتەوەیی. لە سەردەمی دوو سەرکردەی ناودار و نەمری کورددا، پێشەوا قازی محەممەد (1900 -1947) لە سەردەمی کۆماری کوردستان (1946) لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دواتریش مەلا مستەفا بارزانی (1903 -1979) لە شۆڕشی ئەیلوولدا (1961-1975) برەوی پێدرا و لە مێشکی نەتەوەی کورددا چەسپێندرا. ئەم سروودە بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە مێژووی کورد و ئەمڕۆکەش بووەتە سروودێکی رەسمی لە هەرێمی کوردستان. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ئەوە زیاتر لە 30 ساڵە ئەم سروودە دەگوترێتەوە. ئەم دوو سەرکردەیە (پێشەوا و بارزانی) بەباشی شارەزای دینی ئیسلام بوون کە دینی نەتەوەی کوردە و هیچ چەشنە بەرهەڵستکارییەکیان سەبارەت بە (ئەی رەقیب) دەرنەبڕی و هەوڵی گۆڕینیان نەدا. خاوەنی سروودی ئەی رەقیب تەنیا هەرێمی کوردستان نییە، ئەم سرووده "سنووری رەسمی" ئەو چوار دەوڵەتەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، بەزاندووە. بەڵام لەم سەردەمەدا چەند کەسێک یان کۆمەڵێک فۆندەمێنتالیستی ئیسلامی (لە روانگەی شەریعەت و هزری عەرەبییەوە) لە هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن کە گۆیا چەند وشەیەکی (کفر)اوی لەناو (ئەی رەقیب)دایە و داوا دەکەن بگۆڕدرێت!

هەر چەشنە دەستکاری یان تەنانەت گۆڕینی تەواوی ئەو سروودەش دەبێ بخرێتە ریفراندۆمەوە، بۆیە ئەوە کاری پەرلەمانی کوردستان یان چەند فراکسیۆنێکی ناو پەرلەمانی کوردستان نییە بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەوە تەنیا کاری لێژنەیەکی بەتوانا و لێهاتووە کە ئەم کارە بکات و پێویستە ریفراندۆمیش یەکلایی بکاتەوە. پرسی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، سروودی ئەی رەقیب نییە. با هەرێمی کوردستان بەلاڕێدا نەبرێت. سروودی نەتەوەیی کورد کە هەڵقوڵاوی مێژووی خەبات و پرسی نەتەوەیی کوردە، باس لە پێناسەی نەتەوەیی و کوردستان دەکات. باسکردن لە گۆڕینی چەند وشە و برگە یان گۆڕینی ئەم سروودە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆکەدا، تەنیا بەفیڕۆدانی هێز و بەلاڕێدا بردنی پرسە گرینگ و هەستیارەکانی کوردە، ئەویش نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەشدا.

کاتێک کە کوردستان بوو بە دەوڵەت و هیچ (رەقیب)ێک نەیتوانی هەڕەشەی لێبکات و هیچ (تۆپ)ێکیش نەتوانێ بیشکێنێ، هەروەها ئەندامی دامەزراوە جهانییەکان بێت، ئەوکات دەکرێت سروودی نەتەوەیی کوردستان شتێکی تر بێت. ناواخنی (ئەی رەقیب) ئاڵا، نیشتمان و کوردە، ئەم سێ چەمکانەش باس لە ناسیۆنالیسم و پاتریۆتیسم (نیشتمانپەروەری) دەکەن. ئاڵا، نیشتیمان و کورد، سێ کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم سروودە پێکدێنن. بەپێی ئەوەی کە سروودی (ئەی رەقیب) لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەکو سروودێکی نەتەوەیی جێگیر بووە و پێناسەی نەتەوەی کوردە، لە ئەگەری هەر چەشنە باس و ئاڵوگۆڕێکدا، پێویستە و دەبێ کۆدەنگیی چوارپارچەی کوردستانی لەگەڵدا بێت. لە بارودۆخی ئەمڕۆکەی کوردستان و ناوچەکەدا، ئاڵا و سروودی نەتەوەیی کورد، سەیوانەیەکە لە پانتایی کوردستاندا، کە دەوری رێکخستنی نەتەوەیەک لە نیشتمانێکدا دەگێڕێت.



د.شۆرش حاجی

# ئایا پارتی گۆڕانی دەوێ؟

بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە و زۆریشی لەسەر گوتراوە و نووسراوە. ئەوەی لێرە دەمانەوێ قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە پارتی چۆن بەشداری بە گۆڕان کرد لە حکومەت و گۆڕان بۆچی ویستی بچێتە حکومەت. ئایا پارتی بەڕاستی دەیەوێ گۆڕان لە حکومەتدا بمێنێتەوە؟

بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو دروشمی هەڵبژاردنی 9/21 ی کرد بە "بەرەو دەسەڵات" و دوای هەڵبژاردنیش ئیعلانی کرد کە ئامادەیە بەشداری لە حکومەتدا بکات. پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە گەرمی پێشوازی لەو دروشم و ئامانجەی گۆڕان کرد و دەستیکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان بۆ بەشداریکردن لە حکومەت. ئەگەرچی جارجارە دەگوترا کە ئیتیجاهێکی ناو پارتی هەیە (ئەگەر راست بێت ئیتیجاهی جیا لەناو پارتی هەبێت)، نایەوێ گۆڕان بەشداری لە حکومەتدا بکات. بەڵام نێچیرڤان بارزانی و شاندی پارتی هاتنە لای گۆڕان و بە جەدی کاریان بۆ ئەوە کرد گۆڕان لە کابینەی هەشتەمدا بەشداری بکات. لە کاتی گفتوگۆکان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتدا بڕیار درا گۆڕان بەشداری کاریگەر لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بکات. گۆڕان و پارتی هەریەکە بۆ مەبەستێک ئەو هەوڵەیان دا.

پارتی دەیویست چوار ساڵی ئایندە هەموو هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان بەشدار بن لە دەسەڵات و هیچ هێزێکی کاریگەر بە ئۆپۆزیسیۆنی نەمێنێتەوە، نەوەک جادەو خەڵک لە دژی دەسەڵات بجوڵێنێ. سەرکردایەتی پارتی هەمیشە جەختی لەوەش دەکردەوە کە پارتی دەیەوێ بە هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت چاکسازی لە حکومەت و ئیدارەکردنی ئەم هەرێمەدا بکەن. هەرچی بزوتنەوەی گۆڕان بوو ویستی بەشێک لە بەرنامەکەی و هەندێ لەو بەڵێنانەی بە خەڵکی دابوو لە حکومەتدا جێبەجێیان بکا و لە چوار ساڵی ئارامدا گۆڕانکارییەک لە سیستمی حوکمرانی و چەمکەکانی ئیدارە لەم هەرێمەدا بکرێ. ئایا پارتی و گۆڕان مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان پێکاوەو تا سەر دەتوانن بەیەکەوە بمێننەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییەی کە ئێستا لە هەموو کاتێک پێویستترە بکرێ؟

گۆڕان چوار وەزارەت و سەرۆکایەتی دەستەی وەبەرهێنانی وەرگرتووە و چوار وەزیرەکەی گۆڕان وا زیاتر لە 75 رۆژە دەستبەکار بوون و هەرچی لە توانایاندا بووبێ کردوویانە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. لە سەرەتاوە گۆڕان دەیگوت ئێمە وەزارەت وەردەگرین نەک پۆستی وەزیر، هەروەها بڕیار بوو کە گۆڕان شەریک بێ لە وەزارەت و دەستەو پۆستە کارگێڕییەکانی تری ئەم حکومەتە، بەڵام تا ئێستا گۆڕان چوار وەزیری (کورد گوتەنی وەک نێرکە کاردو) ناردووەتە حکومەت و ناو بینای وەزارەتەکانیان و بەس. تۆ بڵێی گۆڕان بتوانێ تەنها بە چوار دانە کەس لە چوار وەزارەتی زۆر گرنگ و لەم هەلومەرجە سەختەدا ئەوەندە کار بکات کە ئەو بەرنامە چاکسازییەی پێویستە بکرێ جێبەجێی بکات و دەنگدەرانی خۆی و خەڵکی کوردستان رازی بکات؟ ئەی ئەگەر نەیتوانی چی دەکات و ئاکامەکەی چی دەبێ؟

بزووتنەوەی گۆڕان بە جەدی چاودێریی رەوشەکە دەکات و پێیوایە بڕینی بودجەی هەرێم لە بەغداوە و شەڕی داعش و گفتوگۆکان بۆ بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی بەغدا هی ئەوەن کەمێک سەبر و تەحەمول بکەن، بەڵام عەقڵ و مەنتق دەڵێ لە کۆتاییدا گۆڕان رازی نابێت بەشداریکردنیان لە حکومەت ببێتە مایەی نەمانی متمانەی خەڵک بە گۆڕان و کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەرانی. بۆیە ئاسایی و بەدیهیشە کە جوڵانەوەیەکی وەک گۆڕان هەر کاتێک بزانێ مانەوەی لە حکومەت دەبێتە مایەی لاوازبوونی پێگەی سیاسی و جەماوەری، لە حکومەت دەکشێتەوە. دیارە جوڵاندنی شەقام و کارکردن لەسەر کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و داواکارییەکانی خەڵک کارێکی نەکردەو نائاسایی نین و کەسیش ئەوەندەی گۆڕان ئەزموونی لەو بوارەدا نییە. ئەگەر ئەمە روویدا، هەلومەرجی کوردستان چی بەسەردێ و پارتی چی دەڵێ؟

حەقە بپرسین ئایا پارتی بەڕاستی دەیەوێ گۆڕان لە حکومەت بەشدار بێ و بەیەکەوە چاکسازی لە ئیدارەو حوکمڕانیی ئەم هەرێمەدا بکەن؟ ئەگەر وایە ئەی پارتی ئەو راستییە نازانێ کە قاعیدەی گۆڕان زۆر لەوە زیاتری چاوەڕێ دەکرد کە تا ئێستا بەدەستی هێناوەو سەرکردایەتی گۆڕان ناتوانێ قاعیدەکەی خۆی بە بوونی چوار تاکە کەس لە حکومەتێکی خاوەن چەندین وەزارەت و دەستە و بەڕێوەبەرایەتی و هێز و دەزگای گرنگ و سەدان پۆستی هەستیاردا رازی بکات؟



غەیاسەدین نەقشبەندی

# سایکس بیکۆ شەترەنجێکی سەد ساڵە

لە ماوەی دوو مانگدا و لەگەڵ نزیکبوونەوەی یادی سەد ساڵەی رێککەوتننامەی (سایکس- بیکۆ) کە لە 1916 لەنێوان فەرەنسا و ئینگلتەرادا ئیمزا کرابوو بۆ پارچەکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەنێوان هەردوو دیپلۆماتکاری ئینگلیز مارکس سایکس و فەرەنسی فرانسوا جۆرج بیکۆ، هەرێمی کوردستان و دەڤەرەکە بەگشتی شڵەژاوە و کەوتووەتە بارێکی نائارامەوە و گەورەترین تاوانی مرۆڤایەتی تێدا ئەنجامدرا کە نزیکەی 500 ژنی کورد لەبەرچاوی جیهانی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆست لەبازاڕی کۆیلەکاندا فرۆشران و لاقەکران و بێ سەروشوێن کران! وەک جینۆسایدی ئەرمەن و لەنێوبردنی کورد دوای ئەو رێککەوتنە گومانلێکراوە.

98 ساڵ بەسەر ئەو رێککەوتنەدا تێپەڕی و لەوەدەچێت نەهێڵن ببێتە سەد ساڵ، ئەگەر سنووری نوێ دانەمەزرێنن و بەگوێرەی بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیزمی نوێ نەخشەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەکێشنەوە.

ئێستا و دوای ئەو هەموو هەوراز و نشێوەی مانگی رابردوو، گەیشتمە قەناعەتێکی تایبەت لەو رووەوە: هەرکەسێک بڵێت لە بارودۆخەکە تێدەگەم و وای لێدێت، یان داعش بۆچی هات و کێ هێنای! درۆ دەکات. چونکە ئەو رووداوانەی دوایی هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستی سیاسەت و ئەکادیمییەتەوە نەبووە و زیاتر جووڵەی شەترەنجین، لەسەرەتاوە داعش مەبەستی کوردستان نەبوو، نیازی بەغدا و نەجەفی هەبوو، بەڵام دوای چەند جووڵەیەکی شەترەنجی روویان لە کوردستان کرد و پەلاماری ناوچەی مادەی 140یان دا، بەڵام نەهاتنە ناو هەرێمی کوردستان و هێڵی مادەی 140 یان نەبەزاند لەکاتێکدا پێیاندەکرا ئەگەر شەوی یەکەم و دووەم بیانویستبا هیچ بەربەستێک نەبوو رایانگرێت. هیچ نەبێ دەیانتوانی چەند مووشەک یان تۆپێک بهاوێژنە شارەکانی هەرێمی کوردستان کە تۆپیشیان هەبوو، لەتوانایاندا بوو بیکەن و ئەگەر بیانکردبا دڵەڕاوکێ زیاتر دەبوو، هێزی پێشمەرگەش لەو ئامادەباشیەی ئێستادا نەبوو، هۆیەکە چی بوو نەیانکرد! سەرم لێی دەرناچێت، هەرچەندە دڵنیابووم و دەمزانی کە داعش توانای مانەوەی لە هیچ جێگایەکدا نییە، ئەگەر خەڵکەکە بۆی نەبنە هێلانە و پێشوازیی لێنەکەن، چونکە داعش توانای شاڵاویان هەیە و تێیدا سەرکەوتوون، بەڵام مانەوە زۆر زەحمەتە، چونکە ئالیەتی مانەوەیان نییە و پلانی توکمە و درێژخایەنیان بۆ مانەوە و خۆپاراستن نییە.

تەنیا پەنا بەخوا و هێزی پێشمەرگە و هاوکاریی دۆستان و بە سیاسەتێکی دەرەوەی سەرکەوتوو داعشمان شکاند و تێکشکاندنی هەر بەردەوامە، ئەگەر بەیەکجارەکیش نەبێت، بەڵام ئێستا بارەکە گەڕاوەتەوە دۆخی جاران، تەنیا جیاوازیش ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە نێوبانگێکی یەکجار زۆری دەرکردووە و رای جیهانی بەگشتی بەچاوێکی بەرز سەیری دەکات و ئەوەندەش مایەی خۆشحاڵییە، نەخاسمە ئەو هەموو یارمەتییە و چەک و جبەخانەی بەدواداهات کە پێموایە بۆ یەکەمین جارە لە دیرۆکی کورد لە بارێکی وەها باشدا بین، بەڵام چارەنووسەکە نادیارە و ئیحتیمالی زۆری لێدەردەکەوێ و بەدەیان سیناریۆ لەسەر مێزەکان رازێندراونەتەوە کە جگە لە خەلیفەکانی (سایکس –بیکۆ) کەسی دیکە سەرەداوی لێهەڵناکات.

پێشمەرگە لەسەرەتاوە نیشانیدا کە هێزێکی پەرتوبڵاوەو هێشتان بە ئیمرەتی حیزبەکان کاردەکات، ئەگەر بانگەوازەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبووایە کە گوتی هیچ کەسێک بۆی نییە ئاڵای حیزبەکان هەڵگرێت، ئێستا نە ئەوروپا و نە ئەمریکا ئەو جۆرە یارمەتییەیان نەدەنارد. پێویستمان بەو یەکگرتنەیە ئەگەر بمانەوێ دەسکەوتی زیاتر بەدەستبێنین، چونکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان وڵاتە زلهێزەکان پشت بە میلیشیا نابەستن و لە دواڕۆژدا لەشکرێکی یەکگرتووی بەهێزیان دەوێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، هەروەها لەشکرێکی یەکگرتووی بەهێز دەبێتە جێی متمانە و دەسکەوتی زیاتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش هێشتا پارتی و یەکێتی لەنێو لیستی تیرۆرن و ئەمریکا ئامادە نییە لە لیستەکە دەریانبێنێ لە کاتێکدا بۆ ئەمریکا خۆی دەبێتە گرفت کە پشتگیری جیهانی بۆ "تیرۆریستان"! کۆدەکاتەوە.

ئێستا هەموومان هەستمان بەوەکرد کە بردنەوەی جەنگ لە مەیدانەکانی شەڕدا دەسکەوتێکی یەکجارەکی نییە، تەنیا بردنەوە سیاسییەکانە کە دەسکەوتە لەشکرییەکان دەپارێزن و دەیانکەنە بردنەوەی بەردەوام. بردنەوە سەربازییەکان کاشخانی داواکاری لەکاتی مفاوەزات بەرزتر دەکاتەوە، بۆیەش ئێستا سیاسەتێکی دەرەوەیی یەکجار تۆکمەمان دەوێت بۆ ئەوەی بردنەوە سەربازییەکانمان بکاتە بردنەوەی بەردەوام، بەتایبەت لەگەڵ ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە بەهێزەو لەکاتێکی ئەوەندە هەستیار کە تەنیا دوو ساڵی ماوە رێککەوتنە شەترەنجییەکە کۆتایی بێت.

هەڵوەشاندنەوەی سایکس بیکۆ کارێکی یەکجار گرنگە لەبەردەم نەخشەکێشی سیاسەتی دەرەوەی کوردستان و ئەگەر ئێستا پێمان نەکرێت سوودی لێوەرگرین هیچ کات پێمان ناکرێت و با چیتر گلەییش لە کەس نەکەین.

**کۆتایی:**

**ئەگەر جارێک لەخشتەت بردم خەتای تۆیە، بەڵام ئەگەر بوو بە دوو و سێ جار، تەنیا خەتای خۆمە.**






هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خۆری خەلافەت بەرەو ئاوابوونە

خۆری خەلافەتەکەی داعش بەرەو ئاوابوونە. ئەمە پروپاگەندەی کاتی جەنگ نییە. بۆ بەرزکردنەوەی وورەی کەسیش ئەم رستانە نەنووسراون. بەڵکو لێکدانەوەی ئەو داتا و فاکتانەن کە لەبەردەستن. داعش کێشەی زۆرن و ناتوانێ بەرگەی هەموویان بگرێت. وەکچۆن مالیکی نابێتەوە حوکمڕانی وڵاتێک کە ناوی عێراقە، ئاواش ئیبراهیم عەواد، ناسراو بە ئەبووبەکر بەغدادی، عەبای خەلیفایەتیی موسڵمانان بەسەرشانیەوە راناوەستێت.

کێشەکانی داعش بە ئەنجامدانی هەڵەی ستراتیژی و هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان دەستیانپێنەکرد. بەڵکو بەوە دەستیپێکرد کە پەلەیکرد لە جاڕدانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی. ئەمە وایکرد شتێکی لە جیهاندا بەناوی دۆستەکان و دوژمنەکانی داعشەوە نەهێشتەوە. ئێستا گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان، لە نایجیریاوە تاوەکو پاکستان هەمان ئەو هەڵوێستەیان بەرامبەر داعش هەیە کە "ئەمریکای کافر" و "ئێرانی شیعەی بەلاڕێداڕۆیشتوو" هەیەتی. پێشناچێت لە مێژوودا قەت حاڵەتێکی وا هاتبێتەپێشەوە کە دوژمنێکی وەکو داعش هەموو جیهانی بە جیاوازییەکانی کۆکردبێتەوە و هەڕەشەکانی وایلێکردبن هەڵوێستەکانیان لێک نزیک بکەنەوە.

زۆرکەس وادەزانن ئەو بوێرییەی فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق، لە رانەسپاردنی نووری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران نواندی، ئازایەتیی خۆی بوو، بەڵام راستییەکە ئەوەبوو کە کاتێک بەڕێز مەعسووم پێداگیریی لەسەر رەتکردنەوەی مالیکی دەکرد، پشتئەستوور بوو بە رێککەوتنێکی نهێنی کە لەنێوان ئەمریکا و ئێران بۆ گۆڕینی مالیکی و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش کرابوو. رێککەوتنەکە لەدوای کۆنترۆڵکردنی مووسڵ و ناوچەکانی دیکەوە لەلایەن داعش، لە شاری عەممان-ی پایتەختی ئوردن کرابوو. هەریەکە لە حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری عەرەبی و ئەفریقا و جەیک سوللیڤان، راوێژکاری جۆو بیدن، جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەندازیارانی رێککەوتنەکە بوون. هەر لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنەش بوو کە ئەمریکا چاوی نووقاند لە هاتنی "سنووردار"ی سوپای قودس بۆ شەڕی جەلەولا و پێشی ئاسایی بوو قاسم سولەیمانی لە ئامرلی رێگەبدات وێنەی خۆشحاڵییەکانی بگرن. بەستەڵەکی سی و پێنج ساڵەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، بە هەڵە و هەڵەشەییەکانی داعش شکا.

داعش چەک و پارەی هەیە و شارەزایی باشیشی لە بواری سەربازیدا پەیداکردووە. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیشی عاقڵانە بەڕێوەدەبات. ئێستا خەلافەتەکەی داعش بەسەر چەند ویلایەتێکدا دابەشکراوە. لە هەریەکە لەو ویلایەتانەدا فەرمانڕەوایەک حوکمدەکات کە دەسەڵاتی بێسنووری هەیە. هەر ویلایەتێکیش، دروست وەک سیستەمی هەرێمە فیدراڵییەکان، سیاسەتی نێوخۆیی و ئابووریی تایبەت بەخۆی هەیە و تەنیا دەبێ پابەندبێت بەو هێڵە گشتییانەوە کە لە رەقەوە بۆ دەوڵەتداری دانراون. بۆیە سەیرنییە کە کاتێک لە بەرەی مووسڵ شەڕی خەست لەگەڵ پێشمەرگە دەبێت، لە بەرەی کەرکووک خاوی دەبیندرێت. دەکرێ والیی کەرکووک کاری گرنگتر لە شەڕی هەبێت! ئەم شێوازی حوکمڕانییە وایکردووە دانیشتووانی مووسڵ و ناوچەکانی دیکە، زۆرتر لە ئەبووبەکر بەغدادی بڕیار لەسەر وردەکاریی ئیدارەدانی ناوچەکانی خۆیان بدەن.

هەروەها ئەگەر داعش بەرگەی شەڕی دوژمنەکانی وەکو ئەمریکا و کوردستان و ئێران و عێراق و سووریا و ئەوانی دیکەش بگرێت، ناتوانێ بەرگەی ئەو بەرپەرچدانەوە توونده بگرێت کە لە جیهانی ئیسلامیدا بەهۆی جاڕدانی خەلافەتەکەیەوە دروستیکردووە. لە سیستەمی ئیسلامیدا دەبێ یەک خەلافەت و یەک ئەمیرولموئمینین هەبێت بۆئەوەی هەموو موسڵمانان یەکبخات، بەڵام لە سەد ساڵی رابردوودا هیچ سەرکردەیەکی توندئاژۆی ئیسلامی نەیتوانیوە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەمیرولموئمینینی هەموو جیهانە. هەر لە نموونەی پادشای مەغریبەوە بگرە کە خۆی پێ ئەمیرولموئمینینی وڵاتەکەی خۆی بوو تاوەکو دەگاتە مەلا عومەری تاڵیبان کە دەیگوت ئەمیرولموئمینینی ئەفغانییەکانە، کەسیان قاچیان هێندەی ئەبووبەکر بەغدادی لە بەڕەی خۆیان درێژتر نەکردووە. بۆیەش ئێستا لەپڕ لە نایجیریاوە خەلیفەیەکی نوێ خۆی دەناسێنێ و لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیشەوە خەلیفەی نوێ بەڕێوەن. لەوەش گەڕێ کە رێبەری ئەلقاعیدە داعشی هەر قبوڵ نییە. وەلحاسڵ داعش لەجیاتی ئەوەی ببێتە شانەیەک بۆ کۆکردنەوەی زەرگەتە تووڕە ئیسلامییە توندئاژۆکانی جیهان، لە ئایندەدا لەلایەن ژەنگە سوورەی توندئاژۆترەوە دەکرێتە ئامانج. ئەنجامی ئەو فرەدوژمنییەش ئاوابوونی خۆری خەلافەت دەبێت.

بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net



# میراتی سەددام بۆ کێ بوو؟

سەددام حوسێن، ئەو مێردەزمەیەی بۆ نزیکەی 30 ساڵ ژیانی لە ملیۆنان دانیشتووی عێراق تاڵ کرد، دوای مردنیشی بەردەوامە لەسەر چاندنی مەرگ لەسەر ئەم خاکە خێر لەخۆنەدیوە. لەم نووسینەدا باس لە دوو میراتی سەددام دەکەم کە هەردووک لەسەر ئاستی جیاواز بوونەتە مۆتەکە و مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە بە زۆر "بە نیشتمانکراو"ەیان هەراسان کردووە. دەڵێم "بە نیشتمانکراو" لەبەر ئەوەی لەوەتەی هەم، نە عێراقم بە نیشتیمان و نە عێراقییەکانم بە هاونیشتیمانی زانیوە. یەکەم میراتی سەددام، کەلتوری خوێنڕشتن و دڕندەییە کە هەموومان بە گەورە و بچووکەوە میراتگرەوەی ئەم دەردەین. ئەوجا هەر کەسەو بەپێی قەبارەی خۆی. من پێشنیاز دەکەم ئەمە ناوبنرێت "عوقدەی سەددامی" و کەسانی پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی کاری لەسەر بکەن وەک گرێیەکی دەروونی کە رۆح و مێشکی دانیشتووانی عێراقی تەنیوە و دروشمی "بژی بۆ کوشتن"ی کردووە بە دەستووری ژیانی دانیشتووانی وڵاتێک. ئەمە میراتی سەددامە لەسەر ئاستی تاکەکەس، لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، ئەو دڕندانەی پێیان دەڵێن "داعش" دەست و دیاری و میراتە گەورەکەی ئەو دڕندەیەن، نەک تەنها بۆ عێراقییەکان، بەڵکو بۆ هەموو جیهان.

دەمەوێت سەرنجتان رابکێشم بۆ میراتییە گەورەکەی سەددام. ئەو گرووپە تیرۆریستەی بێ لە کوشتن و بڕین و تاڵان و ئەشکەنجە هیچی دیکە نازانن. ئەگەر بە وردی لە داعش ورد ببیتەوە، دەبینی جیاوازییەکی قووڵ هەیە لە نێوان ئەم گرووپە و رێکخراوە توندڕەوەکانی دیکە کە بە ناوی ئیسلامەوە مەرگ دابەش دەکەن. بەڕای من "توندڕەوی ئیسلامی" کە ئاماژەیەکە بۆ کوشت و بڕ لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا، بە دروستبوونی رێکخراوە دەمارگیرەکانی ناو جیهانی ئیسلامی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەستپێناکات. بەڵکو مێژوویەکی درێژی هەیە. هەوێنی رەوتی توندڕەویی ئاینی لە ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی دەوڵەتی ئاینی دامەزرا. بەڵام لێرەدا نابێت تاوانەکە بخرێتە ملی ئیسلام، لەبەر ئەوەی خودی دەوڵەتدارییە رێگە خۆش دەکات بۆ ململانێ و خوێنڕێژی و شەڕی دەسەڵات. ئەگەر رەخنەیەک لە ئیسلام بگیرێت، دەبێت ئەوە بێت کە نەیتوانیوە ئەم نەریتەی دەوڵەتداری بگۆڕێت کە لە سەرەتای مێژووی شارستانی مرۆڤایەتییەوە بووەتە مۆتەکەی ژیان لەسەر زەوی.

هەوێنی "توندڕەوی ئیسلامی" دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی ئەبو سوفیان بە نابەدڵی شایەتمانی هێنا! ئەو رۆژەی مەعاویە کەوتە ململانێی دەسەڵات لەگەڵ حەزرەتی عەلی. ئەو رۆژەی لە پێناوی جێگرتنەوەی پێغەمبەر (د.خ.) خوێنی موسڵمان بە دەستی موسڵمان رژا. ئەگەر بڕوا بەوە بهێنین کە ئەمە تەنها جیاوازییەکی ئیجتیهاد بووە، دەبێت ئەمڕۆش قایل بین بەوەی بگوترێت "داعش فیکرێکی جیاوازە لەناو ئیسلامدا" و ئەو دڕندانە لەناو چوارچێوەی ئایندا جێبکەینەوە. حاشا! نە داعش بەشێکە لە ئیسلام و نە شەڕی دەسەڵات لە نێوان ئەو کەسانەی دوای وەفاتی حەزرەتی محەممەد چاویان بڕیبووە جێگەکەی وەک "سەرۆک دەوڵەتێک"، جیاوازیی فیکری و ئیجتیهادە.

بە پێچەوانەی ئەو کەتەگۆریانەی بۆ ئیسلام کراوە لەژێر ناوی مەزهەب و مەشرەب، من وا بیردەکەمەوە کە ئیسلام تەنها دوو جۆری هەیە. یەکەمیان "ئیسلامی باوەڕ" ئەوی دیکە "ئیسلامی بەرژەوەندی". ئیسلامی باوەڕ پابەندبوونی مرۆڤە بەو بنەما هیومانیستیانەی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا شاراوەن. ئەم مەدرەسەیە، کەسانی خاوەن باوەڕ و راست و رەوان بەرهەم دەهێنن کە نەک زیان بە کەس ناگەیەنن، بەڵکو سوودیش بە خەڵکی دەگەیەنن. هەرچی "ئیسلامی بەرژەوەندی"یە، بە کورتی بەکارهێنانی ئاینە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. یەکێک لە بەرهەمەکانی "ئیسلامی بەرژەوەندی"ش ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین "توندڕەوی ئیسلامی". ئەوانەی دینداریيان لەسەر بنەمای باوەڕە، ژیانی دنیا بە تاقیگەیەک دەزانن و خۆ دەپارێزن لە هەموو شتێک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی کەسانی دیکە دروست بکات. ئەوانەش کە ئاینەکەیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، هەموو رێگەیەک بە کوشتار و کاولکاریشەوە بە موباح دەزانن بۆ تێرکردنی غەریزەکانی خۆیان. ئەگەر لێم بپرسن، نموونەی کام لەم دوو کەتەگۆرییە لە مێژووی ئیسلامدا زاڵن، دەڵێم بە داخەوە "ئیسلامی بەرژەوەندی".

داعشیش یەکێکە لەو گرووپانەی کە بەرهەمی ئەم جۆرە بکوژەی ئیسلامە. بەڵام تایبەتمەندییەک لە قاعیدە و بۆکۆ حەرام و ئەوانی دیکە جیای دەکاتەوە. ئەویش، میراتییەکەی سەددامە لە بواری زەمینەسازی و سەرچاوەی مرۆییدا. بە سەدان فیدایی سەددام کە چەند ساڵە چاوەڕێی دەرفەتێکن بۆ تۆڵەکردنەوە لە جیهان، بوونەتە بڕبڕەی پشتی ئەو گرووپە و رۆژانە فەنتازیای نوێ بۆ ئەشکەنجەدان و کوشتن فێری "برا جیهادیستەکانیان" دەکەن. بە کورتی، داعش بە تەنها "گرووپێکی تیرۆریستی ئیسلامی" نییە. بەڵکو سێنتەزی "بەعس" و "توندڕەوی ئیسلامی"یە. تێکەڵەیەکە لە "پیاوکوشتن بە ناوی دینەوە" لەگەڵ "کوشتنی هەر کەسێک کە بەعس پێی باشە بکوژرێت". جا لێرەوە قسەیەک بۆ مێژوو، ئەم سێنتەزە زۆر ترسناکترە لە "توندڕەوی ئیسلامی" بە تەنها. ئەمە یەکگرتنی دوو هێزی شەڕەنگێزە کە تەنها چەمکی "کوشتن" کۆیاندەکاتەوە. ئەگەر ئەمانە بەردەمیان نەگیرێت، ڕاڕەوی ژیانی سەرزەوی دەبەن بەرەو هەڵدێرێک کە مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەبینیوە.



هێمن لهۆنی

## مەسەلەی پارێزگاری سلێمانی..

# دیموکراسی یان ئاشتی کۆمەڵایەتی؟

مشتومڕێکی گەرم هەیە لەسەر مەسەلەی پارێزگاری سلێمانی کە خۆی لە دوو بۆچووندا دەبینێتەوە: هەندێک دەڵێن دیموکراسی دەبێ لە پێش هەموو شتێکی دیکەوە بێ، هەندێکیش دەڵێن ئاشتی کۆمەڵایەتی ناکرێتە قوربانی ئیستیحقاقی سیاسی.

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا کە لە ئەیلوولی 2013 بەڕێوەچوو، بزووتنەوەی گۆڕان هەرچەندە نەیتوانی زۆرترین کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ببات، بەڵام زۆرترین دەنگی پارێزگاکەی بۆ خۆی برد. سەرۆکی لیستەکەشی (هەڤاڵ ئەبوبەکر) ریکۆردی شکاند و 250 هەزار دەنگی برد کە تاکە پاڵێوراوی ئەو لیستەیە بۆ پارێزگاری سلێمانی و بەدەنگەکانیشیدا دەردەکەوێ کە گۆڕان و یەکێتی و ئیسلامی دەنگیان پێداوە.

نزیکەی ساڵێک تێپەڕیوە بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا و لایەنە براوەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجام. لایەنە ئیسلامییەکان (یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) کە 4 کورسییان هەیە، ئەگەر پێکەوە بچنە پاڵ هەریەک لە گۆڕان و یەکێتی، ئەوا دەتوانن مەسەلەکە یەکلابکەنەوە.

لایەنە ئیسلامییەکان بەتایبەتی یەکگرتوو کە دەتوانن ئەو گرێکوێرەیە بکەنەوە، ئێستا چوونەتە ئەو بەرەیەی کە داوای پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکەن لەسەر حیسابی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و سیاسی. ئەمەش بۆ زۆر کەس چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە بۆ 4 ساڵ یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بوون بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان. هەرسێکیشیان رکابەری ئەوەیان دەکرد کە کامیان توندترە لە دژی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەی لای جەماوەر بڵێ منم ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە.

رەنگە بۆ کۆمەڵناسێک یان حیزبێکی دەسەڵاتدار کە باوەڕی وابێ ئاشتی کۆمەڵایەتی دەبێ نەکرێتە قوربانی هەڵبژاردن لە سلێمانی، خاوەنی ئەرگومێنتی بەهێزی خۆی بێت کە ناکرێ لەپێناوی شەخسێک ئاسایشی شارێک تێکبدرێ و هێزێک کە چەکی هەیە و دونیایەک شەهیدی داوە، ئاوا بەئاسانی پەراوێز بخرێ و دەسەڵاتی لێ بستێندرێتەوە. یەکێتی توانیویەتی بەهەر شێوەیەک بێ، لە ناوچەیەکی تەواو مەترسیداردا ئاسایشی سلێمانی بپارێزێ.

بەڵام ئایا حیزبێکی سیاسی کە پێشتر لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بووە و داوای گۆڕانکاری ریشەیی دەکات، دەکرێ لەم بەرەیەدا بێ، یان هاوکاری ئەم بۆچوونە بێ؟

زۆر کەس بۆچوونی وایە کە لە کوردستان ئاشتی کۆمەڵایەتی تەنیا بە یەکێتی و پارتی دەپارێزرێ و نەشپارێزرێ تەنیا بەوان تێکدەدرێ، چونکە خاوەنی پارە و موڵک و چەکن. دەیان ساڵە حوکمڕانی دەکەن و حەز ناکەن بە ئاسانی چۆڵی بکەن. ئەم قسانەش نوێ نین بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی لە کوردستان چ جا بۆ حیزبێکی سیاسی.

حیزبێک لە دەرەوەی ئەمان بێت و رکابەری بکات، هیچ کات گەشە ناکات ئەگەر باوەڕی وابێ ئاشتی کۆمەڵایەتی نابێ بکرێتە قوربانی دیموکراسی و ئیستیحاقی سیاسی.

ئەوەی ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی باسی دەکات، بە شتێکی زۆر مەترسیدار دەبینرێ بۆ داهاتووی ئەو حیزبە و پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، چونکە ئەگەر یەکگرتوو کە شەهیدی داوە بۆ پرۆسەی دیموکراسی لە دهۆک، باوەڕی وایە ئاشتی کۆمەڵایەتی پێش دیموکراسییە، ئەوا دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

یەکەم: حیزبێک ئامانجی چییە لە کاری سیاسی کاتێک ئامادە نەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست و گۆڕانکاری بکات و ئامادە نەبێ بچووکترین ریسکیش بکا؟

دووەم: ئایا ئیسلامییەکان لە 17ی شوباتدا چ ئامانجێکیان هەبوو؟ مەبەستیان لەگۆڕانکاری "لەکۆی سیستەمەکە" چی بوو؟ ئەو هەموو گەنجەیان بۆ بەشەهیدبوون دا؟

سێیەم: حیزبێک ئامادە بوو پشتگیری رووداوێکی خوێناوی بکات بۆ "گۆڕانکاری"، بەڵام ئێستا بە دەنگێکی بتوانێ شتێک لە سیستەمەکە بگۆڕێ و نەیکات، ئایا چ هۆکارێک بۆ مانەوەی هەیە و کێ متمانەی پێدەکات؟

چوارەم: یەکگرتوو لە ساڵی 2005 بۆچی بە لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی کورد چووە هەڵبژاردنەکانی عێراق و چەند کادیرێکی بە شەهیدبوون دا و دواتر رۆیشتەوە ناو لیستی کوردستانی، ئێ خۆ ئەوەش لای زۆر کەس وەک تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەدهۆک دەبینرا.

کەواتە ئیسلامییەکان لە مەسەلەی پارێزگاری سلێمانیدا ئەوە زیاتر دەسەلمێنن کە "ئۆپۆزیسیۆنێکی هەلپەرست" بوون وەک نەیارەکانیان باسی دەکەن.

ئەم پارادۆکسە لە کارکردنی ئیسلامییەکان دەیانخاتە سەر رێگایەکی مەترسیدار، بەوەی نەک ئامادەنین گۆڕانکاری بکەن، بەڵکو رێگرن لە پرۆسەی دیموکراسی. هاونیشتمانیان چۆن بتوانن جارێکی دیکە بچنەوە سەر سندووقی دەنگدان کە نەک تەزویر بکرێ، بەڵکو ئەو کەسەی زۆرترین دەنگی هێناوە نەبێتە پارێزگار؟

ئەگەر مەترسی لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی چەکداری هەیە، با بە خەڵکی کوردستان بگوترێ کە هەڵبژاردن ناکەین و حیزبەکان خۆیان کاندیدی تەوافوقی دادەنێن و بەمەش نەخۆشییەکەی پرۆسەی سیاسی بەغدا بگوازنەوە بۆ کوردستان.

نابێ ئیسلامییەکان ئەوەشیان بیربچێ کە خۆیان قوربانیی یەکەمی مەسەلەی ئاشتی کۆمەڵایەتین. نەک لە کوردستان بەڵکو لە جیهانیش. کاتێک لە میسر حوکمی ئیخوان رووخێنرا و لە کودەتایەکی خوێناویدا محەممەد مورسی لابرا، بیانووەکە ئەوە بوو کە مورسی لە رێگەی "بەئیخوانکردن"ی وڵات ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکداوە و نابێ بەردەوام بێ.

کەواتە هیچ کات هێزێکی لیبراڵ و گۆڕانخواز و بەرگریکار لە دیموکراسی لەبەرەی "ئاشتی کۆمەڵایەتی نەکرێتە قوربانی دیموکراسی" نابینین. زۆربەی کات هێزە دژە دیموکراسییەکان و بەرژەوەندیخوازەکان دەچنە ئەو بەرەیەوە. ئاشتی کۆمەڵایەتی وەک ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێ هێزە نالیبراڵەکان وەک چەکێک بەکاریبهێنن بۆ سنووردارکردنی ئازادییەکان و تەنانەت داخستنی حیزبی سیاسی بەتایبەتی گرووپە دینییەکان.

مادام ئیسلامییەکان لەم تاقیکردنەوەیە دەرنەچوون، کاتی ئەوەیە کە ژیرەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەنگاو بنێن. یەکێتی هیچ کات ئیسلامییەکانی وەک هێزێکی دیموکراسیخواز نەبینیوە، ئێستا خێرە چاوەڕوانی دەستپێشخەری دیموکراسی لەوان دەکات؟ بەراورد بە هەموو هێزەکانی دیکەی کوردستان، یەکێتی دیموکراتیترە و زۆرترین جار رەخنەی قبووڵ کردووە. دەکرێ یەکێتی لە مەسەلەی پارێزگاری سلێمانیدا دەستپێشخەری بکات و بۆ دوو ساڵیش بێ ئامادە بێ دەسەڵات ئاڵوگۆڕ پێبکات. ئەگەر ئەمە نەکات یەکێتیش هیچ جیاوازییەکی نامێنێ لەگەڵ رکابەرە سەختەکەیدا.

ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بەوە تێکدەچێ کە رێز لە دەنگدەر نەگیرێ و بەهای پرۆسەی هەڵبژاردن سفر بکرێت.



دەیڤد رۆمانۆ

# سەرۆکێکی دژە ریسک

هەرچەندە کورد و شیعە و زۆرێکی دیکەی عێراقییەکان هەرگیز پەشیمان نین لە جەنگی داگیرکردنی ساڵی 2003ی عێراق، بەڵام زۆرینەی ئەمریکییەکان بەپێچەوانەوە لەو جەنگە پەشیمانن. لەتێڕوانینی ئەمریکییەکانەوە جۆرج بوشی کوڕ سەرۆکێکی هەڵەشە بوو، بڕێکی زۆر لە خوێن و سامانی وڵاتەکەی لە جەنگێکدا بەفیڕۆ دا کە لەسەر بنەمای درۆ بوو، جگە لەوەی ئامادەکاریی باشی بۆ نەکرابوو. لەکاتێکدا رووخانی رژێمی سەددام ئاسانتر بوو لەوەی کە زۆر کەس پێشبینییان دەکرد، بەڵام داگیرکردنی عێراق نرخێکی زۆری بۆ ئەمریکییەکان تێچوو لەبەرامبەر شتێکی زۆر بچووک.

ئەمریکییەکان بێزار و ماندوو بوون لە شەڕ، بۆیە ساڵی 2008 ئۆبامایان وەک سەرۆکی نوێی وڵاتەکەیان هەڵبژارد. هەڵبژاردنی ئۆباما لەسەر بنەمای بەڵێنەکانی بۆ تەرکیزخستنە سەرکاروباری ناوخۆ لەبری کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە، نابێت مایەی سەرسوڕمان بێت. دروشمەکەیان "بەڵێ دەتوانین" بە دڵنیاییەوە بۆ جێبەجێکردنی ریسکی نوێ نەبوو لە دەرەوەی ئەمریکا. هەروەها دەبێت جێی سەرسوڕمان نەبێت کە ئۆباما بەپێچەوانەی سەرۆکەکەی پێش خۆی دەرناکەوێ و ریسک ناکات لە سیاسەتی دەرەوەدا. چ کێشەی ئەتۆمی ئێران بێت، یان پێشڕەوییەکانی رووسیا لە ئۆکراینا تا شەڕی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و شەڕی ناوخۆی سووریا و هەرشتێکی دیکە، ئەم سەرۆکە نوێیە وا دەردەکەوێ وریایی بەلاوە پەسەند بێت و هیچ بەڵێنێک نەدات دەربارەی تێوەگلان لەکاری سەربازی.

وەک لە نووسینەکانی پێشوومدا گوتوومە، سەرهەڵدان و پێشڕەوییەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ئەمە زۆر بە روونی لە کاردانەوەکانی کۆشکی سپی نیشان دەدات. لەسەرەتادا، ئۆباما داعشی وەک کێشەیەک بۆ ناوچەکە نەبینی. کاتێک لە مانگی حوزەیراندا داعش مووسڵ و زۆر ناوچەی رۆژئاوای عێراقی کۆنترۆڵ کرد، ئەمریکییەکان بەهەمان شێوەی سوپای عێراق تووشی سەرسوڕمان هاتن. کاتێک هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان رووبەڕووی سەرسوڕمان و ئابڕووچوونی خۆیان بوونەوە لەسەر دەستی داعش لەسەرەتای مانگی ئابدا، دووبارە ئەمریکییەکان دوودڵ دەرکەوتن و دڵنیا نەبوون لەوەی چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکیان هەبێت لەبەرامبەر بارودۆخەکەدا. تەنها ئەوکاتەی دەرکەوت هەولێر لەژێر هەڕەشەدایە و بەدەیان هەزار هاووڵاتی ئێزدی بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە چیای شنگال گیریان خوارد، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دا شتێک لەوبارەیەوە بڵێ و هەڵوێستەیەک بکات.

ئەو هەڵوێستەی هەڵیبژارد هێرشی ئاسمانیی سنووردار بوو بۆ بەرگریکردن لە هاووڵاتیانی ئەمریکی لە عێراق و ئێزدیەکانی چیای شنگال. ئەمەش شانبەشانی بەڵێنەکانی لە نەناردنی هیچ سەربازێکی ئەمریکی بۆ ناو عێراق. ناردنی چەک و پێداویستی سەربازی بۆ کورد کە شەڕی داعشیان دەکرد لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لەپاش رەزامەندیی بەغدا و رێککەوتنی نهێنیی نێوانیان هات. لەسەرتاسەری مانگی ئاب، هەڵوێستی ئۆباما ئەوەبوو کە داعش کێشەیە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و گوتی "ئێمە سوپای عێراق نین و نابینە هێزی ئاسمانیی عێراقی". گوتیشی "من سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکام و دەبێت هەر لەکۆتاییدا عێراق خۆی ئاسایشی خۆی بپارێزێ". بەم دواییە سەرۆک ئۆباما دەربارەی رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی گوتی "نامەوێت عەرەبانەکە بخەمە پێش ئەسپەکەوە. هێشتا ستراتیژمان نییە".

بە واتایەکی دیکە، لەکاتێکدا ئۆباما دووبارە تواناکانی داعشی هەڵدەسەنگاندەوە و هەوڵی دۆزینەوەی ستراتیژێکی دەدا، بەردەوام بوو لە سیاسەتی وریایی و بەڵێننەدان و شتێکی بچووکی زیادکرد بۆ سیاسەتەکانی دەرەوە، ئەویش تەنیا ئەوکاتەی کە ناچار کرا بیکات. سیاسەتی وریایی ئەوەندە قووڵ دەردەکەوێ، تەنانەت نەک بڕیاری نەدا سوپا رەوانەی عێراق بکات، بەڵکو دانی بەوەشدا نا کە ستراتیژی نییە بۆ لەناوبردنی داعش.

بەڵام بۆچی دەیەوێت لە ململانێیەکەوە بگلێ کە سنوور لەسەر تواناکانی دابنێ، پاشان بە ئاشکرا دان بەوەدا بنێ کە هیچ پلانێکی نییە و نازانێ لەوبارەیەوە چی بکات؟ رەنگە پێویست نەکات ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر سەرباز رەوانەی عێراق یان سووریا بکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویست ناکات لەژێر هیچ بیانوویەکدا بە دوژمنەکانی بڵێت ئەوە ئەنجام نادات؟ ئایا دانپێدانانی ئاشکرا بە نەبوونی ستراتیژ دەتوانێ ورەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی جیهادییەکانی داعش بەرزبکاتەوە؟ چی دەبوو ئەگەر لەبری دەرکەوتن وەک دوودڵ و بێ ستراتیژ، ئۆباما هەڕەشەی لە داعش بکردایەو رایگەیاندبایە کە بەتەواوی و بێ سنوور و مەرج پاڵپشتی هاوپەیمانەکانی وەک کورد دەکات؟ لەهەمان کاتدا، دەیتوانی بەنهێنی بە کورد بڵێ کە دەبێت چی بکەن لەو ماوەیەدا بۆ وەرگرتنی هاوکاریی بێ سنووری ئەمریکا لەم شەڕەدا.

وریایی دیپلۆماسی و گۆڕانکاریی بچووک لە سیاسەتی دەرەوە مەحاڵ نییە هەموو کات وەڵامێکی دروست بێت بۆ هەموو ململانێیەک کە رووبەڕووی ولایەتە یەکگرتووەکان دەبێتەوە. ئەو سەرۆکانەی وا دەردەکەون کە وریایی بێ ئەندازە بەکاردێنن و لەدژی ریسکن، رەنگە هێندە یان زیاتری سەرۆکە هەڵەشەکان وڵاتەکەیان و بەرژەوەندییەکانی بخەنە مەترسییەوە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



کچانی کورد فێری نهێنیی میکیاژ دەکات
12 «

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

